# هەنگاو بە هەنگاو

# بەرگی سێهەم

Second Step, grade 3

Third edition

www.cfchildren.org

هەنگاو بە هەنگاو - بەرگی سێهەم

Second Step, grade 3

Third edition

©2002 Committee for Children, USA

www.cfchildren.org

تەرجەمەکردنی کۆمەک 2005 www.komak.nu

مشتومالّدانی زمان و ڕێنووس: مامۆستایانی فێرگەی برادۆست:
ئاسۆ عومەر خدر و عەبدولاّ عەبدولڕەحمان عەبدولاّ

## بەشی یەکەم

## ڕاهێنانی هاوسۆزی

## دەربارەی بەشی یەکەم

مەبەستی ئەم بەشە گەشەدانە بە توانای هاوسۆزی لای منداڵ. هاوسۆزی ڕیشاڵێکی سەرەکییە لە گەشەپێدانی ڕەفتاری جڤاکی و توانای چارەی کێشەی نێوان خەڵکدا. ئەو منداڵەی هەست دەرک دەکات مەیلی دڕیی کەمترە، باشتر جێی خۆی لە نێو خەڵکدا دەکاتەوە و توانای گشتیی جڤاکیی باشترە. منداڵێک توانای هاوسۆزیی بەرز بێت ئەم خاڵانەی پێ دەکرێت:

1- **دیاریکردنی هەست.** ئەمیان بریتییە لە:

- ناسینەوە و دیاریکردنی هەستی خۆ لە ڕێی سەرنجدانە نیشانە و سەرەداوی فیزیکی و دۆخەکی.
- ناسینەوە و دیاریکردنی هەستی بەرانبەر لە ڕێی سەرنجدانە سەرەداوی فیزیکی، زارەکی و دۆخەکی.
- جوداکردنەوەی هەستەکان لە یەکتر.

2- **وەرگرتنی ڕوانگەی بەرانبەر.** واتە: خۆخستنەجێی بەرانبەر. ئەمیان بریتییە لە:

- پەیبردن بەوەی دەشێت مرۆڤ بۆچوون و هەستی جیاوازیان هەبێت دەربارەی هەمان دۆخ.
- بتوانێت ڕوانگە و دیدی کەسی بەرانبەر دەرک بکات.

3- **وەڵامدانەوەی بەسۆزانەی بەرانبەر.** ئەمیان بریتییە لە:

- پێشاندانی هاوخەمی و پەرۆشی.

## خاڵی سەرەکی

### چەمکی زمانەکی

لەم بەشەی یەکەمدا ئەو چەمکانە دێنە بەرباس کە پەیوەستی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانەی وردن. زۆربەی وانەکان لەسەر بنەمای چەمکی زارەکیی وەها هەڵنراون کە یاریدەر بن بۆ دەربڕینی ئاڵۆزیی هەست.

### دیاریکردنی هەست

دیاریکردنی هەست، هەم لای خۆ و هەم لای بەرانبەر، بنەمای هاسۆزییە و کارئاسانی بۆ بەشەکانی داهاتوو دەکات. بێ پەیبردن بە هەستی بەرانبەر، هیچ هاندانێک لە ئارادا نامێنێت، نە بۆ چارەی کێشەی چڤاکی و نە بۆ جڵەوگرتنی تووڕەیی. نیشانە و سەرەداوی زارەکی، فیزیکی و دۆخەکی یارمەتیی منداڵ دەدەن هەست دیاری بکەن. لەم بەشەدا بابەتەکان پێک دێن لە ڕوانگەگرتنی بەرانبەر، سەرنجدانە وێکچووەکان و جیاوازییەکان، گەیاندنی هەستەکان، دەرککردنی هەستەکان و دەربڕینی پەرۆشی.

### وانەکانی بەشی یەکەم

1- **وانەی یەکەم:** دەربارەی ڕاهێنانی هاوسۆزی – سەرنجێکی گشتیی هونەرەکانی هاوسۆزی، بۆ نموونە: دیاریکردنی هەست، گرتنی ڕوانگەی بەرانبەر و بەرسڤدانەوەی بەسۆزانەی بەرانبەر.

2- **وانەی دووهەم:** هەستی ناکۆک – پەیبردن بەوەی خەڵک هەستی ناکۆکیان هەیە دەربارەی دۆخێک.

3- **وانەی سێهەم:** گوێگرتنی چالاکانە– دیاریکردن و پیادەکردنی هونەرگەلی بیستنی چالاکانە.

**4- وانەی چوارەم:** دەربڕینی پەرۆشی– پەرۆشی خۆت بۆ بەرانبەر پێشان بدە.

**5- وانەی پێنجەم:** سەلماندنی جوداوازی– تێگەیشتن لەوەی کە هەمان کات خەڵکی جودان دەشێت لێکیش بچن.

دەمی ئامادەکردنی وانەکان، کات تەرخان بکە بۆ خوێندنەوەی سیناریۆکانی ڕۆڵوازی تاکوو بتوانیت دۆخەکان لەگەڵ ئەزموونی فێرخوازەکان ساز بکەیت. گەر پێویست دەکات باسەکانی ڕۆڵوازیی نێو کارتەکان کۆپی بکە بۆ ئەوەی فێرخواز بەکاریان بهێنن.

## چەمکی زمانەکی

دانوستاندن دەربارەی هەستەکان ڕۆڵی گرنگی هەیە بۆ پێش خستنی هاوسۆزی و تواناکانی دیکەی پێویست بۆ چارەی کێشە (کتێبی Spivack and Shure، چاپی 1974). چەمکی زمانەکیی وانەکانی «هەنگاو بە هەنگاو» لە هەر وانەیەکی بەرنامەکەدا دەست نیشان کراون. دەشێت بەشێک لە وشەکان نوێ نەبن، بەڵام دوور نییە واتای تازەیان هەبێت. چەمکی زمانەکیی سەرەکی بریتین لە:

- پەیوەستەی «وێکچوو - جودا» یارمەتیی منداڵ دەدات هەست و خواستی بەرانبەر دەرک بکات، بۆ نموونە: «لاوکۆ لە ئاو دەترسێت. مەریەم مەلەی پێ خۆشە. ئەم دووانە بەرانبەر هەمان دیاردە هەستی جودایان هەیە.». لەوەش بترازێت، دەشێت هەمان منداڵ لە کاتی جیاوازدا ئارەزووی بابەتی جیاوازی هەبێت.
- پەیوەستەی «ئێستا - پاشان»، یارمەتی منداڵ دەدەن سروشتی گۆڕانکاریی سۆز دەرک بکەن، بۆ نموونە: «پێش ماڵگواستنەوە سامان هەستی بە دڵتەنگی دەکرد. پاش گواستنەوە شاد بوو». هەلومەرج، ڕسکان و زانینی زیاتر دەبنە هۆکاری گۆڕینی هەست و خواست.

- پەیوەستەی «ئەگەر– ئەوا» و «بۆچی- لەبەر ئەوە» دەکەینە هاندەرێک بۆ بیرکردنەوەی ئەنجامبەندانە، بۆ نموونە: «ئەگەر لێی بدەم، ئەوا دەگری» یاخود «کوڕەکە ئازاری پێ گەیشت لەبەر ئەوەی لێم دا».

**لیستەی چەمکەکانی بەشی یەکەم**

سەلماندن، ڕووداو، بیستنی چالاکانە، و، پێشان- پاشان، پەرۆشی، گۆڕان، سەرەداو، ناکۆک، سۆز، دەربڕینی پەرۆشی، ئەگەر- ئەوا، بەمەبەست، ڕێز، وێکچوو– جودا، وەکیەک - جودا، دۆخ، بۆچی– لەبەر ئەوە.

**سەرچاوە**

Spivack, G., and Shure, M. B. (1974). *Social Adjustment of Young Children: A Cognitive Approach to Real-Life Problems.* San Francisco: Jossey-Bass.

**گواستنەوەی زانیار**

مۆدێلی گواستنەوەی زانیار کە لە سێ بەش پێکهاتووە بەکاربهێنە بۆ یارمەتیدانی فێرخواز لە گشتاندنی تواناگەلی هاوسۆزیدا. بڕوانە **ڕێنامەی مامۆستا**.

«خەیاڵی ئەمڕۆ». لە دەستپێکی ڕۆژەکەدا، یارمەتی فێرخواز بدە بڕیار بدات کەی هونەری نوێ بەکار بهێنێت. بۆ نموونە، لێی بپرسە:

- کەی باشە هەمووومان هەمان کار بکەین؟ (دەمی وانەی ماتەماتیک).
- کەی باشە کاری جودا بکەین؟ (دەمی چالاکی).
- کەی هەست بە شادی بکەین، باشە؟ (دەمی پشوو، دەمی فراڤین).

«ڕاهێزانی ڕەفتار». لە ماوەی ڕۆژەکەدا، زۆر دەرفەتی سروشتی دێنە پێش بۆ بەهێزکردنی ڕەفتار. ئەمانەی خوارەوە نموونەن لە هاندانی فێرخواز بۆ بەکارهێنانی تواناگەلی هاوسۆزی:

- بە بۆچوونی ئێوە لانە هەست بە چی دەکات؟ بە چیدا دەزانێت لانە تووڕەیە؟ مۆڕە دەکات و قۆڵی لەیەک ئاڵاندووە. (دیاریکردنی هەست).
- خۆت بەتەنها کارەکەت تەواو کرد، ئێستا هەست بە چی دەکەیت؟ (گرێدانی هۆ و ئەنجام).
- ژوان هەستی بە خەمباری دەکرد. پاشان تۆ کتێبێکت دایە. دەبێت ئێستا هەستی چۆن بێت؟ (هەستگۆڕین).
- ئەگەر نەهێڵێت ڕەوەند بێتە ناو گەمەوە، هەست بە چی دەکات؟ (پێشبینیکردنی هەست).

**«یادی ئەمڕۆ»**. داوا لە فێرخواز بکە باس لەو دۆخانە بکەن کە هونەری دیاریکراویان تێدا بەکارهێناوە:

- کێ ئەمڕۆ هەستی بە خەمباری کردووە؟ بۆچی هەستتان بە خەمباری کرد؟
- کێ هەستی لەگەڵ گەورەساڵێکی جیاوەڕدا باس کردووە؟
- کێ ئەمڕۆ هەستی دەربارەی شتێک هاتە گۆڕین؟
- 

تێکبەستنی «گواستنەوەی زانیار» لەگەڵ کاری ڕۆژانەدا، یارمەتی فێرخواز دەدات هونەرەکانی خۆئارامکردنەوە، چارەی کێشە و ڕاهێنانی هونەری ڕەفتار لە ژیانی ڕۆژانەدا پیادە بکات.

## تێبینی دەربارەی پلەکانی گەشەسەندن

### پێناسە و بابەتی گرنگ

هاوسۆزی لە منداڵدا بریتییە لە چەندین توانای پەیوەندیداری وەک ناسینەوەی هەستی خۆ و هەستی بەرانبەر، تێگەیشتنی هۆکارەکانی هەست و هەروەها وەڵامدانەوەی هەستی بەرانبەر بە شێوەیەکی کارامە. بەهای فەرهەنگی کار دەکاتە سەر چۆنێتیی دەربڕینی هاوسۆزی، لەبەر ئەوە دەشێت گەشەکردنی تواناگەلی هاوسۆزی لە فەرهەنگێکەوە بۆ فەرهەنگێک جودا بێت.

لە سەرەتای خوێندنی سالآنی پلەی بنەڕەتیدا منداڵ دەتوانێت:

- هەستی خۆ و هەستی بەرانبەر دیاری بکات.
- هۆکارەکانی هەست تێبگات.
- جوداوازیی هەستی بەرانبەر لە هەستی خۆ دەرک بکات.
- دەرک بکات کە مرۆڤ لە یەک کاتدا زیاتر لە هەستێکی هەیە.
- دەرک بکات کە دەشێت کردار بەمەبەست بێت یاخود بێمەبەست بێت.

لەگەڵ ئەوەشدا، ئەم توانایانە هێشتا بنەڕەتین، بۆ نموونە لە کاتێکدا زۆربەی منداڵی پۆلی یەکەمی بنەڕەتی دەزانن کە دەشێت مرۆڤ لە یەک کاتدا هەستی جیاوازی هەبێت، کەچی کەمیان دەتوانن نموونەیەکی دیاریکراو باس بکەن.

لە پلەی بنەڕەتیدا:

- توانای هاوسۆزی لای منداڵ خێرا پەرە دەستێنێت.
- منداڵ دەتوانن ڕوانگە و دیدی کەسانی دیکە تێبگەن.
- هەتا دێ جیاوازییان لە بواری هاوسۆزیدا فرەوانتر دەبێت.

## گرنگیی ئەم بەشە

کزیی ئاستی هاوسۆزی دەبێتە مایەی زیادبوونی دڕیی فیزیکی، ناتەبایی، لاوازیی لە خوێندندا و بەگشتی لاوازیی گەشەکردنی جڤاکی و هەستەکی.

## چالاکیی دیکە

ئەم خاڵانە پێشنیازن بۆ تێکبەستنی بابەتەکانی بەشی یەکەم و بابەتی دیکە:




**1-** پارچەی گەورەی پەڕەی وێنەکێشان دابەش بکە و داوا لە فێرخواز بکە پەڕەکە دوو جار بە نیوەیی بنوشتێننەوە تاکوو چوار بەش دروست دەکەن. کارتێکی بەرنامەی «هەنگاو بە هەنگاو»، کە هەستێکی تایبەتی دەنوێنێت، پێشانی فێرخواز بدە. داوایان لێ بکە ئەو هەستە، بە شێوەکاری - واتە بە هێل و ڕەنگ - بکێشن. نابێت وێنەیەکی وەک فۆتۆی کارتەکە بکێشنەوە. ئەم پرۆسەیە لەگەڵ وێنە

کارتەکانی دیکە دووبارە بکەوە هەتا فێرخواز هەر چوار بەشی پەڕەکە پڕ دەکەنەوە. نابێت هیچ لە هێڵکارییەکان نیشانە بکرێت. پاشان داوا لە فێرخواز بکە وێنەکان لەگەڵ هاوبەشێکدا بگۆڕنەوە و هەوڵ بدەن بزانن هەر وێنەیەک وێنای کامە هەست دەکات. دەتوانیت پەرە بەم ئەم چالاکییە بدەیت و کاری هونەریی ناودار، کە وێنای هەستی جودا دەکات، پێشان بدەیت و داوا لە فێرخواز بکەیت ناوی هەستەکان بدۆزنەوە. (هونەر).

2- «گەڕیانەلیست» running list ـێک (لیستەیەکە دەگەڕێت لە نێو پۆلدا) بۆ هەست ساز بکە و پۆلەکە هان بدە تا ڕستەی زیادی بخەنە سەر، بۆ نموونە تۆ بنووسە «من هەست بەدڵگەرمی دەکەم کاتێک...». ئەوجا داوا لە فێرخواز بکە ڕستەکە بە نووسین تەواو بکەن و نیگاری ڕوونکەرەوەی بخەنە سەر. (هونەرگەلی زمانەکی، هونەر).

3- ئەم چالاکییە فێرخواز هان دەدات وێکچوون و جوداوازی لە نێو منداڵی هاوپۆلدا دیاری بکەن. سەرەتا، داوا لە فێرخواز بکە وەڵامی ئەم دەستەواژانە بدەنەوە. پاشان، داوایان لێ بکە ئەنجامەکانی پۆلەکە بە ڕێژە دەرببڕن (بۆ نموونە، 8/24 یاخود 1/3 ی فێرخواز بەستەنی پێ خۆشترە لە نەستەلە)

- ئەوەی بەستەنی هەناری لە لا خۆشە بچێتە لای ئەو دیوارەوە. ئەوەی بەستەنی نەستەلەی لە لا خۆشە بچێتە لای دیوارەکەی دیکە.
- ئەوەی وانەی ماتەماتیکی لەلا خۆشە بچێتە لای ئەو دیوارە. ئەوەی وانەی زمانی لەلا خۆشترە بچێتە لای دیوارەکەی دیکە.
- ئەوەی گەمەی نێو بەفری لەلا خۆشە بچێتە لای ئەو دیوارە. ئەوەی گەمەی نێو ئاوی لەلا خۆشترە بچێتە لای دیوارەکەی دیکە. (ماتەماتیک)

4- داوا لە فێرخواز بکە یاداشتێکی ڕۆژانە ڕابگرن کاتێک کەسایەتییەکی مێژوویی لە پۆلدا دەخوێندرێت، بۆ نموونە وەکوو ئەحمەدی خانی. (تۆژینەوەی جڤاکی، هونەرگەلی زمانەکی)

5- ئەم ڕاهێنانە بۆ دەرخستنی توانای سەرنجدانە. سەبەتەیەک پرتەقاڵ بهێنە نێو پۆل. پرتەقاڵەکان بەسەر بازنەیەکی 10-12 فێرخوازدا دابەش بکە. پاش ئەوەی هەر فێرخوازێک «ئاشنای» پرتەقاڵەکەی خۆی دەبێت، پرتەقاڵەکان بخەوە نێو سەبەتەکە. ئەم جارە دانە دانە پرتەقاڵەکان بگێڕە بە نێویاندا. ئەوەی پرتەقاڵەکەی خۆی ناسییەوە گلی بداتەوە، هەتا هەموویان پرتەقاڵی خۆیان دەدۆزنەوە. ئەوجا بپرسە:

- چۆن پرتەقاڵەکەت ناسییەوە؟
- ئایا پاش وردبوونە لە پرتەقاڵەکە مامەڵەت بەرانبەری گۆڕا؟ (سروشتناسی، بیری ورد)

6- پارچەیەک موزیکی سۆلۆ لێ بدە و باس لەوە بکەن ئایە دانەرەکە هەوڵی داوە چ هەستێک بگەیەنێت. (موزیک)

7- داوا لە فێرخواز بکە وازیی «وشەوازی» بکەن. بە جووتێک فێرخوازی دڵخواز دەست پێ بکە. وشەیەکی هەست، وەک «دڵەڕاوکێ»، بە گوێی فێرخوازێکیاندا بچرپێنە. داوا لەو فێرخوازە بکە نیشانە و سەرەداو پیشان بدات، فێرخوازی بەرانبەر هەوڵ دەدات وشەکە هەڵبێنێت. بۆ نموونە، دەشێت فێرخوازەکە بڵێت، «هەستی نیگەرانی». لە جیاتی ئەوەش، داوا لە فێرخواز بکە تەنها سەرەداوی ڕوخسارەکی و فیزیکی لەجیاتی وشە بەکار بهێنن بۆ گەیاندنی هەستەکە. (هونەرگەلی زمانەکی، بیری ورد)

8- فێرخواز بکە بە گرووپی دوو کەسی. داوا لە یەکێکیان بکە وا خۆی بنوێنێت ڕۆڵی کەسایەتییەکی مێژوویی وازی بکات کە لە پۆلدا خوێندراوە. داوا لەوەی دیکە بکە بە بەکارهێنانی هونەرگەلی بیستنی چالاکانە دیدارێک لەگەڵ ئەو کەسایەتییەدا ساز بکات. (تۆژینەوەی جڤاکی، دراما)

9- به دەنگی بەرز چیرۆکێکی خەیاڵکردی ناسراو بخوێنەوە، بۆ نموونە «شیرین و فەرهاد». داوا لە فێرخواز بکە چیرۆکەکە لە ڕوانگەی کاراکتەرە گەورەکانەوە بنووسنەوە یاخود نمایش بکەن. (هونەرگەلی زمانەکی، دراما)

10-کاراکتەری زنجیرەیەکی گاڵتەوگەپ هەڵبژێرە کە زۆربەی جار تووڕەیە. داوا لە فێرخواز بکە سەرنج بدەنە ئەوەی کاراکتەرەکە چۆن جڵەوی تووڕەیی خۆی دەگرێت. ئەوجا داوایان لێ بکە زنجیرە گاڵتەوگەپەکە نمایش بکەنەوە کە کاراکتەرەکە چارەی تووڕەییەکەی دەکات بە بەکارهێنانی هونەرگەلی پرۆگرامی «هەنگاو بە هەنگاو». (هونەر، هونەرگەلی زمانەکی)

11-داوا لە فێرخواز بکە نمایشێکی بووکەڵە ساز بکەن کە لەسەر وانەیەکی پەسەندی پرۆگرامی «هەنگاو بە هەنگاو» هەڵنرابێت. (هونەر، هونەرگەلی زمانەکی)

بۆ زانیاریی زیاتر و گۆڕینەوەی بیروڕا، سەردانی بەشی مامۆستایان بکە لە سایتی کۆمەڵەکەماندا www.cfchildren.org

**کتێب**

گەر کتێبی کوردیی گونجاوت بۆ ئەم بابەتە دەست کەوت ئاگادارمان بکە بۆ ئەوەی کەسانی دیکەش لێی سوودمەند بن.

## بەشی یەکەم – ڕاهێنانی هاوسۆزی

### وانەی یەکەم: دەربارەی ڕاهێنانی هاوسۆزی

وانەی ڤیدیۆدار

## چەمک

هاوسۆزی پێویستی بە دیاریکردنی هەستی کەسی بەرانبەر هەیە.

ڕوانگەگرتن بریتییە لە پەیبردن بەوەی دەشێت مرۆڤی جیاواز، دیدی جیاوازی بەرانبەر هەمان دۆخ هەبێت.

**چەمکی زمانەکی: سۆز، سەرەداو، دۆخ، وێکچوو - جودا، ئەگەر- ئەوا، پێشان-پاشان، گۆڕان، بەمەبەست، ڕووداو.**

## ئامانج

فێرخواز:

- بتوانن هەستی جۆراوجۆر بناسنەوە.
- بزانن کە بەرانبەر هەستی جودایان هەیە.
- ئەوە دیاری بکەن کە هەست دێتە گۆڕین.
- پێشبینیی هەستی بەرانبەر بکەن.
- پەی بەرن بەوەی مرۆڤ پێویستی بە زانیاری زیاتر هەیە بەر لەوەی بڕیار لەسەر مەبەستی کەسی بەرانبەر بدات.

## پێداویستی

- کاسێتی ڤیدیۆی پۆلی سێی پرۆگرامی «هەنگاو بە هەنگاو»: «دەمی فراڤین».
- تەلەڤزیۆن و ئامێری ڤیدیۆژەن.

- نامەیەک بۆ ماڵەوە، ژمارە 1، دەروازەیەک ڕووەو «هەنگاو بە هەنگاو»: دەربارەی ڕێبەستن لە توندوتیژی.

**ئامۆژگاری بۆ مامۆستا**

هاوبەشی فێرخواز بەکاربهێنە بۆ پێداچوونەوە یاخود گەشەپێدانی ڕێساگەلی گفتوگۆی نێو پۆل.

ئەم وانەیە پێداچوونەوەی هاوسۆزییە، کە بناغەی پرۆگرامەکەیە. فێرخواز فێر دەبن بەدوی سەرەداوی هەستی بەرانبەر بگەڕێن، هەوڵ دەدەن مەبەستی بەرانبەر دیاری بکەن، بە دوی وێکچوون و جیاوازییەکانی هەستی بەرانبەردا دەگەڕێن و سەرنج دەدەنە هەستگۆڕین. هانی منداڵ بدە گۆڕانی هەستی خودی خۆیان دەرک بکەن بۆ ئەوەی تێبگەن کە هەستی ناخۆشی هەمیشەیی نییە.

پێشتر تەماشای کاسێتی ڤیدیۆکە بکە، پاشان هەڵی بکەوە سەرەتا.

لەبەر درێژیی ئەم وانەیە، دەتوانن بە دوو دانیشتن پێشکەشی بکەن، بەڵام دوو ڕۆژیان پتر نێوان نەبێت.

**چیرۆک و گفتوگۆ**

ئەمساڵ پرۆگرامی «هەنگاو بە هەنگاو» بەکار دەهێنین. گشت وانەیەک بریتییە لە فۆتۆ و داستانێک دەربارەی ئەو فۆتۆیە. سەیری وێنەکە دەکەین، داستانەکە باس دەکەین و پاشان بە ڕۆڵوازی و چالاکیی دیکە باسەکە پیادە دەکەین. ئەم هونەرانەی فێریان دەبین یارمەتیمان دەدەن لەگەڵ خەڵک باشتر هەڵبکەین و جێگەی خۆمان لە کۆمەڵگەدا بکەینەوە.

له وانەکانی پرۆگرامی «هەنگاو بە هەنگاو» دا:

- ئاشنای هەستی خۆمان و هەستی بەرانبەر دەبین.
- فێر دەبین چۆن گەر کێشەمان لەگەڵ بەرانبەر بوو، چارەی بکەین.
- فێر دەبین چۆن تووڕەبوونی خۆمان چارە بکەین.

ئەمڕۆ، باس لە هەستی کەسی بەرانبەر دەکەین. خۆمان دەکەینە دۆزکار (کەسێکی خەریکی دۆزینەوەی باس و بابەت بێت) و بە شوێن نیشانە و سەرەداودا دەگەڕێن. سەرنج دەدەینە ڕوخسار و لەشی بەرانبەر. سەرنج دەدەینە بارودۆخ، چی ڕوو دەدات.

فیلمەکە پێشان بدە. پشوویەک بۆ گفتوگۆ و ڕا دەربڕین. فۆتۆی «جوانە» پێشان بدە.



1- دەستی جوانە پیس بووە، پێت وایە هەست بە چی دەکات؟ (خەمبارە. شەرمەزارە. پەستە. تووڕەیە.) سەرەداوەکان چین؟ (دەمی ڕووەو خوارەوەیە. لێوەکانی دەرپەڕیون. چاوەکانی ڕوو لە لایەکە.) لە ڕوخساریدا دیارە خەمبارە. دۆخەکەش دیارە.

2- لە ڕاستیدا، جوانە چەند هەستێکی تێدا پەیدا بوو دەمی کارزان خۆی پێدا کێشا. سەرباری خەمباری، جوانە چ هەستێک کی دیکەی هەبوو؟ (سەرسوڕماو، هەراسان، تووڕە.) دەشێت مرۆڤ لە یەک کاتدا چەندین هەستی هەبێت.

3- مینا هەست بە چی دەکات؟ (نیگەرانە.) کام سەرەداو ئەمە پێشان دەدات؟ (چاوەکانی کەمێک داخراون. لێوەکانی دەگەزێت. لە جوانە دەڕوانێت. تۆنی دەنگی بە پەرۆشە.) نیگایەکی نیگەرانەمان لەسەر ڕوخساری مینا بەدی کرد. گوێمان لێی بوو ئاوازێکی دەنگی بە پەرۆشی بەکار هێنا دەمی بە «جوانە» ی گوت، «ئایا سەلامەتیت؟»

4- بەمۆ هەست بە چی دەکات؟ (شادە.) چۆن دەزانیت؟ (لەوە دەچێت پێ بکەنێت.) ڕوخساری بەمۆ شادی پێشان دەدات. دیتمان لەگەڵ کارزاندا کاتیان بەسەر دەبرد و گوێمان لێی بوو پێدەکەنی.

کەواتە هەموو کەس دەربارەی پەرشبوونی شیرەچۆکلادەکە یەک هەست نین. هەستی جوانە جیاوازە لە هی بەمۆ. جوانە هەست بە خەمباری دەکات و بەمۆ هەست بە شادی. مرۆڤی جیاواز دەربارەی هەمان دیاردە هەستی جیاوازیان هەیە.

5- کاتێک کارزان خۆی بە جوانەدا کێشا و شیرەچۆکلادەکەی بە دەوروبەردا بڵاو بۆوە، هەستی بە چی کرد؟ (بە شادمانی.) سەرەتا، کارزان شاد بوو، پێی وابوو کارەکە شۆخی (گاڵتە) بوو.

6- ئێستا کارزان چی پێ دەکرێت؟ (هەر پێ بکەنێت. یارمەتی جوانە بدات. جوانە فەرامۆش بکات. داوای لێبووردن بکات.)

**7**- ئەگەر کارزان هەر پێ بکەنێت، جوانە هەستی بە چی دەکات؟ (شەرمەزار، پەست.) ئەگەر کارزان یارمەتی بدات لە خاوێنکردنەوەدا، جوانە هەست بە چی دەکات؟ (سوپاسگوزار، شاد.) ڕەفتاری کارزان کار لە هەستی جوانە دەکات. ئەوەی مرۆڤ دەیکات کار لە هەستی بەرانبەر دەکات. ئادەی با پێکەوە تەماشای کارزان بکەین داخۆ بڕیاری چی دەدات.

کاسێتی ڤیدیۆ کلیپەکەی دیکە پێشان بدە، پشوویەک بۆ گفتوگۆ و ڕا دەربڕین.

فۆتۆی دووهەم پێشان بدە.

**8**- کارزان کاتێک ڕای کرد کلێنێکس بهێنێت، هەستی بە چی کرد؟ (پەرۆشدار بوو، یاریدەر بوو.) چۆن دەزانیت؟ (یارمەتی جوانەی دا لە خاوێنکردنەوەدا. پۆزشی هێنایەوە.) کارزان یەکەمجار خۆی بە جوانەدا کێشا هەستی بە دڵخۆشی کرد. پاشان ڕوخساری ئەوی بینی، هەستی بە پەرۆشیی کرد.

**9**- ئێستا جوانە هەست بە چی دەکات؟ (ئارامە، شادە.) چۆن دەزانیت؟ (ئەو پێدەکەنێت.) زووتر جوانە پەست بوو. پاش ئەوەی کارزان پۆزشی هێنایەوە و یارمەتی دا، هەستی بە ئارامی کرد.

**10**-چ شتێک بووە هۆی گۆڕینی هەستی جوانە؟ (کارزان پۆزشی هێنایەوە و یارمەتی دا لە خاوێنکردنەوەدا. زانی کە ڕووداوەکە بێمەبەست بوو.)

دەمی خەمباری و تووڕەیی زۆر باشە مرۆڤ بزانێت کە ئەو هەستە دێتە گۆڕین، هەتا سەر وەها نامێنێت.

**11**-پێت وایە کارزان بەمەبەست شیرەکەی ڕشت؟ (نەخێر.) پاش ئەوەی خۆی کێشا بە جوانەدا، مینا چی گوت دەربارەی کارزان؟ («تەماشا کە! کارزان ڕا دەکات. باوەڕ ناکەم کە ڕا دەکات!») مینا بازی بۆ ئەو دەرئەنجامە دا کە کارزان بەمەبەست ئەو کارەی کردووە. بەبێ ئەوەی دڵنیا بێت، بڕیاری دا کازران بەمەبەست ئەوەی کردووە. پاشان کە زیاتری زانی دەربارەی ڕووداوەکە، مینا دەرکی کرد کە کارزان بەمەبەست ئەو کارەی نەکردووە.

**12**-ئایا کارزان مەبەستی بوو شیرەکەی جوانە بە هەموو لایەکدا بڕژێت؟ (نەخێر.) ڕژانی شیرەکە «ڕووداو» بوو.

**ڕۆڵوازی**

دۆخێک بە گوێی یەکێکتاندا دەچرپێنم و ئێوەش نمایشی دەکەن. چۆنێتی هەستکردنتان بۆ دۆخەکە هەڵدەهێنین. هەروەها دەبێت بڕیاریش بدەین ئاخۆ هەمان هەستت هەیە لە کۆتایی چیرۆکەکەدا کە لە سەرەتادا هەتبووە. پێویستیت بە بەکارهێنانی وشە، ڕوخسار و لەش دەبێت تاکوو پێشانی پۆلەکەی بدەن چۆن هەست دەکەن، بەڵام ناتوانن خودی وشەگەلی هەست بڵێن. سەرەتا من ڕۆڵوازییەکە دەکەم.

پێشانی فێرخوازی بدە. وا خۆت دەربخە کە لە پێشبڕکێی ڕاکردندایت. سەرەتا بچۆ بۆ دواوە و پێشەوە، بە نیگەرانیەوە خۆت بکشێنە، سەیری دەوروبەرت بکە، نینۆکت بگەزە و بڵێ: ئۆوا! خەڵکی زۆر لێرەن. خۆزگە پێشبڕکێکە دەستی پێ دەکرد. پێشبڕکێکە دەست پێدەکات. لە شوێنی خۆت بەرز بەوە، پاشان هێڵی کۆتایی تێپەڕێنە و دەستەکانت بۆ سەرەوە بەرز بکەوە. بە خەندەیەکەوە بڵێ: چاکە! خۆش بوو!

له سەرەتاوە هەستم بە چی کرد؟ (نیگەران، خەفەتبار، پەشێو.) لە کۆتادا هەستم بە چی کرد؟ (دڵگەرم، نازۆ، شاد.) ئایا هەستم گۆڕا؟ (ئەریَ.)

ئەوجا سەرەی فێرخوازە. کاتیان بدەیە تاکوو خۆیان ئامادە بکەن. بیریان بخەوە کە دەکرێت چیرۆکەکەیان گۆڕانی هەستی تێدا بێت. لەم لیستەی خوارەوە دۆخی لەبار هەڵبژێرن یان خۆتان پێشنیازی دیکە داڕێژن.

## هەستت بە چی دەکرد ئەگەر:

- میوەیەکی نوێت بخواردایە؟
- برایەک یاخود خوشکێکت لە دایک بایە؟
- لە ماڵی هاوڕێیەکدا شەوت بەسەر ببردایە؟
- لە کلینیکی دکتۆردا دەرزیت لیَ بدرایە؟
- بچوویتایە بۆ فیلمێکی ترسناک؟
- هەر تۆ ماویت لە فێرگە و چاوەڕێیت بێن بەدواتدا؟
- یەکەم ڕۆژی خوێندنە لە پۆلی سیَ؟
- زۆر بەرز بەسەر دارێکدا هەڵگەڕاویت؟
- فێربوویتایە چۆن یاری باسکە بکەیت؟
- لە گەمەی کاتی پشوودا، لە سەرت نەکەن؟

## ئەنجامگیری

لەم وانەیەدا گفتوگۆمان دەربارەی چۆنێتی دیاریکردنی هەست و سۆزی بەرانبەر کرد ئەویش لە ڕێی گەڕان بە دوای سەرەداو لە ڕوخسار و لەشدا، لە وشە و لە دۆخدا.

هەروەها دەربارەی ئەوەش دواین کە خەڵک هەستی جودای هەیە بەرانبەر هەمان دۆخ. باس لەوەش کرا کە هەستی خەڵک دەگۆڕێت.

**بۆ ماڵەوە:** نامەیەک بۆ ماڵەوە، ژمارە 1، دەروازەیەک ڕووەو «هەنگاو بە هەنگاو»: دەربارەی ڕێبەستن لە توندوتیژی.

**گواستنەوەی زانیار**

دەمی چالاکی ڕۆژانە، هانی فێرخواز بدە چۆنێتی دەرککردنی هەستیان و چۆنێتی پێشبینیکردنی دەرککردنی هەستی بەرانبەر دیاری بکەن لە دەرئەنجامی کرداری دیاریکراودا.

فێرخواز پاداشت بکە دەمی گۆڕانی هەست پێشان دەدەن، بۆ نموونە: «لەیلان، پێشان تۆ نیگەران بوویت دەربارەی چوونە سەر تەختەی شانۆ. ئێستا دڵگەرم دیاریت».

لیستێکی وشەگەلی هەست لەسەر کاخەزی پۆستەر لە پۆلدا ساز بکە و هەستە نوێیەکانی فێرخوازی بخە سەر.

**یادی ڕۆژ:** داوا لە فێرخواز بکە ئەو کاتانە بهێنەوە یاد کە هەستی تایبەتیان دەرک کردووە.

## بەشی یەکەم – ڕاهێنانی هاوسۆزی

## وانەی دووهەم: هەستی ناکۆک

## چەمک

دەشێت خەڵک دەربارەی هەمان دۆخ هەستی ناکۆکیان هەبێت.

**چەمکی زمانەکی: بۆچی - چونکە، هەروەها، ناکۆک.**

## ئامانج

فێرخواز:

- بتوانن دوو هەستی ناکۆکی کەسی بەرانبەر دیاری بکەن.
- بتوانن هۆکاری گونجاو بۆ هەستی ناکۆکی کەسی بەرانبەر دیاری بکەن.

## پێداویستی

- نامەیەک بۆ ماڵەوە، ژمارە 2، بەشی یەکەمی ئەم بەرگە.

## ئامۆژگاری بۆ مامۆستا

لە کێشەی نێوان خەڵکدا، چەند هەستێک پەیدا دەبن. منداڵی تەمەن 8 - 9 ساڵان، پەی دەبەن بەوەی دەشێت مرۆڤ هەستی وێکچووی هەبێت دەربارەی دوو بابەتی تەواو جودا، بۆ نموونە: «**دڵتەنگم** چونکە کتێبەکەم ون بووە و **پەستیشم** چونکە دایکم لۆمەی کردم».

زۆر منداڵ تێناگەن چۆن دەشێت مرۆڤ هاوکات هەستی ناکۆکی هەبێت، وەکوو شادی و خەمگینی، بۆ نموونە: «**دڵتەنگم** بەوەی دەگوێزمەوە چونکە لە هەڤاڵەکانم دوور دەکەومەوە، بەڵام **شادیشم** بەوەی دەگوێزمەوە چونکە لە خزمەکانم نزیکتر دەبمەوە». ئەم دەرکە لە تەمەنی 9 – 11 ساڵاندا گەشە دەکات.

## چیرۆک و گفتوگۆ

له وانەی ئەمرۆدا، فێر دەبین چۆن دوو هەستی جودای کەسێک دەربارەی یەک دۆخ، دیاری بکەین.

فۆتۆکه پێشان بده. ئەمه «جوامێر» ە. ئەمرۆ رۆژێکی تایبەته. «مەریوان» ی براگەورەی «جوامێر»، له خزمەتی سەربازی دەگەڕێتەوه ماڵەوه. «جوامێر» له چاوەڕوانیدا ئارامیی لێ براوه. له پەنجەرەکەوه به پەرۆشییەوه دەڕوانێته دەرەوه. «مەریوان» پەیمانی به «جوامێر» داوه قەڵایەکی لەسەر درەختی باخچەی پشتەوه بۆ دروست بکات. «جوامێر» هەرگیز بەسەر درەختدا سەرنەکەوتووه و گەمەی پله و ستوونی فێرگەشی پێ خۆش نییه.



1- جوامێر، دەربارەی هاتنەوەی مەریوان بۆ ماڵەوه، هەست به چی دەکات؟ (شاده، دڵگەرمه.) بۆچی؟ (چونکه براکەی خۆش دەوێت و بیریشی دەکات.)

2- پێت وایە جوامێر هەست بە چی دەکات دەربارەی قەڵا دارەکە؟ (نیگەرانە، دەترسێت.) بۆچی؟ (چونکە لە بەرزایی دەترسێت.)

ئادەی با پێکەوە ئەو دوو هەستەی جوامێر بخەینە ڕستەوە. جوامێر هەست بە - - - - - - - - - - دەکات چونکە - - - - - - - - - و هەروەها هەست بە - - - - - - - دەکات چونکە - - - - - - - - . جوامێر هەستی «ناکۆک» ی هەیە.

3- پێتان وایە هەرگیز ڕووی دابێت مەریوانی برای جوامێر لە شتێکی وەکوو دارەوانی ترسا بێت؟ (دەشێت ترسا بێت.) جوامێر چۆن ئاشکرای بکات؟ (لێی بپرسێت.)

4- چ کات و شوێنێک باشە بۆ جوامێر تاکوو چۆنێتی هەستی خۆی بۆ مەریوان ئاشکرا کات؟ (لە کاتێکی هێمندا کە مەریوان خەریکی کەسی دیکە نەبێت.)

پێشانی فێرخوازی بدە. ڕۆڵی جوامێر وازی بکە کە هەستی خۆی بۆ مەریوان ڕوون دەکاتەوە: بەڕاستی شادم بە گەڕانەوەت، بەڵام من لە دارەوانی دەترسم. پێشتر بەسەر داردا سەرنەکەوتووم.

5- مەریوان چۆنی پێشان بدات کە هەستی جوامێر دەرک دەکات؟ (باسی ئەو کاتەی بۆ بکات کە ئەویش هەمان هەستی هەبووە.)

6- مەریوان چی بکات باشە تاکوو یارمەتی جوامێر بدات لە ترسی دارەوانی دەرباز بێت؟ (لەگەڵیدا سەربکەوێت. قەڵاکە نزمتر لە دارەکەدا دروست بکات.)

## چالاکی

من چوار چیرۆکتان بۆ دەگێڕمەوە. لە هەر چیرۆکێکدا، منداڵەکە دوو هەستی جودای هەیە. خۆت بخە جێی کەسی چیرۆکەکە، هەستی وی ڕوون بکەوە.

- کوێستان حەزی لە ئامادەبوونی وانەکانی مەلەوانییە. ئەمڕۆ وانەکەی بریتی دەبێت لە خۆهەڵدانە ناو ئاو بۆ یەکەمجار لەسەر بۆردی بازدانەوە. کوێستان نایەوێت باز بدات. هەست بە چی دەکات؟ (دڵگەرمە بۆ وانەکانی و دەترسێت لە خۆهەڵدان لە بۆردەکەوە.) ئایا تۆ هەمان هەستت دەبوو؟
- جوانڕۆ سەردانی مامی و ئامۆزاکانی دەکات. ئێستا کاتی گەڕانەوەیەتی بۆ ماڵەوە. کاتێکی خۆشی ڕابوارد و خۆزگە دەخوازێت زیاتر بمایاتەوە. لەگەڵ پێچانەوەی جانتاکەیدا، جوانڕۆ بیر لە چوونە ماڵەوە دەکاتەوە و بەئاستەم چاوەڕێی گەڕانەوەیە. هەست بە چی دەکات؟ (خەمبارە دەربارەی تەواوبوونی گەشتەکە و دڵگەرمە بۆ چوونە ماڵەوە.) ئایا هەمان هەستت دەبوو؟
- کاشان بانگهێشت کراوە بۆ ئاهەنگی خزمەکەی. ئەو حەزی لە ئاهەنگە، بەڵام دەزانێت کە هیچ کەس لە هەڤاڵەکانی خزمەکەی ناناسێت. هەست بە چی دەکات. (دڵگەرمە دەربارەی ئاهەنگەکە و نیگەرانە دەربارەی بینینی منداڵی دیکە.) ئایا هەمان هەستت دەبوو؟
- جوانڕۆ و کاردۆ لە پێشبڕکێی سێپێیی پێکەوە بەستراون. لە پێش هەمووانن هەتا لەناکاو دەکەون و پاژنەیان دەڕوشێت. هەڵدەستنەوە. لەگەڵ شادبوونی هەمووان، دەبنە یەکەمی پێشبڕکێیەکە. هەست بە چی دەکەن؟ (شانازی دەکەن کە پێشبڕکێیەکەیان بردەوە و هەراسانن لە کەوتنەکەیان.) ئایا هەمان هەستت دەبوو؟

بیر لەو کاتانە بکەنەوە کە هەمان کات دوو هەستت دەرک کردووە. کەس حەز دەکات باسی کاتێک بکات کە شتێکی وای بەسەر هاتبێت؟

## ئەنجامگیری

لە وانەی ئەمڕۆدا، فێربووین کە دەشێت لە هەمان کاتدا دوو هەستی جودا دەرک بکەین دەربارەی هەمان دۆخ، بۆ نموونە: جوامێر هەم دڵگەرم بوو دەربارەی گەڕانەوەی براکەی و هەم نیگەرانیش بوو دەربارەی سەرکەوتن بەسەر داردا.

## بۆماڵەوە

نامەیەک بۆ ماڵەوە، ژمارە2، بەشی یەکەمی بەرنامەی «هەنگاو بە هەنگاو».

## گواستنەوەی زانیار

ئەگەر منداڵ دەرکەوتن شڵەژاو بن دەربارەی دۆخێک، یارمەتیان بدە هەستیان دیاری بکەن و بیریان بخەوە کە دەشێت هاوکات زیاتر لە هەستێکیان هەبێت.

**یادی ڕۆژ:** داوا لە فێرخواز بکە باسی ئەو دەمە بکەن کە هاوکات زیاتر لە هەستێکیان هەبووە.

## چالاکی دیکە

داوا لە فێرخواز بکە دەربارەی ئەو کاتە بنووسن کە دوو هەستی ناکۆکیان دەرک کردووە.

## ەشی یەکەم – ڕاهێنانی هاوسۆزی

## وانەی سێهەم: گوێڕادێرانی چالاکانە

## چەمک

- گوێڕادێرانی چالاکانە بریتییە لە سەرنجدانە کەسی ئاخێوەر و گوتەکانی.
- گوێڕادێرانی چالاکانە هەستیاریی بۆ بەرانبەر چڕ دەکاتەوە.
- گوێڕادێرانی چالاکانە لە فەرهەنگێکەوە بۆ فەرهەنگێک دەگۆڕێت.

## چەمکی زمانەکی: گوێڕادێرانی چالاکانە، ڕێز.

## ئامانج

فێرخواز:

- بتوانن هونەری فیزیکی و زارەکیی گوێڕادێرانی چالاکانە بخەنە ڕوو.
- بتوانن سەرەداوی گوێڕادێرانی ناچالاکانە بدۆزنەوە.
- بتوانن گوتەی بەرانبەر وتەیەکی کورت دابڕێژنەوە.

## ئامۆژگاری بۆ مامۆستا

زۆربەی منداڵ کزن لە هونەری گوێڕادێرانی چالاکانەدا. هەیە لەبەر سەرنج نەدان، هەست و مەبەستی بەرانبەر ون دەکەن. هەیە گرنگی بە گوتەی خۆی دەدات لە بری گوێدانە بەرانبەر.

منداڵ هان بدەن چاوەڕێ بن تا بەرانبەر گوتەی خۆی تەواو دەکات. نیگاگیری بەشێکی گرنگی گوێڕادێرانی چالاکانەیە. لەگەڵ ئەوەشدا، فەرهەنگ هەیە نیگاگیری لا پەسەند نییە، بۆیە لەم وانەیەدا لە بری نیگاگیری دەستەواژەی «ڕوو لە ئاخێوەر بکە» بەکار دەبەین. دیسان گرنگە مانای نیگاگیری بۆ فێرخواز ڕوون بکەیتەوە، بۆ نموونە

بپرسە: «چۆن ڕێز لە ئاخێوەرێکی خێزانەکەت دەگریت؟» هەردەم ئامادە بە شێوازی هەمەڕەنگی گوێڕادێرانی چالاکانە ڕوون بکەیتەوە.

## چیرۆک و گفتوگۆ

لە وانەی ئەمڕۆدا، فێر دەبین چۆن بەشێوەیەکی باشتر گوێ لە بەرانبەر بگرین.

فۆتۆکە پێشان بدە. ئەمە «تەنیا» و ئەمەش «یادگار» ە. تەنیا لە فێرگە کێشەی هەیە و بۆ یادگاری باس دەکات.

1- چۆ دەزانیت کەسی بەرانبەر گوێڕادێری تۆیە؟ (ئەو لێت دەڕوانێت، سەر دەلەقێنێت، وا دەردەکەوێت لە مەبەستت تێدەگات.) ئەمە ناو دەنێین «گوێڕادێرانی چالاکانە».

2- ئایا بە بۆچوونی ئێوە یادگار گوێڕادێری تەنیایە؟ (ئەرێ.) چۆن دەزانیت؟ (سەیری تەنیا. هیچ شتێکی دیکە ناکات.)



خێزان هەیە کاتی ئاخافتن، سەیری چاوی یەکدی ناکەن، شێوازی دیکەیان بۆ ڕێز دەربڕین هەیە.

3- لە خێزانی تۆدا گوێڕادێران چۆن پێشان دەدرێت؟ (سەریان دەلەقێنن. تێگەیشتنی خۆیان ڕوون دەکەنەوە. پرسیار دەکەن.)

4- تەنیا، کاتێک دەبینێت یادگار گوێی لێ دەگرێت، هەست بە چی دەکات؟ (شادە بەوەی یادگار پەرۆشداریەتی.)

5- گەر یادگار گوێڕادێری تەنیا نەبا، چی دەکرد؟ (دەکرا تەماشای لایەکی دیکەی کردبا. دەشیا پەست بایە. دەشیا بابەتەکەی بگۆڕیایە.)

6- تەنیا هەستی بە چی دەکرد گەر یادگار گوێڕادێر نەبا؟ (دڵشکان، خەمبار.)

7- بە بۆچوونی تۆ، بۆچی گرنگە پێشانی بەرانبەری بدەیت کە تۆ گوێڕادێریت**؟** (بەرانبەر هەست دەکات بایەخی هەیە. باشتر تۆی خۆش دەوێت گەر هەست بە پەرۆشیی تۆ بکات. لە گوتەکانی بەرانبەر دەگەیت.)

جار هەیە سەختە بە وردی گوێڕادێری بەرانبەر بیت، بۆ نموونە کەسی بەرانبەر درێژدادڕە، باس لە بابەتێکی دەکات لای تۆ گرنگ نییە.

8- گریمان گفتوگۆیەکی سەختە و تۆ دەبێت بەشدار بیت، چی دەکەیت بۆ ڕاگرتنی سەرنج؟ (ئەوەی سەرنجت تێک دەدات وێڵی بکە. جێیەکی هێمنتر هەڵبژێرە.)

**ڕۆڵوازی**

ئێستا دوو دوو گەمەیەکی **گوێڕادێران** دەکەین. فێرخوازێک بۆ ماوەی یەک خولەک دەدوێت لە کاتێکدا فێرخوازەکەی دیکە بە بەکارهێنانی گوێ و چاو چالاکانە گوێڕادێر دەبێت. پاش ئەوەی فێرخوازی ئاخێوەر وچانێک دەگرێت، فێرخوازی بیسەر گوتەی

ئاخێوەرەکە بە چەند وشەیەک کورت دەکاتەوە. سەرەتا من گوێڕادێرانی چالاکانە پیشان دەدەم. فێرخوازێکی دڵخواز هەڵبژێرە.

پێشانی فێرخوازی بدە. دەمی فێرخوازە دڵخوازەکە قسە دەکات دەربارەی ئەوەی لە کاتی پشوودا ئەنجامی دەدات و بۆچی ئەنجامی دەدات، تۆ چالاکانە گوێڕادێرە بە. قسەکانی کورت بکەوە و بڵێ: **لە کاتی پشوودا، حەز دەکەیت** - - - - - - - - - **بکەیت چونکە** - - - - - - - - - .

پاش ڕۆڵوازییەکە بپرسە: من، بۆ پێشاندانی گوێڕادێرانی چالاکانە، چیم کرد؟ پاشان لە فێرخوازە دڵخوازەکە بپرسە: هەستت بە چی کرد کە گوێت لێت دەگیرێت؟

ئەوجا سەرەی فێرخوازە. داوا لە هەر دوو فێرخوازێک بکە دەربارەی یەکێک لەم بابەتانە قسە بکەن و گوێڕادێر بن. بیریان بخەوە پوختەی مەبەست کۆ بکەنەوە و ڕۆڵەکانیش ئاڵوگۆڕ بکەن بۆ ئەوەی دەرفەتی گوێڕادێرانی چالاکنە بۆ هەمووان بڕەخسێت.

دەربارەی یەکێک لەمانە بدوێ:

- فیلمی پەسەندکراوت.
- گەمەی پەسەندکراوت.
- خواردنی پەسەندکراوت.
- کاتێک کە ترساویت.
- کارێکی خۆش کە ئەنجامت دابێت.
- خێزانەکەت.

پاشان، داوا لە فێرخواز بکە بۆ خێزانی خۆیان بگێڕنەوە چۆن چالاکانە گوێڕادێر بوون. ئەگەر کات هەبێت، داوا لە چەند جووتە فێرخوازێک بکە بە ڕۆڵوازی گوێڕادێرانی چالاکانە پێشان بدەن، لێیان بپرسە: هاوسێکەت چی کرد تاکوو پێشانی بدات کە

چالاکانە گوێڕادێری تۆ بوو؟ تۆ هەستت بە چی کرد کە ئەو چالاکانە گوێڕادێری تۆ بوو؟

**ئەنجامگیری**

ئەمڕۆ فێربووین چۆن گوێڕادێرانی چالاکانە پێشانی بەرانبەر بدەین، ئەویش لە ڕێگەی: دەستهەڵگرتن لەو کارەی پێوەی خەریکین. ڕووکردنە ئاخێوەر، سەر لەقاندن بۆ پێشاندانی سەرنج و تێگەیشتن لەوەی دەگوترێت. «گوێڕادێرانی چالاکانە» شێوازێکی مامەڵەکردنی ڕێزدارانەیە بۆ گوتاری بەرانبەر.

**گواستنەوەی زانیار**

کاتێک تێبینی دەکەیت فێرخواز ڕەفتاری گوێڕادێرانی چالاکانە پێشان دەدەن، بە دەنگی بەرز بیخە ڕوو بۆ نموونە: «ڕامیار گوێڕادێرە. شلێر گوێڕادێرە. دەزانم چونکە بە هێمنی دادەنیشن و تێم دەڕوانن. کەسی دیکە دەتوانێت پێشانم بدات چۆن ئەوان گوێڕادێرن؟»

**یادی ڕۆژ:** داوا لە فێرخواز بکە باسی ئەو دەمانە بکەن کە هونەرگەلی گوێڕادێرانی چالاکانەیان پیادە کردووە.

**چالاکی دیکە**

چەند سووڕێک وازیی «مام سلێمان دەڵێ» بکەن. جارێک منداڵ تێیدا ڕێبەریان لێ دیار نییە تاکوو سەرەدوای دیار ببینن. جارێک ڕێبەری تێدا دیارە. جاری سێهەم ڕێبەر هەم دیارە و هەم دەکرێت پرسیاری لێ بکرێت.

## بەشی یەکەم – ڕاهێنانی هاوسۆزی

## وانەی چوارەم: دەربڕینی پەرۆشی

## چەمک

دەربڕینی پەرۆشی ڕەفتارێکی هاوسۆزانەیە.

## چەمکی زمانەکی: پەرۆشی، دەربڕینی پەرۆشی.

## ئامانج

فێرخواز:

- بتوانن پەرۆشی خۆیان بۆ بەرانبەر بە زارەکی دەرببڕن.
- بتوانن پێزانین بۆ پەرۆشی بەرانبەر دەرببڕن.

## ئامۆژگاری بۆ مامۆستا


پێناسەی پرۆگرامی «هەنگاو بە هەنگاو» بۆ هاوسۆزی بە هونەری دیاریکردنی هەست دەست پێ دەکات. لێرەدا لەو هەنگاوە دەرباز دەبین. هەستکردن بە پەرۆشی و هاوسۆزی هونەرێکە و دەربڕینی ئەو پەرۆشییە هونەریکی دیکەیە. هەردوو هونەریش پێویستیان بە ڕاهێنان هەیە.

ئەم وانەیە هاوسۆزی بە کردار پێشان دەدات و سەرنج دەداتە ئەو منداڵانەی وەڵامی هەستیارانە پێشانی بەرانبەر دەدەن. لەوانەیە فێرخواز گرنگی زۆر بدەن بەم وانەیە چونکە زۆرجار دەیانەوێت پەرۆشی دەرببڕن بەڵام هەست بە دوودڵی دەکەن.

## چیرۆک و گفتوگۆ

لە وانەی ئەمڕۆدا، فێر دەبین چۆن پەرۆشیی خۆمان پیشانی بەرانبەر بدەین.

فۆتۆکە پیشان بدە.



ئەمە «ڕێبین» و ئەمەش «کارۆخ» ـە. ئەم دووانە هاوڕێی یەکن. پاژنەی ڕێبین لە وازیی فوتبۆڵیندا زامدار بووە و دەبێت ئێستا لە ماڵەوە بمێنێتەوە و پاژنەشی لە گەچدا بێت. کارۆخ دەزانێت ڕێبین ڕاکردن و گەمەی دەرەوەی لە لا خۆشە. بڕیاری دا سەردانی بکات و کتێبێکی بداتێ.

1- پێت وایە ڕێبین هەست بە چی دەکات؟ (خەمبارە چونکە پاژنەی ئازاری هەیە و ناتوانێت لە دەرەوە وازی بکات. شادە چونکە کارۆخ سەردانی دەکات.)

2- پێت وایە کارۆخ هەست بە چی دەکات؟ (خەمبارە بۆ ڕێبین. خۆشحاڵە بە بینینی هاوڕێکەی.)

**3-** بۆچی کارۆخ سەردانی ڕێبین دەکات؟ (کارۆخ دەرک دەکات کە لەوەیە ڕێبین هەست بە خەمباری بکات. هاوڕێی یەکترن و دەیەوێت یارمەتی بدات و خەمی ڕێبین کەم بکاتەوە.)

**4-** کارۆخ چی بە ڕێبین بڵێت باشە تاکوو پەرۆشیی خۆی پێشان بدات؟ («پێم ناخۆشە پاژنەت زامدارە.» «بیرت دەکەم.»)

**5-** جار هەیە خەڵک زۆر شەرمنن، لە ڕوویان نایەت پەرۆشیی دەرببڕن. کارۆخ چۆن پەرۆشیی خۆی پێشانی ڕێبین دەدات؟ (سەردانی دەکات. دیاری بۆ هێناوە.)

مرۆڤ بە گوتە یان بە کردار پەرۆشیی خۆی پێشان دەدات و بەوە دەڵێین «دەربڕینی پەرۆشی». نموونەیەکی تایبەتی خۆت بۆ فێرخواز باس بکە کە پەرۆشیت بۆ کەسێک دەربڕیوە.

**6-** ڕێبین چی بڵێت باشە تاکوو کارۆخ ئاگادار بکات کە بە دەربڕینی پەرۆشیەکەی دەزانێت؟ («سوپاست دەکەم. خۆشحاڵم کە هاتوویتە سەردانم.»)

**7-** ڕووی داوە پەرۆشیت بۆ بەرانبەر دەربڕیت؟ هەستت بە چی کرد؟ کەسی بەرانبەر هەستی بە چی کرد؟

## ڕۆڵوازی

وەرن بە ڕۆڵوازی پەرۆشی بۆ یەکتر دەردەبڕین. ببنە دوو دوو. فێرخوازێک وا خۆی دەنوێنێت کە کێشەی هەیە و بۆ هاوبەشەکەی باس دەکات. دەبێت هاوبەشەکە بڕیاری خۆی بدات چی بکات و بڵێت بۆ پێشاندانی پەرۆشیی خۆی. سەرەتا من دەربڕینی پەرۆشی لەگەڵ فێرخوازێکی دڵخوازدا پێشان دەدەم.

پێشانی فێرخوازی بدە. پەرۆشی دەرببڕە بۆ فێرخوازێک کە نەخۆش کەوتووە، بڵێ: پێم ناخۆشە نەخۆش کەوتوویت. هیوادارم ئێستا باشتر بیت. فێرخوازی نەخۆش دەڵێت: «سوپاس. دەزانم پەرۆشی منتە.»

ئەوجا سەرەی فێرخوازە. لەم لیستەیەی خوارەوە نموونە هەڵبژێرە لەگەڵ بەسەرهاتی فێرخوازدا یەک بگرێتەوە و لایان ئاشنا بێت. گەر خۆشتان نموونەی لەبارترتان لا هەیە، باشتر.

- هاوڕێکەت تازە پێڵاوە تێنسە نوێیەکانی بزر کردووە.
- تێبینی دەکەیت فێرخوازێکی نوێ لە دالانەکەدا دەگری.
- لە گۆرەپانی یاریکردن دایت و دەبینی منداڵێک لە کۆپەیژە بەردەبێتەوە.
- لەگەڵ هاوڕێیەک پیاسە دەکەیت و نووسراوەکانی ئەرکی ماڵەوەی هاوڕێکەت بەسەر شۆستەی شەقامەکەدا بڵاو دەبێتەوە.
- باپیرت بە سەردان هاتووە، بەڵام ئەزیەت لە پلیکانەکان دەکێشێت.
- لەگەڵ چەندین هاوڕێیەکدا خەریکی چەرخۆکسوارین. تایەی چەرخۆکی هاوڕێیەک پەنچەر دەبێت. (چەرخۆک: بایسیکل، دووچەرخە و سێچەرخە و ... هتد)
- یەکێک لە هاوڕێکانت لەلایەن ئەوانی دیکەوە وەلا نراوە و خەمبارە.
- دایکت نەخۆشە و برا بچووکەکشت پێویستی بە چاودێری هەیە.
- هاوڕێکەت تازە زانیویەتی تۆ دەگوێزیتەوە شارێکی دیکە.
- دۆستێک پێت دەڵێت کە سەگەکەی خۆی بزر کردووە.
- باوکت ماندوو دیارە و دەڵێت ڕۆژێکی خراپی بەسەر بردووە.
- هاوڕێکەت ئەزیەت دەکێشێت بەدەست کێشەیەکی ماتەماتیکەوە.

## ئەنجامگیری

ئەمڕۆ فێربووین چۆن بە وشە و کردار پەرۆشی بۆ بەرانبەر دەرببڕین. بەشێکی گرنگی هاوڕێیەتی بریتییە لە دەربڕینی پەرۆشی. شێوازێکە بۆ پیشاندانی پەرۆشیمان.

## گواستنەوەی زانیار

پێشانی فێرخواز بدە کە تۆ هەست بە کرادری کۆمەکدارانە و پەرۆشدارانەی ئەوان دەکەیت. جەخت بخە سەر ئەوەی چۆن ئەم کردارانە کار لە بەرانبەر دەکەن.

**یادی ڕۆژ:** پرسیار لە فێرخواز بکە ئاخۆ پەرۆشیان بۆ کەسێک پێشان داوە یاخود کەسێک پەرۆشی خۆی بۆیان دەربڕیوە.

## چالاکیی دیکە

داوا لە پۆلەکە بکە کارتی ئومێدخوازی تەندروستی دروست بکەن. کارتەکان هەڵبگرن. گەر فێرخوازێک، مامۆستایەک یاخود کارمەندێکی دیکەی فێرگە نەخۆش کەوت، داوا لە هەموو فێرخوازان بکە کارتێک واژوو بکەن و بینێرن.

## بەشی یەکەم – ڕاهێنانی هاوسۆزی

## وانەی پێنجەم: سەلماندنی جوداوازی

**چەمک**

خەڵکی بە شێوەیەک وێک دەچن و بەشێوەیەکی دیکەش لێک جودان.

کارێکی دڵڕەقانە و نارەوایە گاڵتە بە جوداوازیەکانی بەرانبەر بکەیت.

**چەمکی زمانەکی: وێکچوو – جودا، سەلماندن.**

**ئامانج**

فێرخواز:

- بتوانن ناو لە وێکچوون و جوداوازیەکانی نێوان خەڵکی بنێن.
- بتوانن، کاتی پێشداوەری، پێشبینی لە هەستی بەرانبەر بکەن.

**ئامۆژگاری بۆ مامۆستا**

مرۆڤ بە گشتی کەسانێکی لاپەسەندە لە مەیل و بۆچوونی خۆیەوە نیزیک بن، بۆیە پێشاندانی خاڵی وێکچوو دەبێتە هۆی ڕاهێزانی هاوسۆزی. لەم وانەیەدا باس لە توانجگرتنە جیاوازی دەکات کە بریتییە لە شێوازێکی چەپاندن. چەپاندن زارەکیش بێت زیانی درێژخایەنی لێ دەزێتەوە.

جەخت خستنە سەر وێکچوونەکانی هەموو مرۆڤ دەبێتە مایەی ڕێزگرتن لە جیاوازییەکانیش. وەک بەشێک لە کەشی پۆلەکە، هەڵوێستێکی پێشوەختی بەهێز دابمەزرێنە بۆ بەرگرتن لە توانجگرتنە جوداوازی. منداڵ فێر بکە کە مرۆڤی بەرانبەر هەستی دەڕوشێت بە گالتەی وەها، تەنانەت ئەگەر گاڵتەکەش ئاسایی دیار بێت.

لەگەڵ فێرخواز کار بکە بۆ گەشەپێدانی شێوازگەلی پشتگیری ئەو منداڵانەی دەکەونە بەر توانج.

**چیرۆک و گفتوگۆ**

لە وانەی ئەمڕۆدا، فێر دەبین چۆن خەڵکی وێک دەچن و چۆنیش لێک جودان.



فۆتۆکە پێشان بدە. ئەمە «شەمام» ـە و ئەمەش «بنار». چەند مانگێک لەمەوبەر ماڵی شەمام گواستیانەوە بۆ گەڕەکەکەی بنار. یەکەم جار کە بنار چاوی بە شەمام کەوت، پێی وابوو شەمام کەسێکی سەیرە، چونکە هەم جلوبەرگی جودا بوو هەم کوردییەکەشی باش نەدەزانی. جاران کە شەمام قسەی دەکرد، بنار و منداڵانی دیکەی فێرگە پێی پێ دەکەنین. بەڵام ئێستا بنار ئاشنا بووە بە شەمام. ئەو شێوازەی پێخۆشە کە شەمام لەو جیاوازە، تەنانەت ئارەزووی هەندێک جۆری خواردنیش

دەکات کە شەمام حەزی لێیەتی. بنار ئێستا تێدەگات کە لەگەڵ شەمام زۆر خاڵی وێکچوویان هەیە.

1- خاڵی وێکچووی شەمام و بنار چییە؟ (لە هەمان تەمەندان. زۆر هەستی وێکچوویان هەیە. ئارەزووی هەمان یاری، کتێب و فیلم دەکەن.)

2- خاڵی جیاوازیی شەمام و بنار چین؟ (خێزانەکانیان لە وەڵاتی جوداوە هاتوون. شێوەزاری جودایان هەیە. نەریتی نێو خێزانیان جیاوازە. لە ماڵەوە خواردنی جیاواز دەخۆن. ڕەفتاری جیاوازیان هەیە.)

3- بۆچی منداڵ هەبوو لە فێرگە بە شەمام پێدەکەنین؟ (لەوان جیاواز بوو. لە ڕەفتاری تێنەگەیشتبوون. بیریان نەکردبۆوە کە شەمام هەست بە چی دەکات.)

4- پێت وایە شەمام هەستی بە چی کردووە کاتێک منداڵەکان پێی پێکەنیون؟ (خەمبار بووە، بەسۆ بووە، شەرمەزار بووە.)

5- پێت وایە بنار بەمەبەست ویستویەتی هەستی شەمام بڕوشێنێت کە پێی پێکەنیوە؟ (لەوەیە بنار لەگەڵ هەڤاڵەکانی بەمەبەست بە شەمام پێکەنیبن، بەڵام بیری لە هەستی شەمام نەکردبۆوە.)

خاڵ زۆرن مرۆڤ پێیان تووڕە دەبێت. گاڵتەکردنی خەڵک بە خاڵێکی مرۆڤ نەتوانیت بیگۆڕێت کاریکی بەسۆ و نارەوایە، بۆ نموونە: ئیتنیسیتی (ڕیشاڵی نەتەوەیی)، پەککەوتەیی، جۆری لەش، ڕەنگی قژ و چاو. جار هەیە شۆخیش بەسۆیە.

6- پێت وایە کارێکی ڕەوایە توانج بگریتە کەسێک لەبەر ئەوەی وەک خۆت نییە؟ (نەخێر.) بۆچی؟ (کارێکی نارێک و نادروستە.)

بنار دەزانێت، لەگەڵ خاڵە جیاوازەکانی نێوان خۆی و شەمام، خاڵی وێکچووش زۆرن. مرۆڤ بە چەند جۆرێک جودایە. جیاوازیی وەها لە مرۆڤ ناکات هەڵە یاخود خراپ

یاخود ترسێنەر بێت. تەنها وایان لێ دەکات جیاواز بن. جیاوازییەکان دەرفەتن بۆ فێربوون لە یەکتر. ئێستا بنار ئەمە دەرک دەکات و پێی خۆش نییە منداڵی دیکە گاڵتە بە شەمام بکەن و سەر بکەنە سەری.

7- بنار و شەمام چیان پێ دەکرێت یاخود چی بە منداڵانی فێرگە بڵێن ئەگەر دووبارە بە شەمام پێبکەنن؟ («بەسە! ئێمە بۆ گاڵتەپێکردن نین.» «گاڵتەپێکردن خەڵک ئازار دەدات و دژی ڕێسا و یاسایە.» «پێت چۆنە ئەگەر بەو شێوەیە منداڵ توانج لە ئێوە بگرێت.»)

8- بنار چی دیکەی پێ دەکرێت تاکوو پەرۆشی خۆی بۆ شەمام دەرببڕێت؟ (گوتەی جوانی پێ بڵێت. کاری خۆشی لەگەڵدا بکات.)

9- ئایا ڕووی داوە هەستت کردبێت خۆت جیاوازیت لە دەوروبەر؟ هەستت بە چی کرد؟

## چالاکی

فێرخواز بکە بە گرووپی دوو کەسی. ئەمیان یەک خاڵی جیاواز و دوو خاڵی وێکچوو لەگەڵ بەرانبەرەکەی خۆی دیاری بکات. داوا لە فێرخوازە دڵخوازەکان بکە باسی ئەوە بکەن کە بۆیان ئاشکرا بووە. پاشان داوا لە دوو گرووپی دوو کەسی بکە چالاکییەکە بە یەکەوە دووبارە بکەنەوە، هەر یەکەیان یەک خاڵی جیاواز و دوو خاڵی وێکچوو لەگەڵ سێ کەسەکەی دیکە دیاری بکات.

## ئەنجامگیری

ئەمڕۆ باسمان لە سەلماندنی جیاوازیی بەرانبەر کرد. سەرچاوەی سەلماندن لە ناسینەوە دێت. هەتا زیاتر بەرانبەر بناسیت، زیاتر ڕێزی ئەو کەسە دەگریت.

سەلماندنی جوداوازیی بەرانبەر شێوازێکیشە بۆ پێشاندانی ڕێز. هەموو مرۆڤێک بە شێوەیەک جودایە، بەڵام نابێت توڕە بین یاخود وامان لێ بێت هەست بە خراپە بکەین لەبەر ئەوەی جیاوازین. سەلماندن و پێزانینی جیاوازیی بەرانبەر کۆمەکمان دەکات هاوڕێ پەیدا بکەین و باشتر جێگەی خۆمان بکەینەوە لەگەڵ بەرانبەردا.

## گواستنەوەی زانیار

بەهۆی کاری نێو گرووپی بچوکەوە دەرفەت بڕەخسێنە بۆ کارلێکی نێوان منداڵی ڕەگەز، ئایین، فەرهەنگ و توانای فیزیکیی هەمەجۆر. کاتێک فێرخواز، لە ڕێی وەلانانی جڤاکی و توانجەوە، تووشی جوداکاری دێن، بەگشتی کێشەکە لەگەڵ پۆلەکەدا باس بکە بە دووپاتکردنەوەی هاوسۆزیی و تێگەیشتنی زیاتر.

## چالاکیی دیکە

بۆنەیەکی وەکوو «جێژنی ڕیشە» بۆ پۆلەکە ڕێک بخە بۆ پێشاندانی وێکچوون و جیاوازیی گشت فێرخوازی نێو پۆلەکە. داوا لە خوێندکاران بکە باسی بەسەرهاتێکی خێزانی خۆیان بکەن دەربارەی ناوەکەیان، داوایان لێ بکە شوێنەکان لەسەر نەخشەیەکی جیهان دەست نیشان بکەن، یاخود داوایان لێ بکە باسی خواردن و نەریتە جیاوازەکانی تایبەت بە خێزانی خۆیان بکەن.

## بەشی دووهەم

## جڵەوگرتنی جرپنی و چارەی کێشە

**دەربارەی بەشی دووهەم**

مەبەستی ئەم بەشە کزکردنەوەی درِی و رِەفتاری جرپنانەیە لای منداڵ ئەویش لە رِێی فێربوونی سێ هونەری: خۆئارامکردنەوە، چارەی کێشە و رِاهێنانی هونەری رِەفتار:

- خۆئارامکردنەوە هونەری کۆنترۆڵی هەست بەکار دەهێنێت بۆ جڵەوگرتنی جرپنی. جڵەوگرتنی جرپنی دەڵێ وچان بگرە و بیری لێ بکەوە، پەنا مەبە یەکەم بیرۆکەی بە خەیاڵدا دێت.
- چارەی کێشە چەند هەنگاوێکە بۆ چارەی ناکۆکیی نێوان خەڵک.
- رِاهێنانی هونەری رِەفتار چارە لە سێ تا پێنج هەنگاودا کۆ دەکاتەوە و رِەفتاری تایبەتی پێشان دەدات بۆ پیادەکردنی چارەی دیاری کراو.

**خاڵی سەرەکی**

**پۆستەری «خۆئارامکردنەوە»**

**1**- فێرخواز بەرتەکی فیزیکیی هەستی بەهێز دەناسنەوە.

**2**- بە بەکارهێنانی سکەهەناسە، لە لووتەوە هەناسە هەڵمژە و لە دەمەوە هەناسە بدە.

**پۆستەری «چارەی کێشە»**

**1**- چارەی کێشە بریتییە لە پێنج هەنگاو. دیاریکردنی کێشەکە لە رِێی بەکارهێنانی نیشانەگەلی زارەکی، رِوخسار، لەش و دۆخەکی.

**2**- بیرۆکەبارانە («بیرۆکەباران»: brainstorming - میتودێکە بۆ کۆکردنەوەی بیرورِا دەربارەی مەسەلەیەکی تایبەت بێ ئەوەی هیچ جۆرە رِەخنە و

سانسوورێک بکەینە لەمپەڕ. پاش کۆکردنەوەی بیرۆکەکان ئەوجا پرۆسەی نرخاندنیان دەست پێ دەکات نەک کاتی پێشنیازکردنیان).

3- هەڵسەنگاندنی چارەسەر لە ڕێگەی پێشبینی دەرئەنجامەکان.

4- چارەیەک هەڵبژێرە بە پیادەکردنی هونەری ڕەفتار.

5- هەڵسەنگاندنی هەر چارەیەک، ئایە سوودبەخشە یان نا، گەر پێویست بێت هەوڵی چارەیەکی دیکە بدە.

**بیردانەوە** تەواوکاری پرۆسەی جڵەوگرتنی جرپنی و چارەی کێشەیە. فێرخواز لە چەندین وانەدا بیردانەوەی خۆی دەربارەی نەخشی خۆی دەکاتە ڕاپۆرت.

**ڕاهێنانی هونەری ڕەفتار** ئاماژە دەدات بە وردکردنەوەی چارەسەر بۆ سێ تا پێنج هەنگاوی کورت. هونەرێکی گرنگە فێرخواز فێر بێت هەنگاوەکانی ڕەفتاری خۆی بۆ گەیشتنە ئامانج، بدۆزێتەوە. ئەم هەنگاوانەن دەبنە بناخەی سەرکەوتنیان لە بەشی ڕۆڵوازیی نێو وانەکان. دەشکرێت هەنگاوەکان بکرێنە ڕێنوێنی بۆ فیدباکی ڕۆڵوازییەکە.

**«بیرکردنەوەی ئاشکرا»** پرۆسەیەکە تێیدا منداڵ بەدەم فێربوون و پیادەکردنی هونەرەکانی «خۆئارامکردنەوە» و «چارەی کێشە» وە - بە دەنگی بەرز لە هونەرەکان دەدوێن. ئەم «بیرکردنەوە ئاشکرا» یە منداڵ کێش دەکات بەرەو پرسیار و بەرسڤ دەربارەی هەنگاوەکانی چارەی کێشە.

بەکارهێنانی **«پەڵەبیر»** لە میانەی ڕۆڵوازیی نێو وانەکاندا (بڕوانە **ڕێنامەی مامۆستا**) کۆمەک بە فێرخواز دەکات تەکنیکی «بیرکردنەوەی ئاشکرا» بەکار بێنن. بە ڕاهێنان منداڵ فێری هەنگاوەکانی «خۆئارامکردنەوە» و «چارەی کێشە» دەبن، ئەوسا دەتوانن هەنگاوەکان، بە بێدەنگی، لە هۆشی خۆیاندا بڵێنەوە.

سەرچاوەی بە ئینگلیزی

Camp, B. W., and Bash, M. S. (1981). *Think Aloud: Increasing Social and Cognitive Skills—A Problem-Solving Program for Children* (Primary level). Champaign, IL: Research Press.

**وانەکانی بەشی دووهەم**

1- **وانەی یەکەم:** دەربارەی جڵەوگرتنی جرپنی و چارەی کێشە – سەرنجێکی گشتی دەربارەی ڕەفتاری جرپنانە، تەکنیکی خۆئارامکردنەوە و بەکارهێنانی چارەی کێشە.

2- **وانەی دووهەم:** سازدانی گفتوگۆ - دەستپێکردن، بەردەوامبوون و کۆتاهێنانی گفتوگۆ بە شێوازێکی دۆستانە.

3- **وانەی سێهەم:** چارەی فشاری دەوروبەر – بەکارهێنانی هونەری «ڕەتکردنەوەی دابڕانە» و «چارەی کێشە» بۆ بەرگرتن لە فشاری کەسانی بەرانبەر.

4- **وانەی چوارەم:** بەرگرتن لە جرپنیی دزی - بەکارهێنانی چارەی کێشە بۆ بەرگرتن لە جرپنیی دزی.

5- **وانەی پێنجەم:** بەرگرتن لە جرپنیی درۆ – بەرگرتن لە جرپنیی درۆ بە پیادەکردنی هونەری چارەی کێشە.

دەمی ئامادەکردنی وانەکان، کات تەرخان بکە بۆ خوێندنەوەی سیناریۆکانی ڕۆڵوازی تاکوو بتوانیت دۆخەکان لەگەڵ ئەزموونی فێرخوازەکان ساز بکەیت. گەر پێویست دەکات باسەکانی ڕۆڵوازیی نێو کارتەکان کۆپی بکە بۆ ئەوەی فێرخواز بەکاریان بهێنن.

## چەمکی زمانەکی

زۆر چەمکی زمانەکی کە لە بەشی یەکەمدا باس کراون لە بەشی دووهەمدا بەهێز دەکرێن. پەیوەستەی وەک «ئەگەر – ئەوا»، «بۆچی – چونکە» و «وێکچوو - جودا» تێهەڵکێشی هەنگاوەکانی «چارەی کێشە» دەبن. سەرباری ئەوەش، هەندێ وشە و دەستەواژەی سەرەکی دەخرێنە ڕوو. فێرخواز فێر دەبێت:

- کێشە چییە و چۆنی چارە بکات.
- «بیرۆکەبارانە» بۆ دۆزینەوی چارەی کێشە بەکاربێنێت.

## لیستەی چەمکەکانی بەشی دووهەم

داوای لێبوردن، پرسیار و بەرسف، دڵنیابوون، بیرۆکەبارانە، خۆئارامکردنەوە، گفتوگۆ، ئازایەتی، ئامانج، ڕاستگۆ، جرپنی، درۆکردن، بەرانبەر، فشاری دەوروبەر، بەرپرسایەتی، چارەسەر، چارەکردنی کێشە، دزی، بیرکردنەوەی ئاشکرا، متمانە، جێباوەڕ.

## گواستنەوەی زانیار

مۆدێلی گواستنەوەی زانیار، کە لە سێ بەش پێکهاتووە و لە **ڕێنامەی مامۆستادا** خراونەتە ڕوو، یارمەتیی ڕاهێزانی تواناکانی فێرخواز دەدات.

**«خەیاڵی ئەمڕۆ».** لە دەستپێکی ڕۆژەکەدا، یارمەتی فێرخواز بدە بڕیار بدات کەی هونەری نوێ بەکاربهێنێت. بۆ نموونە، ڕاهێنانی هونەری ڕەفتار وەک دان و وەرگرتنی ستایش یاخود سازدانی گفتوگۆ تێهەڵکێشی چالاکیی ڕۆژانە دەبن.

**«ڕاهێزانی ڕەفتار».** یارمەتی فێرخواز بدە ڕاهێزانی خۆڕسک بدۆزنەوە، بۆ نموونە (بێستوون داوای نۆرە دەکات بۆ یاری تۆپانە):

- ئەها بێستوون گەر مرۆڤ بە جوانی داوای نۆرە بکات بۆی دەچێتە سەر.

**«یادی ئەمڕۆ».** پرسیار لە فێرخواز بکە ئەو کاتانە دیاری بکەن کە توانایەکی دیاریکراویان تێدا بەکارهێناوە:

- کێ ئەمڕۆ لەگەڵ کەسێکی دیکەدا کێشەی چارەسەر کردووە؟ چیت کرد؟
- کێ ئەمڕۆ پەیمانێکی بردۆتە سەر؟ چیت کرد؟

تێکبەستنی «گواستنەوەی زانیار» لەگەڵ کاری ڕۆژانەدا، یارمەتی فێرخواز دەدات هونەرەکانی خۆئارامکردنەوە، چارەی کێشە و ڕاهێنانی هونەری ڕەفتار لە ژیانی ڕۆژانەدا پیادە بکات.

**تێبینی دەربارەی گەشەسەندن**

**پێناسە و بابەتی گرنگ**

ئەو منداڵەی سەرکەوتووانە جڵەوی جرپنی دەگرێت و کێشە چارە دەکات:

- دەکارێ هەستی خۆی ڕاگرێ.
- لێکدانەوەی وردی دەبێت دەربارەی دۆخی جڤاکی.
- لە پەیوەستەی «هۆکار- و- ئەنجام» دەگات.
- ڕێساگەلی پەسەندی ڕەفتاری جڤاکی دەناسێت.
- لە ئاست کێشەی جڤاکیدا چەندین وەڵامی پەسەندی دەبێت.

توانای چارەی کێشە لای منداڵ بەندە بە فێربوونی توانای هاوسۆزییەوە.

**دەمی چوونە فێرگە، منداڵ:**

- هونەری ڕاگرتنی هەست و جڵەوگرتنی جرپنی دەزانن و لە جێی خۆیدا پیادەیان دەکەن.
- هەیە توانای جڤاکی هەیە بەڵام گەشەی نەکردووە.

**منداڵی پلەی خوێندنی بنەڕەتی:**

- توانای هەیە دەرک بە ڕووداو بکات زیاتر وەک لەوەی بەرتەکی هەبێت.
- دەسەڵاتی هەیە بەسەر چەندین ڕەفتارگەلی جرپنانەدا.
- توانای هەیە هونەرگەلی چارەی کێشە دەرک بکات.
- چەندین هونەری جڤاکی بۆ چارەی کێشەی نێوان خەڵک بەکار دەهێنێت، بۆ نموونە سەوداکردن.
- بەکارهێنانی هونەرگەلی دژە جڤاکی کەم دەکەنەوە، بۆ نموونە لێدان، پاڵنان و ڕاکێشان.

بە درێژایی ماوەی هەڵکشانی منداڵی، ئەم هونەرگەلە نەرم نەرم گەشە دەکەن. لەم کاتەشدا هەتا دێ هونەری چارەی کێشە لەلای منداڵ لە ڕووی چەندایەتی و چۆنایەتییەوە گەشە دەکات.

## گرنگیی ئەم بەشە

گرفتی هەڵکردنی جڤاکی و جڵەوگرتنی جرپنی وابەستەن بە:

- هەڵچوونی توورەیی.
- نەسەلماندن لە لایەن بەرانبەرەوە.
- ڕەفتاری دڕ.

## چالاکیی دیکە

ئەمانەی خوارەوە پێشنیازن بۆ تێکبەستنی بابەتەکانی بەشی دووهەم بە بابەتی دیکەوە.

1. داوا لە فێرخواز بکە فۆتۆی ڕوونکردنەوە بکێشن بۆ وێناکردنی هەنگاوەکانی چارەی کێشە لە چیرۆکێکی هەڵبژاردەدا. (هونەر)

2. داوا لە فێرخواز بکە، دەربارەی دۆست پەیداکردن، دیدار لەگەڵ هاوپۆل، مامۆستا و کارمەندانی فێرگەکەیان، خێزان و هاوسێ بکەن. ئەمەش نموونەی پرسیار:
   - تۆ چۆن هاوڕێ پەیدا دەکەیت؟
   - تۆ تازە هاتوویتە ئەم کۆڵانە، چۆن هاوڕێ بۆ خۆت پەیدا دەکەیت؟
   - چی دەکەیت بۆ ئەوەی کەسێکی تازە هاتۆتە پۆلەکەتان هەست بە نامۆیی نەکات؟

سەرلەبەری وەڵامی گشت فێرخواز لە کتێبێکدا کۆ بکەنەوە و ناوێک لە کتێبەکە بنێن. ئەم کتێبە بۆ خوێندنەوە بدەن بە پۆلەکانی دیکە و بە کتێبخانەی فێرگەکەی خۆتان. (تۆژینەوەی جڤاکی. هونەرگەلی زمانەکی)

**3.** گریمان فێرخواز گەشتێکی دەشت یان سەرچیا دەکەن. دەستەیەکی چوار کەسین و دەبێت پێنج بابەتی زۆر پێویست و گرنگ لەگەڵ خۆ ببەن بۆ ئەو گەشتە. پاش پێنج خولەک لە گرووپەکە بپرسە:

- چیتان بڕیار دا؟
- ئایا لێتان بیسترا؟
- لەم هاوکارییەوە فێری چی بوون؟
(بیری ورد، پەروەردەی فیزیکی، زانست)

**4.** داوا لە فێرخواز بکە «شارەفتاری ڕۆژ» یان بنووسن. مەبەست لە «شارەفتار» ڕەفتار و هەڵسوکەوتی گەشە بەرانبەر کەسانی دیکە. هەفتەی وانەیەک بۆ «شارەفتاری ڕۆژ» تەرخان بکەن، فێرخواز باس لە ئەزموونی خۆیان بکەن. (هونەرگەلی زمانەکی)

**5.** داوا لە فێرخواز بکە تۆمارێکی ڕۆژانەی ئەو دەمەیان هەبێت کە هونەرێکی تایبەتی «هەنگاو بە هەنگاو»ی تێدا دەگوترێتەوە. داوایان لێ بکە بە نووسین هونەرێکی «هەنگاو بە هەنگاو» لە دەرەوەی بەشی ڕۆڵوازی بەسەر بکەنەوە کە خۆیان پیادەیان کردبێ یان سەرنجیان دابێت، بۆ نموونە دەشێت دەربارەی ئەو کاتە بنووسن کە چارەی فشاری دەوروبەریان کردووە. (هونەرگەلی زمانەکی)

**6.** با فێرخواز دوو لەم پۆل و دوو لەو پۆل، دەستەیەک پێک بێنن و پێکەوە هەوڵ بدەن هەنگاوەکانی «خۆئارامکردنەوە» و «چارەی کێشە» بکەن بە سیناریۆ و پەڵەبیری بۆ بکێشن. ئەوجا هەر دەستەیەک پەڵەبیرەکانی خۆی پێشان بدات و دەربارەی کارەکەی بدوێت. (هونەرگەلی زمانەکی، دراما)

**7.** داوا لە فێرخواز بکە، بە نووسین ژمارەی ئەو جارانە تۆمار بکەن کە لە ڕۆژانی پشوودا هونەرەکانی «هەنگاو بە هەنگاو» پیادە دەکەن، بۆ نموونە «چارەکردنی فشاری دەوروبەر». یەکەم ڕۆژی پشوو، فێرخواز ژمارەکان بە گرافیک و دایگرام پیشان بدەن. (ماتەماتیک، هونەری گرافیک)

**8.** کاتێک لە پۆلدا چیرۆک بۆ فێرخواز دەخوێنیتەوە، گەر باس لە کێشە کرا، وچانێک بگرە و داوا لە فێرخواز بکە کێشەکە دیاری بکەن و چارەی بۆ بدۆزنەوە بە بەکارهێنانی هەنگاوگەلی چارەی کێشەی بەرنامەی «هەنگاو بە هەنگاو». ئەوجا داوایان لێ بکە دیدی خۆیان لەگەڵ بەرهەمی نووسەرەکەدا بەرواد بکەن. خاڵی جیاواز و هاوجۆر دیاری بکەن. (هونەرگەلی زمانەکی)

**9.** داوا لە فێرخواز بکە گوتاری ڕۆژنامە بهێنن باس لە هەم کێشە و هەم چارەسەر بکات. فێرخوازێک هەڵبژێرە تا بەدەنگی بەرز بەشی «کێشە» ی گوتارەکەی بخوێنێتەوە. پاشان داوا لە پۆلەکە بکە هەنگاوەکانی چارەی کێشەی بەرنامەی «هەنگاو بە هەنگاو» بەکاربهێنن بۆ هەڵبژاردنی چارەسەرێکی پەسەند. دواجار، داوا لە فێرخوازەکە بکە چارەسەری نێو گوتارەکە بخوێنێتەوە و ڕێبەریی پۆلەکە بکە لە گفتوگۆیەکدا بۆ بەراوردکردنی چارەسەرەکەیان لەگەڵ ئەوەدا کە بەڕاستی بەکارهاتووە. لێرەدا ئاستی هونەرکارانەی فێرخوازی پۆلەکەت بۆ دیار دەبێت. (تۆژینەوەی جڤاکی، هونەرگەلی زمانەکی)

**10.** چالاکی ژمارە 9 دووبارە بکەنەوە، ئەم جارە تێکستی سەر بە وێژە یاخود **تۆژینەوەی جڤاکی** بەکار بێنن. (تۆژینەوەی جڤاکی، هونەرگەلی زمانەکی)

**11.** داوا لە فێرخواز بکە دیدارەکەی «مارتن لوتەر کینگ» و ڕاوێژکارەکانی خۆی بۆ داڕشتنی پلانی بایکۆتی پاسی مۆنتگۆمری لە ئەلەباما، بکەنە بابەتی ڕۆڵوازی. هەنگاوەکانی چارەی کێشەی بەرنامەی «هەنگاو بە هەنگاو» وەک ڕێنامە بەکار بهێنە. (تۆژینەوەی جڤاکی، هونەرگەلی زمانەکی، دراما)

**12.** داوا له فێرخواز بکه چالاکی ژماره 11 لەگەڵ ڕووداوی مێژووکردی دیکه یاخود ڕووداوەی هەنووکەدا ساز بکەن. (تۆژینەوەی جڤاکی، هونەرگەلی زمانەکی، دراما)

بۆ زانیاریی زیاتر و گۆڕینەوەی بیروڕا سەردانی بەشی مامۆستایان بکه له سایتی کۆمەڵەکەماندا www.cfchildren.org

**کتێب**

گەر کتێبی کوردیی گونجاوت بۆ ئەم بابەته دەست کەوت ئاگادارمان بکه بۆ ئەوەی کەسانی دیکەش لێی سوودمەند بن.

## بەشی دووهەم – جڵەوگرتنی جرپنی و چارەی کێشە

### وانەی یەکەم: دەربارەی جڵەوگرتنی جرپنی و چارەی کێشە

وانەی ڤیدیۆدار

**چەمک**

ناسینەوەی ڕەفتاری جرپنانە و دەرهاویشتەیان، هونەرێکی گرنگە بۆ گەشەپێدانی هونەری جڤاکیی ئایەتی (پۆزەتیف).

تەکنیکی خۆئارامکردنەوە دەتوانێت ڕەفتاری جرپنانە کەم بکاتەوە.

هونەری چارەی کێشە بۆ چارەکردنی کێشەکانی نێوان خەڵکە.

**چەمکی زمانەکی:** خۆئارامکردنەوە، چارەی کێشە، جرپنی، چارەسەر، بیرۆکەبارانە، پرسیار و بەرسف، بیرکردنەوەی ئاشکرا

**ئامانج**

فێرخواز بتوانن:

- هونەری خۆئارامکردنەوە پێشان بدەن.
- باسی کێشەیەک لە دۆخێکی دیاریکراودا بکەن.
- چەندین چارەسەر بۆ کێشەیەکی دیاریکراو پێشنیاز بکەن.
- چارەسەرەکان هەڵبسەنگێنن.
- چارەسەرێک لە نێو چەندین چارەسەری دیکەدا هەڵبژێرن.
- چارەسەرێک هەڵبسەنگێنن و یەکێکی دیکەش هەڵبژێرن گەر پێویست بێت.

**پێداویستی**

- کاسێتی ڤیدیۆی بەرگی سێهەم: «کێکی کرێمدار».

- تەلەڤیزیۆن و ئامێری لێدانی ڤیدیۆ.
- پۆستەر: «خۆئارامکردنەوە»، «چارەی کێشە».
- کاخەزی پۆستەر و پێنووسی مارکەر.
- بڵاوکراوە: چارەی کێشە، خۆئارامکردنەوە.
- نامەیەک بۆماڵەوە، ژمارە 4، بەشی دووهەمی بەرنامەی «هەنگاو بە هەنگاو».

**ئامۆژگاری بۆ مامۆستا**

ئەم وانەیە سەرنجێکی گشتی هونەری خۆئارامکردنەوە و هەنگاوەکانی چارەی کێشە دەخاتە ڕوو.

گرنگە فێرخواز فێر بکەیت بێلایەنانە باسی کێشە بکەن.

پێشتر تەماشای کاسێتی ڤیدیۆکە بکە، پاشان هەڵی بکەوە سەرەتا.

لەبەر درێژیی ئەم وانەیە، دەتوانن بە دوو دانیشتن پێشکەشی بکەن، بەڵام دوو ڕۆژیان پتر نێوان نەبێت.

**چیرۆک و گفتوگۆ**

ئەمڕۆ باس لەو دەکەین کاتی کێشە چۆن وچان بگرین، بیر بکەینەوە و خۆ ئارام بکەینەوە. هەروەها فێریش دەبین چۆن چارەسەری کێشە بکەین. سەرەتا تەماشای ڤیدیۆیەک دەکەین دەربارەی «سروە» و «ئاشتی». سەرنج بدەن داخۆ دەزانن «سروە» ڕووبەڕووی چ کێشەیەک دەبێتەوە.

فیلمەکە پێشان بدە. وچانێک بۆ گفتوگۆ. ئاماژە بدە بە پۆستەری «خۆئارامکردنەوە». دەبێت «سروە» وچانێک بگرێت، بیر بکاتەوە و خۆی ئارام بکاتەوە پێش ئەوەی کێشەکە چارەسەر بکات. فۆتۆکە پێشان بدە.



**1-** سروە بۆ خۆئارامکردنەوە چی بکات باشە؟ (سێ هەناسەی قووڵ، پشتەوژمێری خاو، بیرکردنەوە لە دیاردەیەکی ئارام، خۆدواندن).

ئاماژە بدە بە هەنگاوی سێهەمی نێو پۆستەرەکە. پۆستەری «خۆئارامکردنەوە» چەندین شێوازی جودای خۆئارامکردنەوەمان دەهێنێتەوە یاد. وەرن بەیەکەوە هونەری هەڵمژینی هەناسە پیادە بکەین.

لە ڕێی لووتەوە هەناسە وەردەگریت و بەهێمنی لە ڕێی دەمەوە دەیدەیتەوە. وەهای بیر لێ بکەوە بۆنی شۆربایەکی گەرم دەکەیت، بە هێمنی بە لووت هەناسە هەڵدەمژیت. پاشان شۆرباکە بە فوو سارد دەکەیتەوە، بە هێمنی بە دەم هەناسە دەدەیتەوە. ئادەی با پێکەوە سێ هەناسەی قووڵ هەڵمژین.

پشتەوژمێری خاو، بیرکردنەوە لە دیاردەی ئارام و خۆدواندن ڕێبازی دیکەن بۆ خۆئارامکردنەوە.

کاتێک هەست بە پەستی دەکەم، دیاردەی ئارامی وەک - - - - - - - - سوودیان هەیە. باس لە ئەزموونی خۆت بکە.

خۆدواندن بۆ ئەوەی ئارام ببیتەوە هونەرێکە زۆر جار لە لایەن وەرزشکار و ژەنیارەوە بەکار دێت. گوتەی وەک «دەتوانم سازی بکەم» یاخود «هێمن بەوە» کۆمەکی خۆئارامکردنەوەت دەکات.

2- سروە دەتوانێت چی بەخۆی بڵێت تاکوو ئارام ببێتەوە؟ («دەی خاو بەوە.» «ئەمە ئەوە ناهێنێت»)

3- سروە بۆچی پەستە؟ (چونکە ئاشتی دوا پارچە کێکە کرێمدارەکەی برد.)

4- سروە چی کرد دوای ئەوەی ئاشتی پارچە کێکە کرێمدارەکەی برد؟ (هەوڵی دا لە دەستی ئاشتی بفڕێنێتەوە.)

سروە یەکەم شتی کە بە خەیاڵیدا هات ئەنجامی دا. پەنجە بەرز بکەنەوە ئەگەر باوەڕتان وایە ئەوە کێشەکە چارەسەر بکات و پەنجەتان خوار بکەنەوە ئەگەر باوەڕتان وایە هەوڵدان بۆ ڕاپسکاندنی پارچە کێکەکە کێشەکە چارە ناکات. سروە بە جرپنی ڕەفتاری کرد. «جرپنی» بریتییە لە کردارێکی ناکاو. کاتێک کێشەیەک دێتە پێش، کرداری جرپنانە، بێ بیرکردنەوە دێنە پێش. جرپنی هەیە باشە، وەک خۆلادان لە ئۆتۆمبێل یاخود کۆمەککردنی کەسێک کە کێشەی هەیە. بەڵام زۆربەی کرداری

جرپنانە کێشە دروست دەکەن.

پاش ئەوەی ئارام دەبێتەوە، سروە کێشەکەی پێ چارەسەر دەکرێت.

ئاماژە بدە بە هەنگاوی یەکەمی پۆستەری «چۆنێتی چارەکردنی کێشە».

5- کێشەکە چییە؟ (ئاشتی و سروە هەمان پارچە کێکیان دەوێت.) هەمیشە هەوڵ دەدەین کێشەکە بخەینە ڕوو تاکوو ڕاستی دەر بخات و لۆمە نەچێتە سەر هیچ کەس.

ئاماژە بە هەنگاوی دووهەمی پۆستەرەکە بدە.

6- با پێکەوە هەندێ چارەسەر بۆ کێشەکەی «سروە» دابنێین. (سروە دەیتوانی بە ئاشتی بڵێت ئەو پارچە کێکە هی خۆیەتی. دەیتوانی لەگەڵ ئاشتی ڕێبکەوێت.) لە بەرسڤی هەموو پێشنیازێکدا، بڵێ: ئەوە بیرۆکەیەکە. سروە چی دیکەی پێ دەکرێت؟

بەر لەوەی تەماشای درێژەی ڤیدیۆکە بکەین، لای دەراوسێکەت باسی بکە بڕیاری سروە چۆن دەبێت.

فیلمەکە پێشان بدە. وچانێک بۆ گفتوگۆ.

7- سروە چۆن خۆی ئارام کردەوە؟ (سێ هەناسەی قووڵی هەڵمژی.)

پاش ئەوەی ئارام بۆوە، سروە بیری لە کێشەکە کردەوە و بیرۆکەبارانەی چەندین چارەسەری پەسەندکراوی کرد.

ئاماژە بە هەنگاوی سێهەمی نێو پۆستەرەکە بدە. بۆ هەر چارەسەرێک، سروە بیری لەم پرسیارانە کردەوە: «ئایا سەلامەتە؟ خەڵکی هەست بە چی دەکەن؟ ئایا ڕەوایە؟ ئایا سوودی دەبێت؟».

ئاماژە بە هەنگاوی چوارەمی نێو پۆستەرەکە بدە

8- سروە کامە چارەسەری هەڵبژارد؟ (ڕێگەی بە ئاشتی دا پارچە کێکەکە ببات.) ئایا ڕێگەچارەیەکی بەکەڵک بوو؟ (ئەرێ.) چۆن؟ (سەلامەت بوو. خەڵک هەستی باش بوو دەربارەی ڕێگەچارەکە. ڕەوا بوو. سوودی بووە.)

هەرچەندە کچەکان دەمەبۆڵێیان ڕاگرتووە، کەچی هێشتا نازانین کامیان پارچە کێکە کرێمدارەکە دەبات.

ئاماژە بە هەنگاوی پێنجەمی نێو پۆستەرەکە بدە. جار هەیە چارەسەر سوودی نابێت. چارەسەرەکەی سروە بە تەواوی سوودی نەبوو.

9- سروە چی بکات باشە ئێستا؟ (بگەڕێتەوە بۆ لیستی چارەسەرە پەسەندکراوەکانی و یەکێکی دیکە تاقی بکاتەوە.)

**ڕۆڵوازی**

وەرن «خۆئارامکردنەوە» و «چارەی کێشە» بکەینە ڕۆڵوازی. سەرەتا من ڕۆڵی سروە وازی دەکەم کە خەریکی بیرکردنەوەی ئاشکرا دەبێت تاکوو خۆی ئارام بکاتەوە و کێشەکەی چارەسەر بکات. فێرخوازێکی دڵخواز هەڵبژێرە تاکوو ڕۆڵی «ئاشتی» وازی بکات. دەکرێت «پەڵەبیر» بەکاربهێنێت (بڕوانە ڕێنامەی مامۆستا) بۆ بەهێزکردنی هەنگاوەکان. لە ماوەی ڕۆڵوازییەکەدا داوا لە پۆلەکە بکە پێشنیازی چارەسەر بکەن بۆ ئەوەی خەریک بن.

ڕۆڵی سروە وازی بکە. سەرەتا بە ئاشکرا بیر بکەوە و بڵێ: ئاشتی ئەو پارچە کێکەی برد کە بۆ خۆمم هەڵگرتبوو! باشترە لێی بفڕێنم پێش ئەوەی بیخوات. نەخێر، دەبێت خۆم ئارام بکەمەوە و بیر بکەمەوە پێش ئەوەی هەر شتێک بکەم. ئێستا، ئارام بەوە. سێ هەناسەی قووڵ هەڵمژە. هەناسەدانی قووڵ پێشان بدە. کێشەکە چییە؟ کێشەکە ئەوەیە من و ئاشتی هەمان پارچە کێکمان دەوێت. چارە چییە؟ دەتوانم داوای هێنانەوەی بکەم. دەکرێت دوو پارچە کێکی دیکەی بدەمێ لە بری ئەو پارچەیە. دەتوانم لێگەڕێم ئەو پارچەیە ببات. ئادەی با پێکەوە بزانین... لێبگەڕێم بیبات — ئایا سەلامەتە؟ بەردەوام بە لەکردنی پرسیارگەلی هەڵسەنگاندن لە هەنگاوی سێهەمی «چارەی کێشە» وە بۆ هەر چارەسەرێک.

دەبێت چارەسەرێک هەڵبژێرم. ئەوە ناهێنێت هاوڕێکەم لە دەست بچێت لەسەر پارچە کێکێک. لێ دەگەڕێم پارچە کێکەکە ببات.

بەو فێرخوازەی کە ڕۆڵی «ئاشتی» وازی دەکات بڵێ: ئاشتی، ئەو پارچە کێکە ببە. پارچەکەی من کریمی زۆری پێوە بوو لە ئاهەنگەکەدا. فێرخوازەکەی ڕۆڵی «ئاشتی»

دەبینێت وەڵام دەداتەوە:«چاکە، تۆ بیبە.» بەخۆت بڵێ: ئۆو، ئەوەیان سوودی نەبوو. دەبێت چارەیەکی دیکە پیادە بکەم.

پاش ڕۆڵوازییەکە، بپرسە: چۆن بووین؟ هەنگاوەکانی خۆئارامکردنەوە و چارەی کێشەمان ڕەچاو گرت؟

ئەوجا سەرەی فێرخوازە. بیریان بخەوە کاتی ڕۆلوازی شێوازی جودای خۆئارامکردنەوە پیادە بکەن. لەم لیستەی خوارەوە نموونەی لەبار هەڵبژێرە کە ڕەنگدانەوەی ئەزموونی فێرخوازە. ئازاد بە لە سازکردنی نموونەی دیکەی گونجاو.

- داوا لە هاوڕێیەک دەکەیت پێکەوە ئیش لەسەر ئەرکێکی زانستی بکەن، بەڵام ئەو دەیەوێت بە تەنێ کاری لەسەر بکات.
- باوکت و خوشکەکەت خەریکی وازی کارتن، داوا دەکەیت بەشدار بیت، بەڵام دەڵێن تازە دەستیان پێ کردووە.
- دۆستان داوات لێ دەکەن بەشدار بیت لە دروستکردنی لمەقەڵایەکدا بەڵام هیچ لیستۆکێکی هەڵکەندنی لێ نەماوە.
- دەتەوێت کتێبە پەسەندەکەت بخوێنیتەوە، بەڵام هاوپۆلێک پێش تۆ بردوویەتی.
- دەتەوێت کۆمەکی مامۆستا بکەیت لە ئەنجامدانی ئیشوکاری نێو پۆل، بەڵام پێت دەڵێت کە هەموو ئیشوکارەکان کراون.

**ئەنجامگیری**

ئەمڕۆ فێربووین وچانگرتن و بیرکردنەوە بۆ چارەی کیشە باشترین کارە. باسمان لە شێوازەکانی خۆئارامکردنەوە کرد. پاشان هەنگاوەکانی چارەی کێشەمان بەکارهێنا بۆ

دیاریکردنی چارەسەری لەبار. پۆستەری «خۆئارامکردنەوە» و «چارەی کێشە» لە نێو پۆلەکەدا بۆ ئەوەیە هەردەم لەبەر چاو بن. فەرموون لەگەڵ کۆپیی پۆستەری «خۆئارامکردنەوە» و «چارەی کێشە» بۆ ئەوەی هەتان بێت، هەر کات پێویست بوو تەماشای بکەن. (بڵاوکراوەکان دابەش بکە.)

**بۆ ماڵەوە**

نامەیەک بۆ ماڵەوە، ژمارە 4، بەشی دووهەمی بەرنامەی «هەنگاو بە هەنگاو».

**گواستنەوەی زانیار**

بیری فێرخواز بخەوە دەمی تووشی کێشە دەبن هەنگاوەکانی چارەی کێشە بەکار بهێنن.

«یادی ڕۆژ»: داوا لە فێرخواز بکە باسی هەندێ کێشە بکەن کە تووشیان بووە. بپرسە چۆن خۆیان ئارام کردۆتەوە؟ چیان کردووە بۆ چارەی کێشەکە؟

## بەشی دووهەم – جڵەوگرتنی جرپنی و چارەی کێشە

## وانەی دووهەم: سازدانی گفتوگۆ

**چەمک**

لە گفتوگۆدا دەبێت هەم باسی وەها بکەیت لای بەرانبەر جێی سەرنج بێت و هەم چالاکانە گوێڕادێر بیت.

**چەمکی زمانەکی: گفتوگۆ**

**ئامانج**

فێرخواز بتوانن:

- هونەری «چارەی کێشە» بەکار بهێنن.
- بە شێوەیەکی دۆستانە گفتوگۆ لەگەڵ کەسانی بەرانبەر دابمەزرێنن.
- بە ڕستەیەکی جوان گفتوگۆی خۆیان لەگەڵ بەرانبەر کۆتا بکەن.

**پێداویستی**

- پۆستەری «چارەی کێشە».
- کاخەزی پۆستەر و پێنووسی مارکەر.
- بڵاوکراوە: ڕاپۆرتی فێرخواز و ڕاپۆرتی دایکوباوکان.

**ئامۆژگاری بۆ مامۆستا**

ئەم وانەیە وەها داڕێژراوە فێرخواز فێری هونەری ڕەفتارەکی بکات. سازدانی گفتوگۆ بەشێکە لە هونەری هەڵکردن لە نێو گرووپدا. جار هەیە منداڵ کە خۆی دەنوێنێت بۆ ئەوەیە سەرنج ڕاکێشێت و بەشداری گفتوگۆ بێت. مەبەستی ئەم وانەیە کۆکردنەوەی

ئەو پێداویستیانەیە لە کەناڵێکی ئایەتی (پۆزەتیف) دا. هونەری گفتوگۆ یارمەتیی منداڵ دەدات پتر خۆشیی لە کۆڕی دۆستان ببینێت. ڕێنوێنیی فێرخواز بکە ڕەفتاری «دۆستانە» بە زمانی لەش، تۆنی دەنگ و دەربڕینی ڕوخسار پێشان بدەن.

## چیرۆک و گفتوگۆ

لە وانەی ئەمڕۆدا هونەری دامەزراندنی گفتوگۆ فێر دەبین.

فۆتۆکە پێشان بدە. «چیمەن» و «تابان» چاوەڕێی پاسی فێرگە دەکەن. تابان نوێیە لە پۆلەکەی چیمەندا. چیمەن پێی خۆشە تابان بناسێت، بۆیە نزیکی دادەنیشێت. بەڵام چیمەن شەرمنە. چاوەڕێیە تابان گفتوگۆکە ساز بکات.



1- پێت وایە گەر چیمەن بەو شێوەیە ڕەفتار بکات ئاشنایەتیی نێوانیان ساز بێت؟ (دەشێت نەبن. دەشێت تابان-یش شەرمن بێت.)

ئاماژە بدە بە پۆستەری «چارەی کێشە».

2- کێشەکە چییە؟ (چیمەن دەیەوێت تابان بناسێت، بەڵام نازانێت چۆن گفتوگۆی لەگەڵ دابمەزرێنێت.)

3- چارە چییە؟ (دەکرێت چیمەن چاوەڕێ بێت تابان شتێک بڵێت. دەکرێت بڵێت «چۆنی» و خۆی بە تابان بناسێنێت.)

4- چی ڕوو دەدات ئەگەر...؟ بۆ هەڵسەنگاندنی چارە، داوا لە فێرخواز بکە هەنگاوی ژمارە 3 ی پۆستەری «چارەی کێشە» بکەنە بنەمای پرسیار و بەرسڤ.

5- چیمەن بڕیار دەدات تابان بدوێنێت. لە چی بدوێت باشە کە دەشێت تابان پێی خۆش بێت؟ بیرۆکەکان لەسەر کاخەزی پۆستەر ڕیز بکە. چیمەن چ پرسیارێک لە تابان بکات باشە بۆ دامەزراندنی ئەو باسانە؟

6- کاتی دامەزراندنی گفتوگۆ، وەها باشە بە شێوازێکی دۆستانە بدوێیت. چیمەن دۆستایەتیی خۆی چۆن پێشان بدات؟ داوا لە چەند فێرخوازێک بکە پێشانی بدەن. باسی زمانی لەش، دەربڕینی ڕوخسار و بەکارهێنانی تۆنی دەنگی دۆستانە بکە.

کاتێک چیمەن بڕیاری دا بێتە گۆ دەبێت پرسیارەکانی خۆی ئامادە بکات. بۆ ئەوەی گفتوگۆکە بەردەوام بێت وەها باشە پرسیار لەوانە نەبن کە تەنها بە «ئەرێ» و «نەخێر» وەڵام بدرێنەوە.

7- شێوازی دیکە چین درێژە بە گفتوگۆ بدەن؟ (چالاکانە گوێڕادێر بە. گوتەکان بکە مایەی پرسیاری دیکە.) چی دەبوو ئەگەر چیمەن تەنها دەربارەی خۆی بدوایە؟

8- گریمان تۆ هەوڵ دەدەیت گفتوگۆ دامەزرێنیت بەڵام کەسی بەرانبەر هێشتا ئارەزووی قسەی نییە، چی دەکەیت؟ (هەڵوێستی باشت تێک مەدە. بابەتێکی جودا بکەوە. دواتر هەوڵێکی دیکە بدەوە.)

چیمەن و تابان دەدوێن هەتا پاسەکە دەگاتە لایان، بەڵام کورسی بەتاڵی تێدا نییە پێکەوە بێت.

9- چیمەن چی بکات باشە بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی دۆستانە کۆتایی بە گفتوگۆکە بهێنێت؟ (بە تابان بڵێت گفتوگۆکردن لەگەڵی خۆش بوو. پێی بڵێ «لە پۆلدا دەتبینمەوە».)

بە سازدانی گفتوگۆیەک لەگەڵی، چیمەن بوو بە ئاشنای تابان، بەڵام زۆربەی جار هاورێگرتن کاتی زیاتری دەوێت.

وەرن چەند هەنگاوێکی سازدانی گفتوگۆ تۆمار بکەین. یەکەم شت چی بوو کە چیمەن کردی؟. رێنوێنی فێرخواز بکە پێشنیازی خۆیان هەبێت. ئەمەش چەند نموونەیەک: 1- بابەتێک هەڵبژێرە تا لە بارەیەوە بدوێیت. 2- دەربارەی ئەم بابەتە پرسیار لە بەرانبەر بکە. 3- گوێگرێکی باش بە. 4- گەر پێویستی کرد بابەت بگۆڕە. 5- بە شێوەیەکی دۆستانە کۆتایی بە گفتوگۆکە بهێنە.

**ڕۆڵوازی**

من ڕۆڵی چیمەن دەبینم. هەنگاوەکانی سازدانی گفتوگۆ دەگرمە بەر بۆ دامەزراندن و کۆتاهێنانی گفتوگۆ لەگەڵ تابان. پاشان سەرەی ئێوەیە. فێرخوازێکی دڵخواز هەڵبژێرە بۆ ڕۆڵی تابان.

ڕۆڵی چیمەن ببینە. ئاشکرا بیر بکەوە (بە دەنگی بەرز بیر بکەوە) : «لەگەڵ تابان باسی چی بکەم باشە؟ دۆزیمەوە. لێی دەپرسم پۆلەکەمانی بەلاوە چۆنە.» بەو فێرخوازەی ڕۆڵی تابان دەبینێت بڵێ: «چۆنیت، تابان. ناوم چیمەنە. تۆ لە پۆلەکەی منیت، وانییە؟ تا ئێستا چ بەشێکی پۆلەکەت بەلاوە خۆشە؟» پاش گوێڕادێرانی چالاکانە بۆ تابان، بڵێ: «گفتوگۆکردن خۆش بوو لەگەڵت. لە پۆلدا دەتبینمەوە.»

پاش ڕۆڵوازییەکە بپرسە: چۆن بووم؟ ئایا هەنگاوەکانی سازدانی گفتوگۆم ڕەچاو گرت؟ چ شتێکی دیکەم بگوتایە بۆ کۆتاهێنانی گفتوگۆکە بە شێوەیەکی دۆستانە؟

ئەوجا سەرەی فێرخوازە. گەر پرسیارەکانیان بێسوود بوو، داوایان لێ بکە بابەتەکان بگۆڕن. گفتوگۆ دامەزرێنە، دەوامەی بدە و کۆتایی پێ بهێنە:

- هاوڕێیەکت تووشی کارەساتی چەرخۆک بووە تازە لە نەخۆشخانە هاتۆتەوە. بانگی دەکەیتە سەر تەلەفۆن.
- منداڵێکی نوێ بۆتە دەراوسێ. دەبینی بە تەنها لە باخچەی پشتەوەیان یاری دەکات.
- خزمێک کە بەدەگمەن دەیبینیت هاتۆتە سەردانتان. دایکوباوکت ژوورەکە بەجێ دەهێڵن و داوات لێ دەکەن بیاندوێنیت.
- دەمی فراڤین، لە تەنیشت کەسێکەوە دادەنیشیت هەرگیز نەتدیوە.

**ئەنجامگیری**

ئەمڕۆ فێربووین چۆن گفتوگۆ دامەزرێنین و ئەوجا بە گوێڕادێرانی چالاکانە و پرسیار بەردەوامیی گفتوگۆکە ڕاگرین و پاشان بە شێوەیەکی دۆستانە کۆتا بە گفتوگۆکە بهێنین. هونەری گفتوگۆ کۆمەکمان دەکات چێژ لە کۆڕی دۆستان وەربگرین.

### بۆماڵەوە

### بڵاوکراوە: ڕاپۆرتی فێرخواز و ڕاپۆرتی دایکوباوکان

«سازدانی گفتوگۆ» وەک توانایەکی چڤاکی بکە سەردێڕ و فێرخواز بە هەنگاوەکانی لە وانەکەدا باسیان لێ کردوون، لیستەکە پڕ بکەنەوە.

### گواستنەوەی زانیار

«خەیاڵی ئەمڕۆ»: داوا لە فێرخواز بکە کاتێک دیاری بکەن بۆ دامەزراندنی گفتوگۆ لەگەڵ بەرانبەردا. کاتی نێو ئۆتۆبوس، کاتی فراڤین، پاش کاتی فێرگە.

### چالاکیی دیکە

داوا لە فێرخواز بکە کورتە چیرۆکێک بە دایەلۆگەوە لە نێوان دوو کاراکتەردا یاخود زیاتر بنووسن. بیریان بخەوە نیشانەی ڕاگواستە («») بەکاربهێنن بۆ جەخت خستنە سەر دایەلۆگەکە.

## بەشی دووهەم – جڵەوگرتنی جرپنی و چارەی کێشە

## وانەی سێهەم: چارەی فشاری دەوروبەر

## چەمک

پێشاندان و هەروەها سەلماندنی «ڕەتکردنەوەی دابڕانە» هونەرێکی گرنگە بۆ پاراستنی سەلامەتیی مرۆڤ.

**چەمکی زمانەکی:** دەوروبەر، فشاری دەوروبەر، دابڕانە، ئازایەتی.

## ئامانج

فێرخواز بتوانن:

- وەڵامی سەلامەت بەرانبەر بە دۆخی ترسناک بدۆزنەوە.
- بەر لە فشاری دەوروبەر بگرن.
- هونەری «چارەی کێشە» بەکاربهێنن.

## پێداویستی

- پۆستەر: «خۆئارامکردنەوە»، «چارەی کێشە».
- کاخەزی پۆستەر و پێنووسی مارکەر.
- بڵاوکراوە: ڕاپۆرتی فێرخواز، ڕاپۆرتی دایکوباوکان.

## ئامۆژگاری بۆ مامۆستا

منداڵ هەیە جرپنە، وچان ناگرێت و بیر لە ڕەوایەتی و سەلامەتیی ڕەفتاری خۆی ناکاتەوە. ئەمە هونەرێکی گرنگە بۆ بەرگرتن لە فشاری دەوروبەر. ئەم وانەیە تیکەڵەیەکە لە هەم چارەی کێشە و هەم وەڵامی دابڕانە.

کارێکی سەختە مرۆڤ بە دۆستانی خۆی بڵێت: «نا». ئەمە بۆ منداڵ و بۆ گەورەساڵانیش ڕاستە. منداڵ دەبێت فێر بێت بڵێت «نا» و هەروەها لە «نا» ی خەڵکی دیکەش تووڕە نەبێت. سەلماندنی «ڕەتکردنەوەی دابڕانە» ش هونەرە.

## چیرۆک و گفتوگۆ

لە وانەی ئەمڕۆدا فێر دەبین چۆن بە دەوربەر بڵێین «نا». «دەوروبەر» هەڤاڵ و منداڵی دیکەی تەمەنی خۆتانن.

(فۆتۆکە پیشان بدە.) ئەمە «سۆزان» و ئەمەش «لاوە» یە. هەردووک لە باخچەی پشتەوەی ماڵی لاوە وازییان دەکرد کە کۆلارەکەی سۆزان لە درەختێک گیر بوو. سۆزان لەگەڵ لاوە خەریکە بەسەر پەرژینی دەراوسێکەدا سەربکەوێت و کۆلارەکە داگرێتە خوارەوە.



ئاماژە بدە بە پۆستەری «چارەی کێشە».

**1-** کێشەی نێو ئەم چیرۆکە چییە؟ (کۆلارەکە لە درەختەکە گیر بووە. سۆزان هەوڵ لەگەڵ لاوە دەدات کۆلارەکە بهێنێتە خوارەوە لە ڕێگەی سەرکەوتن بەسەر پەرژینی دەراوسێکەدا.)

«فشاری دەوروبەر» ئەوەیە دەوروبەر هەوڵ بدەن ناچارت بکەن دژ بە ویستی خۆت کارێک بکەیت.

**2-** چی دەبێت گەر لاوە بە خواستی سۆزان بکات و بەسەر پەرژینی دەراوسێدا سەر بکەوێت؟ باسی سەلامەتی، ڕەوایەتی، هەست و سوودمەندی بکەن.

لاوە دەبێت بیری بکەوێتەوە خۆی ئارام بکاتەوە، وچانێک بگرێت و بیر لە کێشەکە بکاتەوە.

**3-** لاوە چی بە سۆزان بڵێت باشە؟ («نەخێر، بەسەر پەرژینەکەدا سەرناکەوم. کۆنە و ناسەلامەتە و لەوەیە تووشی گرفت ببین.»)

کارێکی سەختە مرۆڤ بە دۆستانی خۆ بڵێت «نەخێر» و جار هەیە گوتنی «نەخێر» ئازایەتی گەرەکە.

(داوا لە فێرخواز بکە ڕێک ڕاوەستن، سەیری ناوچاوی بەرانبەر بکەن و ڕێک بڵێن «نەخێر». ئەمەیە دەستەواژەی «من» ی دابڕانە.)

دەستەواژەی «من» ی دابڕانە ویست و بەرسڤی تۆ بە شێوەیەکی جوان و کاریگەر بۆ بەرانبەر ڕوون دەکاتەوە. ئەم هونەرە زۆرجار بەر لە خراپتربوونی بارودۆخ دەگرێت.

**4-** لاوە چی بە سۆزان بڵێت باشە ئەگەر سۆزان داگرتنی کۆلارەکەی لێ کردە مەرج و هەڕەشەی دابڕانی لێ کرد؟ («پێم ناخۆشە وا دەڵێیت. تۆ هاوڕێمی، بەڵام هێشتا دەڵێم نەخێر.»)

**5-** چ چارەسەری دیکە هەن بۆ کێشەی کۆلارەکە؟ (درەختەکە ڕاوەشێنن. دارێکی درێژ بەکار بهێنن. داوا لە گەورەساڵێک بکەن کۆمەکیان بکەن.)

6- چی ڕوو دەدات ئەگەر.....؟ بۆ هەڵسەنگاندنی چارە، داوا لە فێرخواز بکە هەنگاوی ژمارە 3 ی پۆستەری «چارەی کێشە» بکەنە بنەمای پرسیار و بەرسف.

7- بە دیدی تۆ کامە چارەسەر باشە بەکاری بهێنن؟ بۆچی؟

ئادەی با چەند هەنگاوێک بۆ چارەی فشاری دەوروبەر بنووسینەوە. ڕێنوێنی فێرخواز بکە پێشنیازی خۆیان هەبێت. ئەمانەش نموونەن:

1) بیری لێ بکەوە بزانە داخۆ داواکاریی هەڤاڵانت سەلامەتە یاخود دژی ڕێسایە.
2) ڕێک بوەستە، ڕاستەوخۆ تێیان بڕوانە و ڕێک بڵێ «نەخێر».
3) بیر لە شتێکی دیکە بکەوە تا ئەنجامی بدەیت.
4) گەر دۆخەکە ترسناکە یاخود کۆتایی نایەت گەورەساڵێک ئاگادار بکەوە.

## ڕۆڵوازی

بە بەکارهێنانی هەنگاوەکانی بەرگرتن لە فشاری دەوروبەر، ڕۆڵی لاوە وازی دەکەم. پاشان ئێوەش ڕۆڵوازی بکەن. فێرخوازی دڵخواز هەڵبژێرە بۆ وازیکردنی ڕۆڵی سۆزان.

پێشانی فێرخوازی بدە. بە بەکارهێنانی هەنگاوەکانی فێرخواز، ڕۆڵی لاوە وازی بکە. بەخۆت بڵێ: ئەگەر بەسەر پەرژینی دەراوسێدا سەربکەوم، دەشێت تووشی ئازار ببم. دژی یاساشە. بەو فێرخوازەی ڕۆڵی سۆزان وازی دەکات، بڵێ: نەخێر، سۆزان. بەسەر پەرژینەکەدا سەرناکەوم. ناسەلامەتە و لەوەیە توشی کێشە ببین. دەکرێت درەختەکە ڕاوەشێنین. ئەگەر سوودی نەبوو داوا لە گەورەساڵێک دەکەین کۆمەکمان بکات.

پاش ڕۆڵوازییەکە، بپرسە: چۆن بووم؟ ئایا هەنگاوەکانم ڕەچاو گرت؟

ئەوجا سەرەی فێرخوازە. لەم لیستەی خوارەوە نموونەی لەبار هەڵبژێرە. ئازاد بە لە سازکردنی نموونەی دیکەی گونجاو.

- هەڤاڵێک دەیەوێت جلوبەرگ و خشڵ لە کانتۆری دایکت بدزیت بۆ وازیکردنی شیکپۆشی.
- هەڤاڵێک دەیەوێت کۆمەکی بکەیت لە ماتەماتیکدا گزی بکات.
- هەڤاڵێک دەیەوێت بیرە بخۆیتەوە.
- هەڤاڵێک کلیلی شوێن کاری باوکی پێیە و دەیەوێت کۆمەکی بکەیەت لەگەڵی شوێن کارەکە بپشکنن.
- هەڤاڵێک دەیەوێت بەسەر ئاوی بەستوودا ڕابکەیت. پێت دەڵێت ترسنۆکی ئەگەر وانەکەیت.

**ئەنجامگیری**

گوتنی «نەخێر» بە دۆستان کارێکی سەختە. ئازایەتی گەرەکە لە ڕووی دۆستانتدا بوەستیتەوە. لە وانەی ئەمڕۆدا، فێربووین کە گرنگە بتوانیت بە شێوەیەکی دابڕانە بڵێیت «نەخێر» تاکوو دوور بکەویتەوە لە گرفت و دۆخی ترسناک. هەروەها باسمان لە دۆزینەوەی چارەسەری سەلامەتیش کرد.

**بۆماڵەوە**

بڵاوکراوە: ئەرکی ماڵەوەی ڕاپۆرتی فێرخواز، ڕاپۆرتی دایکوباوکان.

«چارەی فشاری دەوروبەر» وەک توانایەکی جڤاکی بکە سەردێڕ و فێرخواز بە هەنگاوەکانی لە وانەکەدا باسیان لێ کردوون، لیستەکە پڕ بکەنەوە.

## گواستنەوەی زانیار

داوا لە فێرخواز بکە ئەو کاتانە بهێننەوە یاد کە هەستیان بە فشاری دەوروبەر کردووە. هەستیان بە چی کردووە؟ چییان کرد؟ گەر ئێستا با چییان دەکرد؟

## چالاکیی دیکە

کتێبی **«پۆشاکی نوێی پاشا»** ی هانس کریستیان ئاندەرسن - بخوێننەوە. باسی ئەوە بکە فشاری دەوروبەر لە کوێی ئەم چیرۆکەدا بەدەر دەکەوێت.

## بەشی دووهەم – جڵەوگرتنی جرپنی و چارەی کێشە

## وانەی چوارەم: بەرگرتن لە جرپنیی دزی

## چەمک

مرۆڤ بۆ بەرگرتن لە جرپنیی دزی پێویستی بە پێشبینی دەرئەنجامی کورتخایەن و درێژخایەنی ئەو ڕەفتارە هەیە.

## چەمکی زمانەکی: دزی، متمانە

## ئامانج

فێرخواز بتوانن:

- هۆی بەرگرتن لە جرپنیی دزی دیاری بکەن.
- پێشبینی دەرئەنجامەکانی دزی بکەن.
- هونەری چارەی کێشە پیادە بکەن.

## پێداویستی

- پۆستەر: «چارەی کێشە».
- پارەی بچووک و خوردە.
- کاخەزی پۆستەر و پێنووسی مارکەر.

## ئامۆژگاری بۆ مامۆستا

زۆر منداڵ بە قۆناغی «دزیکردن» ـدا دەڕۆن و تێیدا توانای خۆیان و سنووری گەورەساڵان تاقی دەکەنەوە. لەوانەیە لە ئەنجامدا منداڵ متمانەی بڕووخێت.

کۆمەکی منداڵان بکە دەستکەوتی کورتخایەنی دزی بەرانبەر زیانی درێژخایەنی متمانە هەڵبسەنگێنن. تەنانەت لاساریی بچووکیش وەک لاساریی گەورە زیانبەخشە و لە هەردوو باریشدا پەیوەندی تێک دەدات.

## چیرۆک و گفتوگۆ

ئەمڕۆ فێر دەبین چۆن بەر بە جرپنیی دزی بگرین.

(فۆتۆکە پێشان بدە.) ئەمە «گۆران» ـە. «گۆران» پێویستی بە یەک دۆلاری زیاتر هەیە تاکوو بتوانێت ئەو فڕۆکەی لیستۆکە بکڕێت کە دەیەوێت. هەندێک پارە لە دۆڵابەکەی دایکیدا دەبینێت. «گۆران» باوەڕ ناکات دایکی تێبینی بکات ئەگەر کەمێک وردەپارە دیار نەمێنێت.

ئاماژە بە پۆستەری «چارەی کێشە» بدە.



1- کێشەی نێو ئەم چیرۆکە چییە؟ (گۆران پارەی تەواوی نییە بۆ کڕینی ئەو شتەی دەیەوێت.)

2- چی ڕوو دەدات ئەگەر گۆران دزی لە دایکی خۆی بکات؟ (دەشێت دایکی پێی بزانێت و تووڕە بێت. لەوانەیە دایکی چی دیکە متمانەی پێ نەکات. لەوەیە گۆران نائارام بێت بەوەی دەیکات.)

«دزیکردن» بریتییە لەوەی مرۆڤ شتێک ببات هی خۆی نەبێت یاخود بۆی نەبێت دەستی بۆ بەرێت.

3- خراپەی دزی چییە؟ (کارێکی ناڕەوایە. هەستی بەرانبەر ئازار دەدات.)

متمانە بە بەرانبەر ئەوەیە هەست دەکەیت بەرانبەر ڕاستگۆ و سەرڕاستە. گەر مرۆڤ دزی بکات، متمانەی دۆستانی خۆی دەدۆڕێنێت چونکە سەرڕاستانە ڕەفتاری نەکردووە.

4- ڕووی داوە دزیت لێ کرابێت؟ هەستت بە چی کرد؟ هەستت دەربارەی ئەو کەسە چی بوو کە دزی لێ کردیت؟ متمانەت بەو کەسە ما؟

5- کامیان گرنگترە بە لای گۆرانەوە، بەدەستهێنانی پارە بۆ کڕینی فڕۆکە یاخود متمانەی بەرانبەر؟ بۆچی؟

6- دەکرێت گۆران بە خۆدواندن بەر بە جرپنیی دزی بگرێت. چی بە خۆی بڵێت باشە؟ («من سەرڕاستم». «دزی کارێکی ناڕەوایە». «گەر دزی بکەم کەس متمانەم پێ ناکات». «من دزی ناکەم».)

7- چارەی دیکە چین بۆ کێشەکەی گۆران؟ چۆن پارەکە پەیدا بکات بۆ کڕینی فڕۆکەکە؟ (داوای پارەکە لە دایکی بکات. داوای قەرزکردنی پارەکە بکات. هەوڵ بدات پارەکە پەیدا بکات.)

8- چی ڕوو دەدات ئەگەر...؟ بۆ هەڵسەنگاندنی چارە، داوا لە فێرخواز بکە هەنگاوی ژمارە 3 ی پۆستەری «چارەی کێشە» بکەنە بنەمای پرسیار و بەرسف.

9- بە بۆچوونی تۆ گۆران چی بکات باشە؟

وەرن چارەیەکی پەسەند هەڵبژێرین و چەند هەنگاوێک بۆ بەرگرتن لە جرپنیی دزی بنووسینەوە. یەکەم هەنگاوی گۆران چی بێت باشە؟ ڕێنوێنی فێرخواز بکە چەند هەنگاوێک ڕیز بکەن. ئەمانەش نموونەن:

1. وچانێک بگرە و بیر لە دەرئەنجامەکانی دزی بکەوە.
2. بە خۆت بڵێ: «سەرڕاستم. دزی ناکەم.»
3. بیر لە ڕێگەیەکی دیکە بکەوە بۆ بەدەستهێنانی ئەوەی دەتەوێت.

## ڕۆڵوازی

بە پیادەکردنی هەنگاوەکانی بەرگرتن لە جرپنیی دزی، من ڕۆڵی گۆران دەنوێنم. پاشان سەرەی ئێوەیە. هەندێ پارەی کاخەز و خوردە بۆ سەرنج ڕاکێشان لەسەر مێزەکە دابنێ.

پێشانی فێرخوازی بدە. بە پیادەکردنی هەنگاوەکانی پۆل، ڕۆڵی گۆران وازی بکە. بە خۆت بڵێ: تەنها یەک دۆلاری دیکەم دەوێت بۆ کڕینی فڕۆکەکە. ئەگەر بیدزم، هەستم تێک دەچێت. خراپتریش دەبم گەر دایکم پێی بزانێت، بەڕاستی تووڕە دەبێت و هەراسان دەبێت. لەوەیە چی دی متمانەم پێ نەکات. من سەرڕاستم و دزی ناکەم. دەی باشە ئەو دۆلارە چۆن پەیدا بکەم؟ لە دایکم داوا دەکەم. دەکرێت هەوڵی پەیداکردنی بدەم. ئەگەر لە دایکمی داوا بکەم لەوانەیە پارەکەم بداتێ. ئەگەر پارەکە پەیدا بکەم، هەم هەستم باش دەبێت و هەم دایکیشم پێوەم دەنازێت. داوا لە دەراوسێکەم دەکەم داخۆ بە دۆلارێک شۆستەکەی بۆ پاک ناکەمەوە.

پاش ڕۆڵوازییەکە، بپرسە: چۆن بووم؟ ئایا هەنگاوەکانی «بەرگرتن لە دزی» مان ڕەچاو گرت؟

ئەوجا سەرەی فێرخوازە. لەم لیستەی خوارەوە نموونەی لەبار هەڵبژێرە. ئازاد بە لە سازکردنی نموونەی دیکەی گونجاو.

- جلوبەرگی پاکت نەماوە و بلوسە پەسەندەکەی خوشکەکەت دەبینی. ئەو تازە چووە بۆ فێرگە، لەبەر ئەوە پێی نازانێت ئەگەر لەبەری بکەیت.
- دەبینی بە ڕێکەوت یەکێک پارەی لێ دەکەوێت و دەڕوات.

- براکەت کیسەیەک نوقڵی لە دۆلابەکەیدا هەڵگرتووە و حەز دەکەیت تەنها یەک پارچە بخۆیت.
- بابە کێکی بۆ ساڵڕۆژی دایە ساز کردووە و تۆش ئارەزووی قاشێک دەکەیت.

**ئەنجامگیری**

ئەمڕۆ فێربووین چۆن بەر لە جرپنیی دزی بگرین لە ڕێی بیرکردنەوە لە دەرئەنجامەکان و دۆزینەوەی چارە. دزی کارێکی ناڕەوا و نادروستە و دەشبێتە هۆی ڕمانی متمانەی خەڵک پێمان.

**گواستنەوەی زانیار**

لە ڕێی ئاماژەدان بە هۆکارەکانی ڕاهێزان و داهێزانی متمانە، بیرۆکەی متمانە لە نێو پۆلدا بچەسپێنە. زیان و دەستکەوتی دزی بەیەک بگرە.

«خەیاڵی ئەمڕۆ»: داوا لەفێرخواز بکە ئەو کاتانە دیاری بکەن کە دەبێت ئاگایان لە موڵکی بەرانبەر بێت.

**چالاکیی دیکە**

فێرخواز دوو دوو بکە گرووپ و لە ڕێی «پیاسەی متمانە» بیرۆکەی متمانەیان لەلا بچەسپێنە. لە «پیاسەی متمانە»-دا چاوی فێرخوازێک بەستراوە و ئەوی دیکە دەبێت بە سەلامەتی بە دەوروبەری گۆڕەپانی فێرگەدا پیاسەی پێ بکات.

## بەشی دووهەم – جڵەوگرتنی جرپنی و چارەی کێشە

## وانەی پێنجەم: بەرگرتن لە جرپنیی درۆ

## چەمک

ڕاستگۆیی ڕێگەیەکی گرنگە بۆ گرتنە ئەستۆی بەرپرسایەتیی لە ڕەفتاری خۆ.

**چەمکی زمانەکی:** درۆ، متمانە، سەرڕاست، پۆزشهێنانەوە، بەرپرسایەتی، جێباوەڕ.

## ئامانج

فێرخواز بتوانن:

- دەرئەنجامی درۆکردن دیاری بکەن.
- سوودەکانی ڕاستگۆیی دیاری بکەن.
- هونەری چارەی کێشە بەکار بهێنن.

## پێداویستی

- پۆستەر: «چارەی کێشە».
- کاخەزی پۆستەر و پێنووسی مارکەر.

## ئامۆژگاری بۆ مامۆستا

منداڵ فێر دەبن درۆ بکەن بۆ خۆپاراستن لە ئەنجامێکی لێی دەترسن. ترسەکانیان بناسە و فێریان بکە دروستیی ترسەکانی خۆیان هەڵبسەنگێنن. جار هەیە ترسەکەیان دروستە (وەک ئەوەی لە ماڵێکی خراپدان یاخود لە ژێر فشاری دەوروبەردان بۆ ڕەفتاری مەترسیدار.) بەگشتی بارودۆخ باشتر دەبێت کاتێک منداڵ بەرپرس بێت لە

ڕەفتارەکانی خۆی. منداڵ دەتوانێت خۆی فێر بکات دۆخەکان جودا بکاتەوە و بزانێت کەی درۆ پێویستە بۆ خۆپارستن.

ئەم وانەیە بە چەمکی بەرپرسایەتی و متمانەدا دەچێتەوە. بۆ منداڵانی ڕوون بکەوە کە درۆکردن زیانی درێژخایەنی لێ دەکەوێتەوە، دەرئەنجامی درۆکردن لەدەستدانی متمانەی خەڵکییە.

## چیرۆک و گفتوگۆ

**لە وانەی ئەمڕۆدا، فێر دەبین چۆن بەر بە جرپنیی درۆ بگرین.**

(فۆتۆکە پێشان بدە.) ئەمانە «تارا» و «چرا» ن. هەردووک خەریکی وازیی تۆپگرتنەوەن لە گۆڕەپانەکەدا و بە ڕێکەوت پەنجەرەی دەراوسێیەک دەشکێنن. ئێستا دراوسێکە لێیان دەپرسێت داخۆ بینیان کێ پەنجەرەکەی شکاند. تارا و چرا دەترسن و یەکەم شت کە لە خەیاڵیاندایە بیر لە درۆکردن دەکەنەوە.

ئاماژە بە پۆستەری «چارەی کێشە» بدە.



1- کێشەی نێو ئەم چیرۆکە چییە؟ (تارا و چرا پەنجەرەی دەراوسێیان شکاندووە. بیر لە درۆکردن دەکەنەوە چونکە دەترسن.)

2- چ هەستێک هانی تارا و چرا دەدات درۆ بکەن؟ (ترس، تاوان، شەرمەزاری.)

تارا و چرا دەترسن. پێویستە ئارام ببنەوە و بیر لە دەرئەنجامەکان بکەنەوە. (داوا لە فێرخواز بکە چەند هونەرێکی خۆئارامکردنەوە پیادە بکەن.)

3- چی دەبێت گەر تارا و چرا بڵێن ئەوان نەیان شکاندووە؟ (لەوەیە دەراوسێکە باوەڕیان پێ نەکات. دەشێت لێی دەرباز بن. متمانەیان بە یەکتر نامێنێت.)

گەر بزانین کەسێک ڕاستگۆ نییە، لەوانەیە چی دیکە متمانەی پێ نەکەین.

4- «متمانە» چییە؟ (ئەوەیە کەسی بەرانبەر بە سەرڕاست و ڕاستگۆ دەزانین.)

5- گەر تارا و چرا درۆ بکەن، لای کێ متمانەیان نامێنێت؟ (دەراوسێکەیان، دایکوباوکیان، لای یەکتری.)

6- گەر کەسێک درۆت لەگەڵدا بکات هەست بە چی دەکەیت؟ (بە ئازار، تووڕە، نائومێدی.)

7- چرا و تارا چی بە خۆیان بڵێن تاکوو دوور بکەونەوە لە درۆکردن؟ («من سەرڕاستم.» «من درۆ ناکەم.»)

8- کام چارە بۆ کێشەکەی تارا و چرا باشە؟ (ڕاستگۆ بن و پۆزش بهێننەوە. بە کارێکی نێوماڵ پارەی پەنجەرەکە بدەنەوە.)

9- چی ڕوو دەدات ئەگەر...؟ بۆ هەڵسەنگاندنی چارە، داوا لە فێرخواز بکە هەنگاوی ژمارە 3 ی پۆستەری «چارەی کێشە» بکەنە بنەمای پرسیار و بەرسڤ.

تارا بڕیار دەدات ڕووداوەکە وەک خۆی بۆ دەراوسێکەیان باس بکات. پۆزش دەهێنێتەوە و چاککردنەوەی پەنجەرەکە دەگرێتە ئەستۆ. ئەمەیە هەست بە «بەرپرسایەتی» لە کرادری خۆ. بەرپرسایەتی لە کرداری خۆ، متمانەی خەڵکت پێ دەبەخشێت.

10-چی دەبێت گەر تارا ڕاستگۆ بێت و چرا بە تووڕەییەوە لێی بڕوانێت؟ (دەبێت هەر ڕاستگۆ بێت.)

ئادەی با چەند هەنگاوێک بۆ بەرگرتن لە جرپنیی درۆکردن بنووسینەوە. یەکەم هەنگاوی تارا و چرا چی بێت باشە؟ ڕێنوێنی فێرخواز بکە چەند هەنگاوێک ڕیز بکەن. ئەمانەش نموونەن:

1- بیر لە دەرئەنجامەکانی درۆکردن بکەنەوە. 2- بە خۆت بڵێ: «من سەرڕاستم و جێباوەڕم. من درۆ ناکەم.» 3- ڕاستگۆ بە، پۆزش بهێنەوە و قەرەبووی زیانەکە پێشکەش بکە.

**ڕۆڵوازی**

لە بری تارا بە پیادەکردنی هەنگاوەکانی خۆمان بەر لە جرپنیی درۆکردن دەگرم. پاشان سەرەی ئێوەیە. فێرخوازی دڵخواز هەڵبژێرە بۆ وازیکردنی ڕۆڵی دەراوسێکە و چرا.

پێشانی فێرخوازی بدە. بە بەکارهێنانی هەنگاوگەلی فێرخواز ڕۆڵی تارا وازی بکە. بەخۆت بڵێ: دەراوسێکەم بە شکاندنی پەنجەرەکە تووڕەیە. ئەگەر درۆ بکەم، هەست بە تاوان دەکەم، لەوانەیە دواجار پێی بزانێت. دایکوباوکم بێئومێد دەبن ئەگەر پێی بزانن درۆم کردووە. من سەرڕاستم و درۆ ناکەم. بەو فێرخوازەی ڕۆڵی دەراوسێکە

وازی دەکات، بڵێ: داوای لێبووردن دەکەم، ئێمە پەنجەرەکەتمان شکاند. ڕێکەوت بوو. گەر لات باشە، لەبری خەرجیی چاککردنەوەی پەنجەرەکە کار لە باخەکەی ئێوەدا دەکەین.

پاش ڕۆڵوازییەکە، بپرسە: چۆن بووم؟ ئایا هەنگاوەکانی «بەرگرتن لە جرپنیی درۆ» **مان** ڕەچاو گرت؟

ئەوجا سەرەی فێرخوازە. لەم لیستەی خوارەوە نموونەی لەبار هەڵبژێرە. ئازاد بە لە سازکردنی نموونەی دیکەی گونجاو.

- لە بری ڕێی ڕاست، لەماڵی هەڤاڵەکەتەوە پارکەکەت قەد بڕ کرد بەرەو ماڵەوە. دەشزانیت ئەم ڕێساشکاندنە. دایکت پرسیار دەکات بە کام ڕێگەیەدا هاتوویتەوە ماڵەوە.
- موستیلەیەک لە گۆڕەپانی یاریدا دەدۆزیتەوە. پاشان کچێک دەڵێت موستیلەکەی خۆی بزر کردووە.
- باوکت پێی گوتویت ژوورەکەت پاک بکەیتەوە پێش ئەوەی وازی لەگەڵ هەڤاڵەکەتدا بکەیت. هەڤاڵەکەت کۆمەکت دەکات لە پاککردنەوەیدا. پاشان باوکت دەڵێت چەند شانازیت پێوە دەکات چونکە خۆت ژوورەکەت پاک کردۆتەوە.
- گۆزەت شکاندووە و دایکت لۆمەی سەگەکە دەکات.

## ئەنجامگیری

ئەمڕۆ فێربووین چۆن بەر بە جرپنیی درۆکردن بگرین. زاڵبوون بەسەر هەستی تاوان و ترس لە تووشبوونی کێشە کارێکی سەختە. ڕاستگۆیی ڕێگەیەکی گرنگە بۆ بەرپرسایەتیی لە ڕەفتاری خۆ. خەڵکی متمانە بە مرۆڤی ڕاستگۆ دەکەن.

## گواستنەوەی زانیار

بەردەوام باس لە هۆکارەکانی دروستبوونی متمانە بکە. باسی دەرئەنجامی درێژخایەنی «درۆی بچکۆلەی سپی» بکە.

«یادی ئەمڕۆ»: داوا لە فێرخواز باس لە ئەزموونێک بکەن ڕاستگۆیی تێدا بێت.

## چالاکیی دیکە

چیرۆکەی وەها بخوێنەوە باس لە دەستکەوتی کورتخایەن و زیانی درێژخایەن بکات. گەر پەیڕەوی ئەم وانەیەی «پرۆگرامی هەنگاو بە هەنگاو» کرایە ئەو چیرۆکە چۆن دەبوو؟

# بەشی سێهەم – جڵەوگرتنی تووڕەیی

**دەربارەی بەشی سێهەم**

تەکنیکی جڵەوگرتنی تووڕەیی یارمەتیمان دەدات گەشەی تووڕەیی خامۆش بکەینەوە. ئامانجی ئەم بەشە ئەوەیە یارمەتی فێرخواز بدات:

- جڵەوی هەستی تووڕەیی بگرن.
- ڕەفتاری دڕیی سەر بە تووڕەبوون خامۆش بکەنەوە.
- لە ڕێی هونەرەکانی دیاریکردنی هەستی تووڕەیی و ناسینەوەی پنتەکانی تووڕەبوون و هەروەها لە ڕێی بەکارهێنانی هونەرەکانی خامۆشکردنی تووڕەییەوە - هانی چارەی کێشەی جڤاکی بدەن.

هەموو کەس تووڕە دەبێت. تووڕەبوون هەستێکی خراپ نییە. بەڵام زۆر جار تووڕەبوون دەبێتە هۆکاری ڕەفتاری زبر و دڕ. «تووڕەبوون» وەک هەست، کێشە نییە. بەڵام ڕەفتاری مرۆڤی تووڕە دوور نییە ببێتە کێشە. نە هەموو ڕەفتارێکی دڕ بەرهەمی تووڕەبوونە و نە تووڕەبوونیش بەردەوام ڕەفتاری دڕی لێ دەزێتەوە.

جڵەوگرتنی تووڕەیی بریتییە لە کۆکردنەوەی هونەرەکانی خامۆشکردنەوەی شپرزەیی و هەوڵدانە بۆ جڵەوکێشانی هەستی تووڕەیی بەرەو ڕێچکەیەکی جڤاکیی پەسەند. مەبەست وێڵکردنی هەستی تووڕەیی نییە، بەڵکوو هەوڵدانە بۆ ڕێکخستنی بەرتەکی هەستەکە بەشێوەیەکی بنیاتنەرانە ڕووەو چارەی کێشەی چڤاکی.

**خاڵی سەرەکی**

**کاتی تووڕەبوون چی بکەم باشە؟**

وچانێک بگرە و بیر بکەوە

**1**- لە خۆت بپرسە: لەشم هەست بە چی دەکات؟ (دیاریکردنی نیشانەکانی تووڕیی)

2- هەوڵ بدە خۆت ئارام بکەیتەوە. (هونەری جڵەوگرتنی تووڕەیی)

- سێ جار هەناسەی قووڵ هەڵمژە،
- پشتەوژمێری خاو (بە هێمنی بەرەودوا بژمێرە)،
- بیر لە دیاردەی هێمن بکەوە،
- خۆت بدوێنە.

3- بیرکردنەوەی ئاشکرا (پیادەکردنی هەنگاوەکانی «چارەی کێشە»)

4- دواتر بیری لێ بکەوە (بیردانەوە لە پێشهات و هەڵسەنگاندنی توانای خۆ)

ئەم بەشە باس لە پرۆسەی جڵەوگرتنی تووڕەیی دەکات، بەتایبەتی ساز کراوە بۆ ئەوەی یارمەتیی منداڵی پلەی بنەڕەتی بدات چارەی پەشێوی بکات. هەنگاوی کارای خاوبوونەوەی لەشەکی گرێدراوە بە هونەری هۆشەکیی «خۆڕێبەری» و «چارەی کێشە». لەم بەشەی سێهەمدا هونەرەکانی بەشی دووهەمی وەک: «چارەی کێشە»، «خۆئارامکردنەوە»، «ڕاهێنانی هونەری ڕەفتار» و «بیرکردنەوەی ئاشکرا» دێنەوە پێش.

**بیردانەوەش** (وەک ڕەنگدانەوەی بیر) دەچێتە پاڵ هونەرەکانی جڵەوگرتنی تووڕەیی. «ڕاپۆرتی فێرخواز» بەشێکە لە کاری - ماڵەوە و لە زۆربەی وانەکاندا فێرخواز دەبێت کاری لەسەر بکات. ئەم ڕاپۆرتە بۆ بیردانەوەی فێرخوازە دەربارەی نەخش و ڕەفتاری خۆی.

**وانەکانی بەشی سێهەم**

1- **وانەی یەکەم:** دەربارەی هونەری جڵەوگرتنی تووڕەیی – سەرنجێکی گشتی نیشانەکانی تووڕەیی، ڕووداوی تروکانی تووڕەبوون و پرۆسەی جڵەوگرتنی تووڕەیی.

2- **وانەی دووهەم:** چارەی تۆمەت - بەکارهێنانی پرۆسەی جڵەوگرتنی تووڕەی بۆ چارەی تۆمەت.

3- **وانەی سێهەم:** چارەی ناکامی – دۆزینەوەی وەڵامی ئایەتی (پۆزەتیڤ) بۆ چارەکردنی ناکامی.

4- **وانەی چوارەم:** سکاڵا – سکاڵاکردن و بەرسڤدانەوەی سکاڵا بە پیادەکردنی ڕەفتاری ڕێزدارانە و دابڕ.

5- **وانەی پێنجەم:** با «هەنگاو بە هەنگاو» بەردەوام بێت – هونەرەکانی «هەنگاو بە هەنگاو» لە پرۆژەی هاوبەشدا لەگەڵ کەسانی دیکە پیادە بکە.

**تێبینی:** وانەی پێنجەم بەسەرکردنەوەی گشت وانەکانی بەرگی سێهەمە.

بەر لە دەستپێکی وانەکان، کات بۆ خوێندنەوەی سیناریۆکانی ڕۆڵوازی تەرخان بکە بۆ ئەوەی بتوانیت دۆخەکان وەها ساز بکەیت کە ڕەنگدانەوەی ئەزموونی فێرخوازەکان بێت. فۆتۆی ڕۆڵوازیی کارتەکان کۆپی بکە و بەسەر فێرخوازدا دابەشیان بکە.

## چەمکی زمانەکی

چەمکی زمان لە بەشی سێهەمدا بەردەوامیی کارە لەگەڵ چەمکە زمانییەکانی بەشی یەکەم و دووهەم. گرنگترین چەمکی زمانی لەم بەشەدا کە پێویستە فێرخواز تێبگەن چەمکی «خۆئارامکردنەوە» یە. هەنگاوەکانی ئەم هونەرە بریتین لە: هەناسەی قووڵ، پشتەوژمێری خاو، بیرکردنەوە لە دیاردەی ئارام و هەروەها خۆدواندن.

## لیستەی چەمکەکانی بەشی سێهەم

تۆمەت، پنتی توورەیی، نیشانەی توورەیی، دابڕانە، سکاڵا، بێئومێد، ئامانج، بەردەوامبوون، پلان، بیردانەوە، خۆکۆنترۆڵکردن، خۆدواندن، سەرکەوتن.

## گواستنەوەی زانیار

مۆدێلی گواستنەوەی زانیار، کە لە سێ بەش پێکهاتووە و لە **ڕێنامەی مامۆستادا** خراوەتە ڕوو، یارمەتی بەهێزبوونی تواناگەلی سەرەکی و چەمکەکان دەدات کە لە **بەشی سێهەمدا** دەگوترێنەوە.

**«خەیاڵی ئەمڕۆ».** لە دەستپێکی ڕۆژەکەدا، یارمەتی فێرخواز بدە بڕیار بدات کەی هونەری نوێ بەکاربهێنێت. بۆ نموونە، خۆئارامکردنەوە (بۆ نموونە پاش پشووی وانە) و جڵەوگرتنی توورەیی.

**«ڕاهێزانی ڕەفتار».** یارمەتی فێرخواز بدە، لە کاتی توورەیی و شڵەژاندا، سوودی وەڵامدانەوەی هێمنانە ببینن. لە کاری ڕۆژانەدا دەرفەتی جڵەوگرتنی توورەیی زۆرن.

فێرخواز هەیە لای سەختە دەستپێشخەری بکات، دەبێت تۆ یاریدەر بیت. ئەمەش نموونەی گفتوگۆی مامۆستا - فێرخواز:

**مامۆستا** (دەبینێت «مەندێ» تووڕەیە): مەندێ! ئێستا هەناسەیەکی قووڵ هەڵمژە. چاکە. دوو هەناسەی دیکەش هەڵمژە.

**مەندێ** (هێمنترە، بەڵام هێشتا دەگریەت): کوڕەکە پێی گوتم درۆزن!

**مامۆستا:** تێدەگەم کە تۆ پەستی. ئادەی با پێکەوە بڵێین، «ئارام، ئارام».

**مەندێ و مامۆستا:** ئارام، ئارام.

**مامۆستا:** دووبارە زۆر بە هێمنی بیڵێوە.

**مەندێ:** ئارام، ئارام.

**مامۆستا:** زۆر باشە. ئەوجا لە کێشەکە دەدوێین.

گۆشەیەک بۆ «خاوبوونەوە / ئارامبوونەوە / کورتەوچان» دەست نیشان بکە، فێرخواز بۆ خاوبوونەوە و پیادەکردنی هونەرەکانی خۆئارامکردنەوە، پەنای بۆ بەرێت. منداڵ گەر دەرفەتی چالاکیی هەبێت وزەی ناوخۆی ئارام دەبێتەوە. لە بیرت نەچێت، پاش هەموو «کورتەوچان» ێک، باسی چارەی کێشەکە بکرێت.

**«یادی ئەمڕۆ».** داوا لە فێرخواز بکە باس لەو کاتانە بکەن کە هونەرەکانی خۆئارامکردنەوە یاخود پرۆسەی جڵەوگرتنی تووڕەییان بەکارهێناوە. نابێت فێرخواز ناوی کەسانی دیکەی نێو کێشەکە بێنێت. لەم باسەدا سەرنج دەدرێتە هەنگاوە گەشەکانی جڵەوگرتنی تووڕەیی.

تێکبەستنی «گواستنەوەی زانیار» لەگەڵ کاری ڕۆژانەدا، یارمەتی فێرخواز دەدات هونەرەکانی جڵەوگرتنی تووڕەیی لە ژیانی ڕۆژانەدا پیادە بکات.

**تێبینی دەربارەی گەشەسەندن**

## پێناسە و بابەتی گرنگ

تووڕەیی بەرتەکی فیزیکیی وەهای بەدەمەوەیە لەگەڵ «چارەی کێشە»-دا ناکۆک بێن. دیارە تووڕەبوون لە ئارادا بێت، چارەی کێشە سەختتر دەبێت.

منداڵ لە سەرەتای ساڵانی خوێندندا، بەگشتی دەتوانێت:

- وەڵامی نەیارانە کەم بکاتەوە و هۆکاری کێشەی چۆاکی دەرک بکات.

لە ماوەی خوێندنی بنەڕەتیدا منداڵ فێری هونەری دیکە دەبێت، وەک:

- **خۆخەریککردن** بە کارێکی دیکەوە، بۆ نموونە لەبری هەرا و کێشە لەگەڵ منداڵی دیکە لەسەر لیستۆک، خۆ بە نیگارکێشییەوە خەریک دەکات.
- **دۆخگۆڕین**، بۆ نموونە دەگەڕێ بۆ لیستۆکێکی دیکە.

## گرنگیی ئەم بەشە

تووڕەبوون کۆسپ دەخاتە ڕێی «چارەی کێشە»، بۆ نموونە:

- ڕێ لە بیرکردنەوەی ژیرانە دەگرێت،
- ڕێ دەگرێ لە وردبوونە لە کرداری خۆ،

- ڕێ خۆش دەکات بۆ بەرتەکی ئۆتۆماتیکی خۆڕسکانە لەبری وردبوونە لە چەند ڕێگەچارەیەک و هەڵبژاردنی باشەکەیان.

جڵەوگرتنی تووڕەیی هونەرێکە کاری دەوێت. ڕاهێنانی زیاتر منداڵ فێر دەکات:

- هونەرەکانی خۆئارامکردنەوە باش بزانێت.
- خوو بە هونەرەکانی خۆئارامکردنەوە و چارەی کێشەوە بگرێت.

**چالاکیی دیکە**

ئەمەش نموونە بۆ تێهەڵکێشانی وانەکانی ئەم بەشە لە بابەتی دیکە:

1. داوا لە فێرخواز بکە وێنەی خۆیان بکێشن لە دەمی هەستکردن بە تووڕەیی. بەکارهێنانی ڕەنگ پێشنیاز بکە تاکوو پێشانی بدەن لەشیان هەست بەچی دەکات. هانی باسکردنی نیشانەگەلی ئاگادارکردنەوەی تووڕەیی بدە. (هونەر)
2. کۆلاجێکی پۆل ساز بکە کە پێکهاتووە لە وێنەی ئارام، هۆنراوە، گۆرانی و بیرۆکە. داوا لە هەموو فێرخوازان بکە ئەو بەشە هەڵبژێرن کە زۆر پێی ئارامن. (هونەر)
3. داوا لە فێرخواز بکە دەربارەی دوو کاتی ئەم هەفتەیە بنووسن کە تێیدا تووڕەبوون. داوایان لێ بکە باسی هۆکاری تووڕەبوونیان (پنتی تووڕەیی) و چیان کردووە بۆ چارەکردنی کێشەکە بکەن. (هونەرگەلی زمانەکی)
4. داوا لە فێرخواز بکە بیر لە یەکێک بکەنەوە کە خۆی وەکوو سکاڵاکەر دەنوێنێت. داوایان لێ بکە ڕۆڵی سکاڵاکردنەکە بۆ فێرخوازێکی دیکە وازی بکەن. ڕێنوێنی و فیدباک بخە ڕوو. (هونەرگەلی زمانەکی)
5. داوا لە فێرخواز بکە تێکستی خۆدواندن بۆ ئەم دۆخانەی خوارەوە بنووسن و گەر لایان باشە بووکەڵە لە ڕۆڵوازییەکەدا بەکار بێنن:

- یەکەم جارتە یاریی سۆفتباڵ / هەلووکێن دەکەیت.
- زۆر تووڕە بوویت لەوەی خوشکەکەت ژوورەکەتی تێکداوە.
- دەبێت بە دەوری حەوشەی فێرگەدا ڕابکەیت، بەڵام زۆر ماندویت و پێت وا نییە سووڕەکەت بۆ تەواو بکرێت.
- ئەو جێگەیەی خۆت دەتویست لە گەمەکەدا بەر تۆ نەکەوت.
- تۆ لەوە تووڕەیت کە فێرخوازێک لەمێژە کۆمپیوتەرەکەی گرتووە.

(هونەرگەلی زمانەکی، دراما)

**6.** کتێبی ئەلفوبێی دۆخی تووڕە و پێشنیازگەلی جڵەوگرتنی تووڕەیی بۆ پۆلەکە ساز بکە. دەکرێت بیرۆکەگەلی «پرۆگرامی هەنگاو بە هەنگاو» ی تایبەت بە پۆل، فێرگە و کۆمەڵ بابەتەکانی بێت. کتێبەکە بدە بە پۆلێکی دیکەش. (هونەرگەلی زمانەکی)

**7.** چەند پارچە موزیکێکی کلاسیکی بۆ پۆلەکە لێ بدە. هیچ بڕگەیەکی تایبەتی تووڕە یاخود هێمن دیارە؟ داوا لە فێرخواز بکە وێنەی ئەوە بکێشن کە دەیبستن. وێنەکانی موزیکی ئارام و موزیکی تووڕە بەراوورد بکە. هەمان کار لەگەڵ جۆرەکانی دیکەی موزیک وەکوو جاز، ڕۆک، پۆپ، جیهانی یاخود خۆماڵی بکەوە. (موزیک، هونەر)

**8.** داوا لە فێرخواز بکە چالاکی فیزیکی بەهێزی وەکوو پێشبڕکێی ڕاکردن یاخود گوریسی بازدان بەکار بهێنن بۆ جڵەوگرتنی تووڕەیی. (وەرزش)

**9.** داوا لە فێرخواز بکە لە کتێبێکی وێنەدار بڕوانن کە کاراکتەرێکی تووڕەی تێدایە. چیرۆکەکە بەدەنگی بەرز بخوێنەوە. داوایان لێ بکە وێنە تووڕەبوونەکە بکێشن. کۆمەکیان بکە پنتی تووڕەیی دیاریکراو دیاری بکەن کە دەبێتە هۆی تووڕەبوونی کاراکتەرەکە لەگەڵ خوێندنەوەکەدا. لە فێرخواز بپرسە:

- کاراکتەرەکە چۆن چارەی تووڕەییەکە دەکات؟
- هونەرەکانی «هەنگاو بە هەنگاو» چۆن کۆمەکی کاراکتەرەکە دەکەن؟ (هونەرگەلی زمانەکی)

**10.** داوا لە فێرخواز بکە، لە ڕووی پێوانەی فیزیۆلۆژیی وەک ڕێژەی لێدانی دڵ، هەناسەدان، پلەی گەرمی لەش و فشاری خوێن - تووڕەیی و ئارامی بەراورد بکەن. داوایان لێ بکە دەرئەنجامەکانیان بە هێڵکاری پێشان بدەن. (زانست، ماتەماتیک)

**11.** فیلمی کارتۆنی لەبار پێشانی فێرخواز بدە و گفتوگۆی چۆنێتی چارەکردنی تووڕەیی و هەراسانی بکە لەلایەن کاراکتەرەکانەوە. چی فێر دەبوون دەربارەی چارەکردنی تووڕەیی یاخود هەراسانی ئەگەر ئاشنای وانەکانی «هەنگاو بە هەنگاو» ببان؟ (تۆژینەوەی چڤاکی، هونەرگەلی زمانەکی)

**12.** هەڵسوڕێنەرانی کۆمەڵگە وەکوو پیاوانی ئاگرکوژێنەوە، کارمەندی پۆست، خاوەن بانک، ئەفسەری پۆلیس و پەرستار بانگهێشت بکە نێو پۆل تاکوو باس لە چۆنێتی چارەکردنی تووڕەییان بکەن لە ئیشەکانیاندا. (تۆژینەوەی چڤاکی)

بۆ زانیاریی زیاتر و گۆڕینەوەی بیروڕا سەردانی بەشی مامۆستایان بکە لە سایتی کۆمەڵەکەماندا www.cfchildren.org

**کتێب**

گەر کتێبی کوردیی گونجاوت بۆ ئەم بابەتە دەست کەوت ئاگادارمان بکە بۆ ئەوەی کەسانی دیکەش لێی سوودمەند بن.

## بەشی سێهەم – جڵەوگرتنی تووڕەیی

### وانەی یەکەم: دەربارەی هونەری جڵەوگرتنی تووڕەیی

وانەی ڤیدیۆدار

## چەمک

هەم ڕووداوی دەرەکی و هەم خەیاڵی ناوەکی دەشێت ببنە هۆی تووڕەیی.

جڵەوگرتنی تووڕەیی پێویستی بە هونەرەکانی «خۆئارامکردنەوە» و «چارەی کێشە» هەیە.

بیردانەوە دەربارەی ڕەفتارمان لە دۆخی تووڕەبووندا کۆمەکمان دەکات باشتر جڵەوی تووڕەییمان بگرین لە داهاتوودا.

**چەمکی زمانەکی:** نیشانەی تووڕەیی، پنتی تووڕەیی، خۆکۆنترۆڵکردن، خۆدواندن، بیردانەوە

## ئامانج

فێرخواز بتوانن:

- نیشانەی فیزیکیی تووڕەبوون بناسێنن.
- ناو لەو ڕووداوانە بنێن کە دەبنە هۆی تووڕەیی.
- هونەری جڵەوگرتنی تووڕەیی پیادە بکەن.
- پیادەکردنی هونەری جڵەوگرتنی تووڕەییان لە دۆخی گرژیدا هەڵبسەنگێنن.

## پێداویستی

- کاسێتی ڤیدیۆی بەرگی سێهەمی «هەنگاو بە هەنگاو»: «لە ژێر مایکرۆسکۆپدا».
- تەلەڤیزیۆن و ئامێری ڤیدیۆ.

- پۆستەر: «کاتی توورەیی چی بکەم باشە»، «چارەی کێشە».
- نامەیەک بۆماڵەوە، ژمارە 5: بەشی 3 بەرنامەی «هەنگاو بە هەنگاو».

**ئامۆژگاری بۆ مامۆستا**

ئەم وانەیە سەرنجێکی گشتییە دەربارەی ناسینەوەی نیشانەگەلی توورەیی (هەستی لەش بەهۆی توورەییەوە) و پنتی توورەیی (بیرۆکە یاخود ڕەفتار کە هەستی توورەیی دەوروژێنن یاخود دروستی دەکەن). پێشانی فێرخوازی دەدات کە هونەری خۆئارامکردنەوە و چارەی کێشە، کە لە بەشی دووهەمدا باس کراون، ئامرازی گرنگن لە پرۆسەی جڵەوگرتنی توورەییدا.

پۆستەری «کاتی توورەیی چی بکەم باشە» لە پۆلدا هەڵواسە بۆ ئەوەی هەردەم لەبەر چاو بێت.
پێشتر تەماشای فیلمەکە بکە، پاشان هەڵی بکەوە سەرەتا.

لەبەر درێژیی ئەم وانەیە، دەتوانن بیکەنە دوو بەش، بەڵام نێوانیان لە دوو ڕۆژ زێتر نەبێت.

**چیرۆک و گفتوگۆ**

**ئەمڕۆ لە چارەی هەستی توورەیی دەدوێین. جار هەیە مرۆڤ نازانێت چی بکات باشە.**

**1-** چۆن توورەبوونی خۆت دەناسیتەوە؟ لەشت هەست بە چی دەکات؟ (سەر دەیەشێت. پێچ و گرێ لە گەدەدا دروست دەبێت. دڵ خێراتر لێ دەدات.)

لەش زۆر «نیشانەی تووڕەیی» بەکار دێنێت بۆ ئەوەی ئاگادارمان بکاتەوە لە تووڕەبوونی خۆمان. سەرنجدانە ئەو نیشانەگەلە کۆمەکمان دەکات چارەی بکەین. «پنتی تووڕەیی» ئەو خاڵانەن کە وامان لێ دەکەن هەست بە تووڕەیی بکەین. پنت هەیە «دەرەکی» وەک ئەوەی کەسێک جنێو بدات یاخود نۆرە بڕی بکات. پنتیش هەیە «ناوەکی» وەک ئەوەی مرۆڤ بیرۆکەیەکی بۆ دێت تووڕەی دەکات، بۆ نموونە بە خەیاڵ وەهای دادەنێت کارێکی ناڕەوای بەرانبەر کراوە.

-2 هەندێ پنتی تووڕەیی تۆ چین؟

ئاماژە بە پۆستەری «کاتی تووڕەیی چی بکەم باشە» بدە. ئەم پۆستەرە بیرمان دەخاتەوە دەمی تووڕەین چی بکەین باشە. داوا لە فێرخواز بکە هەنگاوەکان بخوێننەوە و بیریان بخەوە کە هەنگاوی سێهەم ئاماژەیە بۆ پرۆسەی نێو «چارەی کێشە». لە وانەکانی پرۆگرامی «هەنگاو بە هەنگاو»-دا ئەم هەنگاوانە پیادە دەکەین تاکوو کاتی تووڕەیی بەکاریان بهێنین. فۆتۆکە پێشان بدە.



-3 ئەمە «ئارژەن» ـە. چۆن دەزانیت ئارژەن تووڕەیە؟ (ڕووخساری تووڕەیی پێشان دەدات.)

ئادەی با پێکەوە تەماشای ڤیدیۆ کلیپێکی کورت بکەین. بزانن داخۆ بۆچی ئارژەن هەست بە تووڕەیی دەکات.

ڤیدیۆکە کلیپەکە پیشان بدە و پاشان وچانێک بۆ گفتوگۆ وەرگرە.

-4 ئارژەن بۆچی تووڕەیە؟ (ئاری لە بەردەم مایکرۆفۆنەکەدا پاڵی پێوە ناوە پێش ئەوەی نۆرەی خۆی بێت.)

-5 پێت وایە ئاری مەبەستی بووە ئارژەن تووڕە بکات؟ (لەوانەیە و لەوانەش نییە. پێویستیمان بە زانیاری زیاترە.)

هێشتا نۆرەی ئارژەن بوو، ئاری پەلاماری مایکرەفۆنەکەی دا، پنتی تووڕەیی ئارژەنی هەژاند.

ئاماژە بدە بە هەنگاوی سێهەمی پۆستەری «کاتی تووڕەیی چی بکەم باشە» دەبینیت ئەم چوار هەنگاوەی خۆئارامکردنەوەیە کاتی تووڕەیی هەمان ئەو هەنگاوانەن کە لە وانەیەکی زووتری «هەنگاو بە هەنگاو»-دا فێریان بووین.

-6 بۆچی بۆ ئارژەن باشە خۆی ئارام بکاتەوە و بیر بکاتەوە پێش ئەوەی ڕەفتار بکات؟ (کاتی دەبێت بۆ دۆزینەوەی چارەی کێشەکە.)

خۆئارامکردنەوە کۆمەکمان دەکات «کۆنترۆڵی خۆمان» بکەین کاتی هەستی توندمان دەبێت. «خۆدواندن» هەنگاوێکی خۆئارامکردنەوەیە و لە لایەن وەرزشکاران و موزیکژەنانەوە بەکار دێت تاکوو کۆمەکیان بکات باشترین تواناکانیان بخەنە ڕوو. گوتەی وەک «دەتوانم ئەم هەوڵە ساز بکەم» یاخود «دەتوانم ئەم پارچە موزیکە بژەنم» بە خۆیان دەڵێن.

7- ئارژەن بۆ خۆئارامکردنەوە چی بە خۆی بڵێت باشە؟ («هێمن بەوە.» «من تووڕە نابم.» «ئەمەم پێ چارە دەکرێت.»)

ئاماژە بدە بە هەنگاوی سێهەمی پۆستەری «چارەی کێشە». کاتێک خۆت ئارام کردەوە، چارەکردنی کێشەکە هەنگاوی داهاتوو دەبێت بە بەکارهێنانی هەنگاوەکانمان بۆ چارهکردنی کێشە.

8- کێشەی نێو ئەم چیرۆکە چییە؟ (ئارژەن و ئاری یەک مایکرۆفۆنیان پێیە. دەبێت نۆرەی بۆ بگرن، بەڵام هەردووکیان دەیانەوێت مایکرۆفۆنەکە بەکار بهێنن.)

ئادەی با بگەڕێینەوە بۆ ڤیدیۆکە و پێکەوە ببینین ئارژەن چۆن ئەم کێشەیە چارە دەکات.

ڤیدیۆکە پێشان بدە و پاشان وچانێک بۆ گفتوگۆ وەرگرە.

9- پاش ئارامبوونەوەی ئارژەن، دەبیستین بیر لە چارەی دیکە دەکاتەوە. ئادەی با پێکەوە لیستێکی چارەسەری دیکە بنووسینەوە. (ئاری بخاتە ئەولای دیکەوە. هەوڵ بدات لەگەڵ ئاری دووبارە قسە بکاتەوە. پاڵ بە کەسێکی دیکەوە بنێت لەبەردەم مایکرۆفۆندا. بە مامۆستا بڵێت.)

10- چارە دیکە هەیە لە فیلمەکەدا باسی نەهاتبێت؟

ئاماژە بە هەنگاوی سێهەمی پۆستەری «چارەی کێشە» بدە. وەرن بە یەکەوە هەموو چارەکان هەڵبسەنگێنین، دەپرسین: ئایا سەلامەتە؟ کەسانی بەرانبەر چۆنی وەردەگرن؟ ئایا ڕەوایە؟ ئایا سوودی دەبێت؟

11- پێت وایە ئارژەن کامە چارە بەکار بهێنێت باشە؟ بۆچی؟

لە ڤیدیۆکەدا، ئارژەن هەوڵی دا ئاری بدوێنێت، بەڵام سوودی نەبووە. جار هەیە یەکەم چارە بێسوود دەمێنێت ئەوسا چارەیەکی دیکە هەڵدەبژێرین.

پاش چارەکردنی کێشەکە، زۆر گرنگە بیر لە چارەکە بکەینەوە. ئەمە پێی دەگوترێت «بیردانەوە». ئاماژە بدە بە پۆستەری «کاتی تووڕەیی چی بکەم باشە»، هەنگاوی 4. وەرن وەک ئارژەن چۆن کێشەکەی چارە کرد ئاوا وەڵامی ئەو پرسیارانە بدەینەوە.

**ڕۆڵوازی**

وەرن بەیەکەوە چەند دۆخێکی تووڕەیی دەکەینە ڕۆڵوازی. سەرەتا یەکێک لە هەنگاوەکانی خۆئارامکردنەوە بەکار دەهێنن و پاشان کێشەکە بە بیرکردنەوەی ئاشکرا چارە دەکەین. دۆخێک پێشان دەدەم و چارەی دەکەم. دۆخەکە ئەوەیە کە خوشکە بچوکەکەم بەردەوام بە دوامدا دێت لە فێرگە. (فێرخوازێکی دڵخواز هەڵبژێرە بۆ بینینی ڕۆڵی خوشکەکەت.)

پێشانی فێرخوازی بدە. ڕۆڵی منداڵە گەورەکەیان وازی بکە کە خوشکەکەی دوای دەکەوێت. تووڕە ببە، پاشان سێ هەناسەی قووڵ هەڵمژە، بەرەودوا بژمێرە و بە خۆت بڵێ: هێمن بەوە، ئەمەم پێ چارە دەکرێت. بە ئاشکرا بیر بکەوە و بڵێ: کێشەکە چییە؟ خوشکەکەم بە دوامدا دێت و منیش نامەوێت وا بکات. هەندێ چارە چین؟ دەتوانم هاوار بکەم بەسەریدا یاخود بیدوێنم و هەستمی پێ بڵێم، یاخود کۆمەکی بکەم هاوڕێکانی بدۆزێتەوە. هاوارکردن - ئایا سەلامەتە؟ بۆ هەڵسەنگاندنی چارە، پرسیارەکانی هەنگاوی سێهەم بکە بنەما. چارەیەک هەڵبژێرە و بڵێ:. پێم وایە خوشکەکەم دەدوێنم. بەو فێرخوازەی ڕۆڵی خوشکەکەت دەبینێت، بڵێ: تووڕە دەبم کاتێک بە دوامدا دێیت. دەمەوێت لەگەڵ هاوڕێکانی خۆم بم.

پاش ڕۆڵوازییەکە، لە ڕێی پرسیارەکانی بیردانەوەی هەنگاوی چوارەمی پۆستەری «کاتی تووڕەیی چی بکەم باشە»، چارەکە هەڵسەنگێنە.

ئەوجا سەرەی فێرخوازە. ڕێگەیان مەدە ڕۆڵی هیچ دۆخێکی ناکۆکی ڕاستی وازی بکەن. داوایان لێ بکە خۆیان وا دەرخەن کە تازە ناکۆکی ڕوویداوە و دەبێت چارەی بۆ بدۆزنەوە. لەم لیستەی خوارەوە نموونەی لەبار هەڵبژێرە. ئازاد بە لە سازکردنی نموونەی دیکەی گونجاو.

- هاوپۆلێک تێپەڕ دەبێت و کتێبەکانت لەسەر مێزەکە هەڵدەداتە خوارەوە.
- تۆ تەماشای کەناڵێکی تەلەڤزیۆن دەکەیت، خوشکەکەت دێت و دەیگۆڕێت.
- هەڤاڵێکت لەماڵەوە یاریت لەگەڵ دەکات بەڵام ئامادە نییە لە کۆکردنەوە و خاوێنکردنەوەی ژوورەکەدا هاوکار بێت.
- هاوپۆلێک بێ پرسکردن شیرینی فراڤینەکەت دەبات.
- هاوپۆلێک پێ بە پشتی پێڵاوەکەتدا دەنێت و پیسی دەکات.
- هاوپۆلێک نۆرە بڕیت لێ دەکات.
- هەڤاڵێک بۆ ڕاکێشانی سەرنجی تۆ ڕەفتاری بێمانا دەکات.
- هاوپۆلێک کڵاوەکەت دەفڕێنێت و یاری «شاردنەوە»ی لەگەڵ هاوڕێکانی پێ دەکات.
- دوو فێرخواز یاری دەکەن و لەسەر تۆ ناکەن.

**ئەنجامگیری**

هەموو کەسێک جاروبار تووڕە دەبێت. هەستکردن بە تووڕەیی خراپ نییە، بەڵام گرنگ ئەوەیە ڕەفتاری تووڕەییمان باش بێت. ڕەفتارێک ئازاری خەڵک یاخود زیان بە موڵکیان بدات هەرگیز باش نییە. دەشێت هونەرەکانی خۆئارامکردنەوە و چارەی کێشە پیادە بکەین تاکوو بە شێوازی ئاشتیانە چارەی دۆخی تووڕە بکەین.

**بۆماڵەوە**

نامەیەک بۆ ماڵەوە، ژمارە 5: بەشی سێهەمی «هەنگاو بە هەنگاو».

**گواستنەوەی زانیار**

کاتێک ناکۆکیی فێرخواز پەرە دەستێنێت، دەستپێشخەری بکە و بە هەنگاوەکانی جڵەوگرتنی تووڕەییدا بیان بە. فێرخواز ڕابهێنە کاتی پێشبینیکردنی کێشە خۆیان بدوێنن.

«یادی ڕۆژ»: داوا لە فێرخواز بکە داخۆ هەنگاوی جڵەوگرتنی تووڕەییان بەکارهێناوە.

## بەشی سێهەم – جڵەوگرتنی تووڕەیی

## وانەی دووهەم: چارەی تۆمەت

## چەمک

مرۆڤ بۆ چارەی تۆمەت وەها باشە بیر لە گوتەی بەرانبەر بکاتەوە و ئەوجا بە شێوەیەکی دوور لە توندوتیژی وەڵامی بداتەوە.

**چەمکی زمانەکی:** تۆمەت

## ئامانج

فێرخواز بتوانن:

- شێوازی کاریگەر و ئاشتییانە بۆ چارەی تۆمەت بدۆزنەوە و پیادەی بکەن.
- هونەری جڵەوگرتنی تووڕەیی بەکار بهێنن.

## پێداویستی

- پۆستەر: «کاتی تووڕەیی چی بکەم باشە»، «چارەی کێشە».
- کاخەزی پۆستەر و پێنووسی مارکەر.
- بڵاوکراوە: ئەرکیماڵەوەی ڕاپۆرتی فێرخواز، ڕاپۆرتی دایکوباوکان.

## ئامۆژگاری بۆ مامۆستا

کارێکی گرانە بۆ گەورەسالان دان بە هەڵەی خۆیاندا بنێن. منداڵیش هەتا فێری ئەم هونەرە دەبێت کاتی دەوێت. بۆ منداڵانی ڕوون بکەوە کە وەئەستۆگرتنی بەرپرسایەتی ڕەفتاری خۆڕاهێزاندنە نەک خۆداهێزاندن. بۆشیان ڕوون بکەوە کە جاروبار تۆمەت ناڕاستە و دەکرێت بە ئارامی و بە چوستی و بە ئاشتییانە چارە بکرێن.

**چیرۆک و گفتوگۆ**

ئەمڕۆ فێر دەبین چی بکەین باشە کاتێک بەرانبەر تۆمەتی شتێکمان دەخەنە پاڵ.

**1**- «تۆمەت» چییە؟ (ئەوەیە کاتێک کەسێک لۆمەت دەکات بۆ شتێک یاخود سکاڵات لێ دەکات بۆ ئەنجامدانی شتێکی هەڵە.)

فۆتۆکە پێشان بدە. ئەمە «سارا» یە و ئەوەش «جووتیار». ئەم دووانە هاوڕێن. جووتیار کتێبێکی نوێی سارای خواستووە. کاتێک جووتیار کتێبەکەی لە ڕۆژی دواییدا بردەوە، سارا بەوەی زانی کە لاپەڕەیەکی دڕاوە. سارا ئێستا جووتیار تۆمەتبار دەکات بە دڕاندنی لاپەڕەکە و تووڕەیە لێی.



2- کێشەی نێو ئەم چیرۆکە چییە؟ (کتێبەکەی سارا دڕاوە و سارا پێی وایە جووتیار دڕاندوویەتی.)

جووتیار خەریکە تووڕە دەبێت و هاوار بەسەر سارادا بکات.

3- پێت وایە سارا مەبەستێتی جووتیار تووڕە بکات؟ (نەخێر.) بۆچی نەخێر؟ (هەوڵ دەدات پێی بڵێت کە پەستە بۆ کتێبەکەی.)

4- جووتیار گەر بە تۆمەتەکەی سارا تووڕە بێت، چی بکات باشە؟ (خۆی ئارام بکاتەوە بە هەڵمژینی سێ هەناسەی قووڵ، پشتەوژمێر بەهێمنی، یاخود بە خۆدواندن.)

جووتیار خۆی ئارام دەکاتەوە و بیر لە گوتەکەی سارا دەکاتەوە، لەوانەیە سارا ڕاست بکات. دوور نییە بەڕێکەوت لاپەڕەکەی دڕاندبێت.

5- ئێستا جووتیار چی بڵێت و چی بکات باشە؟ (داوای لێبووردن بکات و پێشنیازی قەرەبووکردنەوەی دڕاندنی لاپەڕەکە بکات.)

6- جووتیار گەر بزانێت تۆمەتەکەی سارا ڕاست نییە و لاپەڕەکە زووتر دڕا بوو، چی بکات باشە؟ (دەبێت بە سارا بڵێت کە لە هۆکاری تووڕەبوونەکەی تێدەگات، بەڵام هەڵەی ئەو نەبووە.)

**7**- ڕووی داوە چارەی تۆمەتێکت کردبێت؟ چی بوو؟ چۆن وەڵامتان دایەوە؟ ئێستا با چۆنت دەکرد؟

وەرن چەند هەنگاوێکی چارەی تۆمەت بنووسینەوە. یەکەم هەنگاوی جووتیار چی بوو؟ ڕێنوێنی فێرخواز بکە چەند هەنگاوێک ڕیز بکەن.

ئەمانەش نموونەن: 1- خۆت ئارام بکەوە. 2- بڕیار بدە ئاخۆ ئەوەی بەرانبەر دەیلێت ڕاستە. 3- وەڵامی گونجاو بدەوە و داوای لێبووردن بکە.

**ڕۆڵوازی**

وەرن چەند دۆخێکی تۆمەتبارکردن دەکەینە ڕۆڵوازی. سەرەتا دۆخەکان وا ڕۆڵوازی دەکەین وەک ئەوەی گوتەی بەرانبەر ڕاست بێت. پاشان هەمان دۆخ ڕۆڵوازی دەکەین وەک ئەوەی گوتەی بەرانبەر ناڕاست بێت. بەکارهێنانی هەنگاوەکانمان، من ڕۆڵی دۆخەکەی نێوان جووتیار و سارا وازی دەکەم. دڵخوازێک هەڵبژێرە بۆ ڕۆڵی سارا.

پێشانی فێرخوازی بدە. بە بەکارهێنانی هەنگاوەکانی پۆل ڕۆڵی جووتیار وازی بکە. سێ هەناسەی قووڵ هەڵکێشە و بە خۆت بڵێ: ئارام بە. بیر لەوە بکەوە کە سارا دەیلێت. لە وانەیە کتێبەکەی بە دەست منەوە، کاتێک خستوومەتە نێو کۆڵەپشتەکەمەوە، دڕا **بێت.** بەو فێرخوازەی ڕۆڵی سارا دەبینێت، بڵێ: تۆ ڕاست دەکەیت. لە وانەیە کتێبەکەم دڕاندبێت، داوای لێبووردن دەکەم. کتێبێکی نوێت بۆ دەکڕم یاخود کتێبێکی خۆمت دەدەمێ.

دووبارە پێشانی فێرخوازی بدە، بەڵام ئەمجارە وا وەڵامی تۆمەتەکە بدەوە وەک ئەوەی ناڕاست بێت.

پاش هەر شێوەیەکی ڕۆڵوازییەکە، بپرسە: چۆن بووم؟ ئایا هەنگاوەکانم ڕەچاو گرت؟

ئەوجا سەرەی فێرخوازە. دەبێت سەرەتا فێرخواز وەڵامی بەرانبەر وا بدەنەوە کە ئەم تۆمەتانەی خوارەوە دروستن، پاشان نادروستن. لەم لیستەی خوارەوە نموونەی لەبار هەڵبژێرە. ئازاد بە لە سازکردنی نموونەی دیکەی گونجاو.

**گریمان هەڤاڵێک تۆمەتبارت دەکات بە:**

- شکاندنی لیستۆکەکەی.
- جنێودان.
- پاک نەکردنەوەی جێی خۆت.
- خواردنی هەموو کێکەکە و نەهێشتنەوەی پارچەیەک بۆ ئەو.
- نەگێڕانەوەی کتێبەکە.
- بانگهێشت نەکردن بۆ سینەما.
- تەلەفۆن نەکردن گەرچی پەیمانت دابوو تەلەفۆن بکەیت.
- درۆکردن.
- بەکارهێنانی هەموو کاخەزەکە بۆ کاری هونەری.
- نووسین لەسەر دیواری توالێت.
- هەراسانکردن.

**ئەنجامگیری**

ئەمرۆ فێربووین چۆن بە هێمنانە و ئاشتییانە چارەی تۆمەت بکەین.

**بۆ ماڵەوە**

بڵاوکراوە: ئەرکی ماڵەوەی ڕاپۆرتی فێرخواز، ڕاپۆرتی دایکوباوکان.

- «چارەی تۆمەت» وەک توانایەکی چاکی بکە سەردێڕ و فێرخواز بەو هەنگاوانەی لە وانەکەدا باسیان لێ کردوون، لیستەکە پڕ بکەنەوە.

**گواستنەوەی زانیار**

فێرخواز ڕابهێنە بەردەوام بن لە بەکارهێنانی هونەری خۆئارامکردنەوە کاتێک بەرانبەر تووڕەیان دەکەن. ڕوونی بکەوە کە دانپێدانانی هەڵە نیشانەی ڕسکانە.

«یادی ڕۆژ»: لە فێرخواز بپرسە داخۆ ڕووی داوە تۆمەتبار کرابن. چۆن چارەیان کردووە؟

## بەشی سێهەم – جڵەوگرتنی تووڕەیی

## وانەی سێهەم: چارەی ناکامی

**چەمک**

چارەکردنی ناکامی یاخود سەر نەکەوتن لە بەدەستهێنانی ئامانجێکدا هەڵویستی باش و هەڵسەنگاندنی دۆخی گەرەکە.

**چەمکی زمانەکی: ناکامی، ئامانج، سەرکەوتن، پلان، کۆڵ نەدان**

**ئامانج**

فێرخواز بتوانن:

- وەڵامی ئایەتی بۆ ناکامی بخەنە ڕوو.
- پلان دابنێن بۆ بەدەستهێنانی ئامانج.
- هونەری چارەی کێشە پیادە بکەن.

**پێداویستی**

- پۆستەر: «چی بکەیت باشە دەمی تووڕەبوون»، «چارەی کێشە».
- کاخەزی پۆستەر و پێنووسی مارکەر.
- بڵاوکراوە: ئەرکی ماڵەوەی ڕاپۆرتی فێرخواز، ڕاپۆرتی دایکوباوکان.

**ئامۆژگاری بۆ مامۆستا**

بە لای زۆری مرۆڤەکانەوە، وشەی «سەر نەکەوتن» بە واتای کۆتایی دێت کە دەرفەت و هەلی دیکەی تێدا نییە. کارێکی پڕ کۆمەک دەبێت بۆ هەندێک مرۆڤ گەر زارەوەی «سەر نەکەوتن» پێناسە بکرێتەوە. دەکرێت سەر نەکەوتن وەکوو

هەنگاوێ ڕووەو بەدەستهێنانی ئامانج بە شێوەیەکی ئایەتی دەرک بکرێت. ڕوونی بکەوە کە زۆربەی مرۆڤەکان، تەنانەت وەرزشوان و زانای ناوداریش، لە هەوڵە سەرەتاییەکانیاندا کەوتوون.«سەر نەکەوتن» دەرفەتی فێربوونی تێدایە. هیلاکبوون، کۆڵ نەدان و فێربوونی نوێ مەرجن بۆ ئامانجی پڕ لە بەرەنگاری.

لایەنێکی گرنگی ئەم وانەیە کۆمەککردنی منداڵە لە ڕوونکردنەوە و دیاریکردنی شتگەلی نێو چوارچێوەی توانای خۆیان تاکوو کۆنترۆڵی بکەن و بیگۆڕن.

**چیرۆک و گفتوگۆ**

ئەمڕۆ فێر دەبین چۆن ناکامی چارە بکەین.



1. هەستکردن بە «ناکامی» چۆنە؟ (هەست دەکەیت بێتوانایت یاخود دڵتەنگی.) فۆتۆکە پیشان بدە. ئەمە «ئاری» یە. «ئاری» فێری یاری بەیزبۆڵ بووە. تیمی بەیزبۆڵەکەی لە ڕۆژی شەممەدا یارییەکی گرنگیان هەیە و ئەویش هیوای وابوو ببێتە تۆپهاوێژەری یارییەکە، بەڵام ڕاهێنەر یاریزانێکی دیکەی هەڵبژارد.

2. پێت وایە ئاری هەست بە چی دەکات؟ (ناکامە، دڵتەنگە.)

ئاری پێی وایە خۆی وەکوو یاریزانەکەی دیکە باشە. ئەوەندە ناکامە خەریکە دەست دەکات بە گریان. خەریکیشە تووڕە دەبێت. هەست دەکات دەیەوێت بەسەر ڕاهێنەرەکە و یاریزانەکەی دیکەدا هاوار بکات کە تۆپەکە دەهاوێژێت.

3. بەرانبەر ئەم هەستە، ئاری چی کات باشە؟ (خۆی ئارام بکاتەوە.) داوا لە فێرخواز بکە هونەرەکانی خۆئارامکردنەوە پیادە بکەن.

4. ئاری وەکوو تۆپهاوێژەر هەڵنەبژێردرا، بۆ؟ (لەوانەیە یاریزانەکەی دیکە باشتر بووبێت. لەوانەیە ڕاهێنەرەکە ویستبێتی ئاری لە یاری دواتردا بەکار بهێنێت.)

«ئامانج» بابەتێکە کاری بۆ دەکەیت. ئامانجی ئاری ئەوە بوو هونەری تۆپهاویشتن باشتر بزانێت. گەر مرۆڤ زانی بە ئامانجی خۆی ناگات دەبێت بیر لە هۆکاری سەرنەکەوتنەکە بکاتەوە بزانێت بۆچی نەیتوانیووە پێی بگات و چی بکات بۆ پێکانی. زۆر لە وەرزشوانان و خەڵکی دیکە لە یەکەم هەوڵیاندا «سەرکەوتوو» نابن، یاخود بە ئامانجەکەیان ناگەن. مرۆڤ لە بڕوای بە توانای خۆی هەبێت. کار بۆ ئامانجی خۆی بکات و پلانی بۆ دابنێت. جار هەیە مرۆڤ ناچارە ئامانجی خۆی یان پلانەکەی خۆی دەستکاری بکات. بەدەستهێنانی ئامانج «کۆڵ نەدان» ی گەرەکە، کە مانای هەوڵدانی بێ دابڕان دەگەیەنێت.

5. ئادەی با پێکەوە بیر لە چەند پلانێک بکەینەوە بۆ ئاری کاریان پێ بکات؟ (دەشێت داوای یارمەتی بکات بۆ باشترکردنی توانای تۆپهاویشتنی. دەشێت کاتی زیاتر بدات بە ڕاهێنان.)
6. چی ڕوو دەدات ئەگەر...؟ بۆ هەڵسەنگاندنی چارە، داوا لە فێرخواز بکە هەنگاوی ژمارە 3 ی پۆستەری «چارەی کێشە» بکەنە بنەمای پرسیار و بەرسف.

ئاماژە بە هەنگاوی چوارەم بدە. ئاری دەبێت چارەیەک هەڵبژێرێت و پلانێکی هەنگاو بە هەنگاو دابنێت بۆ جێبەجێکردنی چارەکە. گەر ئامانجەکەی بریتی بێت لەوەی ببێتە تۆپهاوێژەرێکی چاکتر، ڕاهێنانی ڕۆژانەی تۆپهاویشتن بۆ ماوەی نیو کاتژمێر بۆ ماوەی دە ڕۆژ یەکێکە لە پلانەکان کە دەشێت دایبنێت.

وەرن چەند هەنگاوێک بنووسینەوە بۆ چارەی هەستی ناکامی. ڕێنوێنی فێرخواز بکە چەند هەنگاوێک ڕیز بکەن. ئەمانەش نموونەن: 1- خۆت ئارام بکەوە. 2- بیر بکەوە ئاخۆ ئامانجەکەت ئەوەیە کە بەڕاستی مەبەستە و دەتوانیت پێی بگەیت. هەوڵ بدە تێبگەیت کە بۆچی هێشتا پێی نەگەیشتوویت. 3- پلانی هەنگاوگەلی داهاتووت دابنێ.

## چالاکی

فێرخواز بکە بە دوو دەستەی بچووکی گفتوگۆ. بۆ هەر گرووپێک لەم لیستەی خوارەوە نموونەی لەبار هەڵبژێرە یاخود ئازاد بە لە سازکردنی نموونەی دیکەی گونجاو. داوا لە فێرخواز بکە بۆ چەند خولەکێک گفتوگۆ بکەن چۆن چارەی ناکامی دەکەن و پاشان بۆ تەواوی پۆلەکەی باس بکەن. دەشتوانیت ڕۆڵوازی چەند نموونەیەکی ئەم لیستەی خوارەوە بکەیت.

**گریمان:**

- خۆت بۆ یارییەک ئامادە کردووە بەڵام هەڵنەبژێردرای.
- پێشبڕکێی حونجەکردنت لە فێرگە دۆڕاندووە؟
- دەبا لە کۆبوونەوەی فێرگەدا قسە بکەیت، بەڵام قسەکەت لە یادت نەماوە؟
- لە پێشبڕکێی چەرخۆکسواریدا بڕت نەکرد؟ (چەرخۆک: بایسیکل، دووچەرخە و سێچەرخە و ... هتد)
- نەکرا بچیت بۆ سینەما چونکە تایەی «گەڕۆک» (ئۆتۆمبیل)ـەکەتان پەنچەر بووە؟
- مافی یاریت لێ سەندرا چونکە ڕەفتارێکی نالەبارت کردووە؟

**ئەنجامگیری**

ئەمڕۆ فێربووین چۆن چارەی ناکامی بکەین. مرۆڤ خۆی ئارام دەکاتەوە، سەرنج دەداتە ئامانجەکەی خۆی ئایە ئامانجێکی دروستە، لە توانادایە. چارەی کێشەش بەکار دەهێنین بۆ دانانی پلانی گەیشتن بە ئامانجەکە. ناشبێت بە یەک ژێر کەوتن کۆڵ بدەین.

**بۆ ماڵەوە**

بڵاوکراوە: ئەرکی ماڵەوەی ڕاپۆرتی فێرخواز، ڕاپۆرتی دایکوباوکان.

- «چارەی ناکامی» وەک توانایەکی چڤاکی بکە سەردێڕ و فێرخواز بە هەنگاوەکانی لە وانەکەدا باسیان لێ کردوون، لیستەکە پڕ بکەنەوە.

## گواستنەوەی زانیار

داوا لە فێرخواز بکە دەربارەی کاتێک بنووسن کە هەستیان بە ناکامی کردووە چونکە نەگەیشتوونەتە ئامانج. داوایان لێ بکە ڕووداوەکە و ڕەفتاری خۆیان بنووسنەوە. پاشان داوایان لێ بکە پلانێک دابنێن بۆ گەیشتن بە ئامانجی نوێ. دەتوانیت ئامانجی ئەکادیمی بچووک بۆ فێرخواز پێشنیاز بکەیت، بۆ نموونە تۆمارکردنی نمرەیەکی بەرزتر لە تواناداۆزیی حونجەی ئەم هەفتەیە وەک لە تواناداۆزیی هەفتەی ڕابردوو یاخود دانانی پێنج هاوکێشەی ئەرکی ماڵەوە لە ڕیزێکی ڕاستدا.

## چالاکیی دیکە

داوا لە فێرخواز بکە لە چیرۆکی داهێنانی گڵۆپی «تۆماس ئەدیسۆن» بکۆڵنەوە: چەند جار کەوتووە پێش ئەوەی بگات بە ئامانجی دروستکردنی گڵۆپێک کە ئیش بکات. داوایان لێ بکە لە مرۆڤی ناوداری دیکەی پێداگر بکۆڵنەوە کە شکەست لێیان نەبۆتە بەربەست.

## بەشی سێهەم – جڵەوگرتنی تووڕەیی

## وانەی چوارەم: سکاڵا

**چەمک**

ڕەفتاری دابڕانە پێویستە بۆ سکاڵاکردن.

**چەمکی زمانەکی:** سکاڵا، دابڕ.

**ئامانج**

فێرخواز بتوانن:

- لە کاتی سکاڵادا هونەری دابڕانەی وەکوو ڕێک ڕاوەستان، ڕووکردنە بەرانبەر و بەکارهێنانی تۆنێکی دەنگی هێمن و دابڕ، بەکار بێنە.

**پێداویستی**

- پۆستەر: «چارەی تووڕەبوون»، «چارەی کێشە».
- کاخەزی پۆستەر و پێنووسی مارکەر.
- بڵاوکراوە: ئەرکی ماڵەوەی ڕاپۆرتی فێرخواز، ڕاپۆرتی دایکوباوکان.

**ئامۆژگاری بۆ مامۆستا**

دەشێت مرۆڤ لاواز بێت لە هێنانەدی داواکارییەکانی خۆی چونکە وەکوو پێویست سکاڵای خۆی ناکات. مرۆڤ گەر گوتەی توند و ڕەفتاری نابەجێی هەبێت سکاڵاکەی بۆ ناچێتە سەر. گەر سکاڵا بە ڕێکوپێکی ڕوون بکرێتەوە زانیاری گرنگ دەدات.

ڕوونی بکەوە کە مرۆڤ دەتوانێت بە شێوەیەکی دابڕ بەڵام دۆستانە باسی کێشەیەک بکات و باشترین دەرئەنجام لەم جۆرە هەڵوێستەوە وەدەست بێنێت.

### چیرۆک و گفتوگۆ

ئەمڕۆ فێر دەبین چۆن «سکاڵا» بکەین، یاخود چۆن نارەزایی خۆت بۆ کەسی بەرانبەر ڕوون بکەیتەوە.



فۆتۆکە پیشان بدە. ئەمە «کاڵێ» یە. کاڵێ ڕۆژانی شەممە دەچێتە ڕاهێنانی فوتبۆڵێن. لەوە دەچێت ڕاهێنەرەکەی لەگەڵ ئەمدا توندتر بێت. ڕاکردنی زیاتر و ڕاهێنانی تۆپی زۆرتر بە کاڵێ دەکات.

**1**- پێت وایە کاڵێ هەست بە چی دەکات؟ (دڵتەنگە، تووڕەیە.)

2- کێشەی نێو ئەم چیرۆکە چییە؟ (کاڵێ پێی وایە بێزار دەکرێت و بەیەکسانی مامەڵە ناکرێت لەلایەن ڕاهێنەرەکەیەوە.)

3- چارەی گونجاو چین بۆ ئەم کێشەیە؟ (دەکرێت کاڵێ هەستی خۆی بۆ ڕاهێنەرەکەی ڕوون بکاتەوە. دەکرێت هیچ نەڵێت. دەکرێت بچێتە تیمێکی دیکەوە.)

4- چی ڕوو دەدات ئەگەر...؟ بۆ هەڵسەنگاندنی چارە، داوا لە فێرخواز بکە هەنگاوی ژمارە 3 ی پۆستەری «چارەی کێشە» بکەنە بنەمای پرسیار و بەرسف.

5- کاڵێ بڕیار دەدات چۆنێتیی هەستی خۆی بۆ ڕاهێنەرەکەی ڕوون بکاتەوە. چ کاتێک بۆ کاڵێ باشە ڕاهێنەرەکەی بدوێنێت؟ (پێش یاخود پاش ڕاهێنان – کاتێک کە بتوانێت بەتەنها ڕاهێنەرەکەی بدوێنێت.)

کاڵێ بیر لە گوتەی خۆی دەکاتەوە کە دەیلێت پێش ئەوەی ڕاهێنەرەکەی بدوێنێت.

6- کاڵێ چی بڵێت؟ («هەست بە - - - - - - - - دەکەم کاتێک دەبێت هەوڵی زۆرتر لە یاریزانەکانی دیکەی نێو تیمەکە بدەم. پێم وانییە کارێکی ڕەوا بێت.»)

کاڵێ دەبێت «دابڕ» بێت کاتێک ڕاهێنەرەکەی دەدوێنێت، ئەمەش مانای ئەوەیە کاڵێ ڕێک ڕاوەستێت، ڕووی لە ڕاهێنەر بێت و هەستی خۆی بە شێوەیەکی هێمن و ڕاستەوخۆ بۆ ڕاهێنەر ڕوون بکاتەوە. هونەری دابڕبوون پێشان بدە و پاشان داوا لە فێرخواز بکە دووبارەی بکەنەوە.

7- بۆچی گرنگە بۆ کاڵێ دەنگی هێمن بەکار بهێنێت؟ (کاڵێ نایەوێت دۆخەکە خراپتر بکات. دەیەوێت ڕاهێنەرەکە ژیرانە قسەکانی وەربگرێت.)

ڕاهێنەرەکە ڕوونی دەکاتەوە و بە کاڵێ دەڵێت کە بۆیە توندترە لەگەڵی چونکە کاڵێ توانای هەیە ببێتە باشترین یاریزانی نێو تیمەکە. ڕاهێنەرەکە دەیەوێت کاڵێ هەوڵی زیاتر بدات. ڕاهێنەرەکە دەڵیت دەبا زووتر ئەم پەستانە ڕوون بکاتەوە.

8- دەبێت هەستی کاڵێ بەرانبەر ئەم زیادە پەستانە چۆن بێت؟ (شادە، نازۆیە.)

9- ئایا بیرۆکەیەکی باش بوو کاڵێ ڕاهێنەرەکی خۆی دواند؟ (بەڵی.) بۆچی؟ (چونکە کۆمەکی کاڵێی کرد هەڵوێستی بگۆڕێت دەربارەی ڕاهێنانی فوتبۆڵێن.)

وەرن چەند هەنگاوێک دەربارەی سکاڵاکردن بنووسینەوە. یەکەم هەنگاوەی کاڵێ چی بێت باشە؟ ڕێنوێنی فێرخواز بکە چەند هەنگاوێک ڕیز بکەن. ئەمانەش نموونەن:

1) خۆت ئارام بکەوە.

2) کات و شوێنێک هەڵبژێرە.

3) بیر لە گوتەی خۆت بکەوە.

4) دابڕ بە؛ ڕێک ڕاوەستە، ڕوو بکە بەرانبەر و بە دەنگێکی ڕوون و دابڕانە سکاڵاکەت بکە.

**ڕۆڵوازی**

چەند دۆخێک دەکەینە ڕۆڵوازی تێیاندا هەنگاوەکانی سکاڵاکردن پیادە دەکەین. سەرەتا، من لە بری کاڵێ سکاڵا لای ڕاهێنەرەکەم دەکەم. فێرخوازێکی دڵخواز هەڵبژێرە بۆ ڕۆڵی ڕاهێنەرەکە.

پێشانی فێرخوازی بدە. ڕۆڵی کاڵێ وازی بکە بە بەکارهێنانی هەنگاوەکان. سێ هەناسەی قووڵ هەڵبکێشە و بەخۆت بڵێ: ئارام بەوە. ئەمەم پێ چارە دەکرێ. پاش کاتی ڕاهێنان، ڕاهێنەر دەدوێنم. سەرەتا دەبێت بیر لە گوتەی خۆم بکەمەوە. دابڕانە بە ڕاهێنەری ئەکتەر بڵێ: ڕاهێنەری بەڕێز، هەست دەکەم من لەوانەی دیکە زیاتر فشارم لەسەرە، ئەمەش تووڕەم دەکات. ڕەوا نییە. پرسیارگەلی بیردانەوەی هەنگاوی ژمارە 4 ی پۆستەری «چارەی تووڕەبوون» بەکار بێنە.

ئەوجا سەرەی فێرخوازە. لەم لیستەی خوارەوەوە نموونەی لەبار هەڵبژێرە یاخود ئازاد بە لە سازکردنی نموونەی دیکەی گونجاو.

- هەڤاڵێک ئەرکی ماڵەوەت کۆپی دەکاتەوە.
- دایکوباوکت ناچارت دەکەن زیاتر لە خوشکەکەت کاری نێوماڵ بکەیت.
- هەڤاڵێک گاڵتە بە ناوەکەت دەکات.
- ئەو نمرەیەت نەهێناوە کە پێت وابوو شایەنی بووی.
- هەڤاڵێک پێ دادەگرێت لەسەر ئەوەی هەردەم یەکەم کەس بێت.

**ئەنجامگیری**

ئەمڕۆ فێربووین چۆن بە شێوازێکی دابڕانە سکاڵا بکەین ئەویش بە ڕێک ڕاوەستان، ڕووکردنە بەرانبەر و بەکارهێنانی دەنگێکی هێمن و ڕاستەوخۆ.

**بۆماڵەوە**

بڵاوکراوە: ئەرکی ماڵەوەی ڕاپۆرتی فێرخواز، ڕاپۆرتی دایکوباوکان.

- «سکاڵاکردن» وەک توانایەکی چڤاکی بکە سەردێڕ و فێرخواز بە هەنگاوەکانی لە وانەکەدا باسیان لێ کردوون، لیستەکە پڕ بکەنەوە.

**گواستنەوەی زانیار**

داوا لە فێرخواز بکە گوتەی خۆیان بنووسن و گفتوگۆی لەسەر بکەن بۆ باسکردنی سکاڵای ڕاستینەی ژیانی خۆیان.

**«یادی ئەمڕۆ»:** داوا لە فێرخواز بکە باس لە ئەزموونێک بکەن تێیدا سکاڵایان کردبێت بە بەکارهێنانی دەنگێکی هێمن و دابڕانە و داوایان لێ بکە باسی ڕووداوەکەش بکەن.

## بەشی سێهەم – جڵەوگرتنی تووڕەیی

## وانەی پێنجەم: با «هەنگاو بە هەنگاو» بەردەوام بێت

**چەمک**

بیردانەوەی تایبەت و بەرهەستی فێرخواز دەربارەی هونەرەکانی «هەنگاو بە هەنگاو» دەبنە یاریدەری گواستنەوەی ئەو زانیارە بۆ نێو ژیانی ڕۆژانەیان.

**ئامانج**

فێرخواز بتوانن:

- بە دەنگ و ڕەنگ بیرۆکە و هونەرگەلی «هەنگاو بە هەنگاو» پێشان بدەن.
- زانیاری «هەنگاو بە هەنگاو» لە شێوەی پرۆژەدا پێشان بدەن.

**پێداویستی**

- کاخەزی ڕەشنووس.
- کاخەزی کاری هونەری.
- هەمەجۆرەی کەلوپەلی هونەری.
- گشت وانە و پۆستەرەکانی بەرگی سێهەم.
- کاخەزی پۆستەر و پێنووسی مارکەر.
- نامەیەک بۆماڵەوە، نامەی ژمارە 6، «با هەنگاو بە هەنگاو بەردەوام بێت».

**ئامۆژگاری بۆ مامۆستا**

هونەری گواستنەوەی خوێندنی فەرمی بەرەو گەشەی چڤاکی- هەستەکی لە ژیانی ڕۆژانەدا، کارێکی گرنگە. لەمیاندا بەردەوام بە. مۆدێلی سێ بەشەی گواستنەوەی زانیار

بەکار بهێنە. کارتی ناساندنی وانەکان و هەروەها «**ڕێنامەی مامۆستا**» چەندین نموونە و پێشنیازیان تێدایە.

بڕیار لەسەر کات و شێوازێک بدە بۆ فێرخواز تا لەگەڵ یەکتر پۆستەرەکان باس بکەن. فێرخوازی دڵخواز کۆمەکت دەکەن لە کارەکانی نێو گرووپدا.

لەبەر درێژی وانەکە، دەتوانیت بە دوو بەش یاخود زیاتر پێشکەشی بکەیت، بەڵام نێوانیان لە دوو ڕۆژ پتر نەبێت.

**چالاکی**

ئەمڕۆ دوا وانەی «هەنگاو بە هەنگاو» دەخوێنین. هەرچەندە خەریکین وانە کارتەکان تەواو دەکەین، بەڵام هەتا کۆتای ساڵ بەردەوام دەبین لە باسی هەستەکانی خۆمان و باسی چارەی کێشە.

ئەمڕۆ، بە مەبەستی یادکردنەوەی هونەرە گرنگەکانی بەرنامەی «هەنگاو بە هەنگاو» چالاکییەکی تایبەت دەنوێنین. چالاکییەکە بیریشمان دەخاتەوە چۆن لە ڕێی بەکارهێنانی بەردەوامی هونەرەکانی «هەنگاو بە هەنگاو» کۆمەکی یەکدی بکەین.

فۆتۆکە پێشان بدە.



1. فێرخواز لەم وێنەیەدا خەریکی چین؟ (نیگار دەکێشن، پۆستەر دروست دەکەن.) ئەوان خەریکی دروستکردنی پۆستەرن تاکوو کۆمەکیان بکات ئەوەیان بێتەوە یاد کە لە وانەکانی «هەنگاو بە هەنگاو»-دا فێری بوون. ئێمەش پۆستەر دروست دەکەین.

2. ئادەی با پێکەوە بیرۆکەبارانەی لیستێک لەو خاڵانە بکەین کە لە وانەکانی «هەنگاو بە هەنگاو»-دا فێریان بووین. ئەمانە کۆمەکمان دەکەن لە دروستکردنی پۆستەرەکانماندا. بیرۆکەکانی فێرخواز بنووسەوە تا لە داهاتوودا بەکاریان بهێنن. گەر پێویست بوو، ئاماژە بدە بە کارتی وانەکان.

لیستی نموونە:

- ناسینەوەی هەست بەهۆی سەرەداوی ڕوخسار و لەش.

- دەرککردنی هەستی دژیەک.
- گوێڕادێرانی چالاکانە.
- دەربڕینی پەرۆشی.
- سەلماندنی جوداوازی.
- خۆئارامکردنەوە.
- چارەی کێشە.
- سازدانی ئاخاوتن.
- چارەی فشاری بەرانبەر.
- بەرگرتن لە جرپنیی دزی.
- بەرگرتن لە جرپنیی درۆ.
- چارەی تۆمەت.
- چارەی ناکامی.
- سکاڵاکردن.

هەر یەکەتان پۆستەرێکی خۆی دەربارەی هونەرێکی «هەنگاو بە هەنگاو» دروست دەکات. پۆستەرەکان بە وشە و نیگار بیرۆکە یاخود هونەرێکی سەرەکی پێشانی بەرانبەر دەدات، بۆ نموونە، دەشێت پۆستەرێک دروست بکەیت دەربارەی «کاری گرووپکاری»، «چۆن دەبیتە گوێڕادێرێکی چالاک» یاخود «گەڕان بە دوای سەرەداوی ڕوخساردا بۆ دیاریکردنی هەستی بەرانبەر». وەهای دابنێ خەڵک لە هۆڵەکەدا پۆستەرەکەت دەبینن. ئامانج ئەوەی ئەوان بتوانن چەمکێک یاخود هونەرێکی «هەنگاو بە هەنگاو» تێبگەن.

کاخەزی ڕەشنووس بەسەر فێرخوازدا دابەش بکە.

سەرەتا بەیەکەوە لەسەر پارچە کاخەزێک پلانی پۆستەرەکانمان دادەنێین. بە دەم پلاندانانەوە پێم خۆشە بیر لەم پرسیارانە بکەنەوە. (پرسیارەکان لەسەر تەختە بنووسە.)

- **ناونیشانی پۆستەرەکە چییە؟** نموونە: «چۆنێتیی خۆئارامکردنەوە» یاخود «چۆنێتیی سکاڵاکردن».
- **کامە وێنە کۆمەکت دەکات بیرۆکەکەت بگەیەنیت؟**
- **چ وشەیەک کۆمەکت دەکات تێبگەیت؟** هانیان بدە بیر لە ناونیشانێک بکەنەوە بۆ هونەرە هەڵبژاردەکەیان، بۆ نموونە لە پۆستەرێکدا دەربارەی بەرگرتنە لە جرپنیی دزینی پارە، ناونیشانی «گەر پارەی تۆ بایە هەستت بە چی دەکرد؟» گونجاوە.

پلانێک دابنێ بۆ شوێنی وشە و نیگارەکان. سکێچێکی سادە بکێشە. پاشان لە دیزاینەکەی دڵنیا و لە خۆت بپرسە: «ئایا بەرانبەر مەبەستم تێدەگات؟ هونەرەکەی «هەنگاو بە هەنگاو» پیادە دەکات؟»

کاخەزی نیگارکێشان بدە بە فێرخواز و ڕێگەیان بدە بە پێنووسی بۆیەدار و پێنووسی مارکەر بەکار بهێنن بۆ نەخشاندنی پۆستەرەکانیان.

داوا لە فێرخواز بکە گوتەیەکی کورت دەربارەی پۆستەرەکانیان ئامادە بکەن. پلانێک دابنێ بۆیان تاکوو باسی پۆستەر و گوتە کورتەکانیان بۆ هاوپۆلان بکەن و گەر بشکرێت لەگەڵ پۆلێکی سێی دیکەی فێرگەدا باسی بکەن.

داوا لە فێرخواز بکە فیدباک بدەن دەربارەی ئەوەی کە لە کارەکانی یەکترییەوە فێری بوون. دەتوانیت هانیان بدەیت بە ڕستەگەلی وەکوو «ئەمە کۆمەکی کردم - - - - - - - -»، «ئەم بیرۆکەیە بەکار دەهێنم بۆ - - - - - - - -» یاخود «ئەمەم بیر چووبۆوە، بەڵام ئێستا من - - - - - - - - -» دەست پێ بکەن.

پۆستەرەکان لە شوێنێکی وەها پێشان بدە بەردەوام لەبەر چاوان بێت بۆ ئەوەی هونەرەکانی «هەنگاو بە هەنگاو»-یان بیر بکەویتەوە و لە ژیانی ڕۆژانەدا بەکاریان بهێنن.

## ئەنجامگیری

پۆستەرەکانتان بیرمان دەخەنەوە کە چەندین بابەتی جودا لە وانەکانی «هەنگاو بە هەنگاو»-ەوە فێربووین. هونەرەکان کۆمەکمان دەکەن باشتر جێی خۆمان بکەینەوە لە فێرگە، لەماڵەوە، لە گۆڕەپانی یاری، لە هەموو شوێنێک!

## بۆ ماڵەوە

نامەیەک بۆ ماڵەوە، نامەی ژمارە 6 - با «هەنگاو بە هەنگاو» بەردەوام بێت.

## چالاکی زیاتر

داوا لە فێرخواز بکە فۆتۆی دیجیتاڵی پۆستەرەکانیان بگرن و لە سایتی ئینتەرنێتی فێرگەدا بڵاوی بکەنەوە.

«...»